# شیعر و زمانی ئینسانی

**چەند وتارێک لە سەر  ئاسەواری دین و سیمبۆلەکانی دینی لە شیعردا**

نووسینی:
**سلیمان قاسمیانی**

- لێکۆڵینەوە: شیعر و زمانی ئینسانی
- نووسەر: سلیمان قاسمیانی (کاکە)
- چاپی یەکەم، سالی 2011
- ئینتشاراتی هانا، سوید
- ژمارەی کتێب : ISBN 978-91-974809-6-3

Hanaförlaget
Box 62
42422 Angered / Sweden
Tel. 070-4441576

**بیر کەرەوە،**
**نە بەهەشتێک هەبێ و نە جەهەننەمێک...**
**بیرکەرەوە**
**نە وولاتێک هەبێ، نە ئایینێک!**
**نە شتێک هەبێ بۆی بکوژی،**
**نە شتێک خۆی بۆ بکوژی...**
**کارێکی دژوار نییە!**

**بەڵکوو بڵێی من گیرۆدەی خەیاڵم**
**بەڵام من تەنیا نیم**
**بە هیوام رۆژێک تۆش بێیە گەلمان و**
**جیهان وەکوو یەک بژی!**

***لە گۆرانی بیرکەرەوەی "جان لێنۆن"***

**ناوەرۆک:**

١- پێشەکی ............................................................. ٧
٢- پاڵاوتنی زمان لە ووشەی دژی ئینسانی........................٩
٣- ئایین و زمان.....................................................١٧
٤- حاجی قادری کۆیی و ناسیونالیزمی کوردی..................٢٧
٥- شیخ رەزا تالەبانی و ناسیونالیزمی کوردی...................٥٥
٦- ووشە و خواکانی...................................................٧٣
٧- خوا و لەشکری سیمبۆلەکانی لە شیعردا.......................٨٧

# پێشەکی

هونەر و ئەدەب هەم ئاوێنەیەکن بۆ ژیانی مرۆڤ ، هەم کەرەسەی خولْقاندنی ژیانێکی نویٚ و جیاواز. زمان ئامرازی دەربڕینی ئەدەبە. کاری رەخنەی ئەدەبی قورسایی خستنە لە سەرلایەنی جۆراوجۆری بەرهەمێکی ئەدەبی، وەکوو شێوە، ناوەرۆک، چوارچێوە، روانگە، زمان... هتد. کاتێک باسی زمان لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەکریٚ، زیاتر باس لە سەر زمانەوانی و چۆنیەتی بە کارهێنانی زمان، سادە و رەوان بوونی زمان، ووشک و رەق بوون، یان پاک و پەتی بوونە. ئەم لایەنانەی زمان لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەموویان شایەنی باسن بە هۆی ئەوەی هەریەکەی بە شێوەیەک کار دەکاتە سەر بەرهەمەکە.

ئەوەی کە لەم پەرتووکەدا باسی لێدەکریٚ لایەنی قوولْ و ئینسانی زمانە. زمان تەنیا ئامرازی قسە کردن و راگەیاندن بە گشتی نییە بەڵکوو خۆی لە خۆیدا پیشاندەری پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و جێگە و شوێن و پلەی قسەکەرەکانە لە کاتی دوواندنی یەکتردا. زمان بەو مانایە ئاوێنەی ژیانی کۆمەلایەتی و نرخە کۆمەلایەتییەکانە و دەسەلاتی سیاسی، کولتوری و پلەی سوننەت و ئایینمان لە کۆمەلگادا پیشان دەدا. ووشەکان پێمان دەڵین چۆن سەیری منداڵ بە گشتی دەکەین، چۆن لە گەڵ مرۆڤی کەم ئەندام و کەم بنیات مامەڵە دەکەین، چۆن لە ژن دەڕوانین، چۆن لە گەڵ سروشت و لە گەڵ حەیوان و گیان لەبەرانی سروشتدا دەجووڵێینەوە. هەمووی ئەم راستییانە هەر لە گەڵ کردنەوەی دەممان روودەکریٚ بەرلەوەی هەڵوێستێکی ووشیارانەمان سەبارەت بەو شتەی کە قسەی لە سەر دەکەین گرتبیٚ.

لەو شەش وتارانەی کە لێرەدا هاتوون، تەنیا وتاری شەشەمە کە لەوە پێشتر بڵاونەکراوەتەوە. هەر شەش وتارەکە پەیوەندیی مەوزووعییان بە یەکەوە هەیە بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە سەربەخۆ نەخوێندرێنەوە. لە راستی وتارەکان تەواوسەربەخۆن و بە یەکەوە نەبەستراونەوە بێجگە لەوەی لە خاڵی سەرکی هەموویان قامک دانان لە سەر پێداویستی پاڵاوتنی زمان لە ووشەی نائینسانی و مرۆڤ شکێنە. یەکەم باسی من لە سەر ئەم بابەتە بە ناوی ***"پاڵاوتنی زمان لە ووشەی دژی ئینسانی"*** لە گۆڤاری هانا، ژمارەی یەک، سالی ١٩٩٦، بڵاو کرایەوە. وتاری سێهەم لە ژێر

ناوی ***"حاجی قادر کۆیی و ناسیۆنالیزمی کوردی"*** و وتاری چوارەم ***"شیخ رەزا تالەبانی و ناسیۆنالیزمی کوردی"*** درێژەی باسە سەرەتاییەکە بەڵام لە هەمان کاتدا چاوپۆشی ناسیونالیزم لە نرخە سەرەتاییە ئینسانییەکانیش دەخاتە بەرچاو. وتاری شەشەم، ***"خوا و لەشکری سیمبۆلەکانی لە شیعردا"***، کە بە تایبەتی بۆ بڵاوبوونەوە لەم پەرتووکەدا ئامادەکرا، لە راستیدا درێژەی وتاری سێهەم و چوارەمە و هەر ئەوکات واتە ساڵی ٢٠٠٤ کەرەسەکەم کۆکردبووەوە بەڵام بە هۆی دەرنەهاتنی گۆڤاری هانا، بۆم تەواو نەکرا.

وتاری پینجەم ***"ووشە و خواکانی"***، ووتووێژێکی کەمێک فراوانترە و تەنیا لە سەر زمان بە گشتی نادوێ بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لەو وتارەدا هێندێک لە لایەنەکانی زمان لە ئەدەبدا، هەر لەو ڕوانگەوە کە پێشتر قسەی لێکرا، دەخرێتە بەرباس، بە پێویستم زانی کە ئەویش لەم پەرتووکەدا جێگەی بۆ بکرێتەوە.

ئەو وتارانەی کە لەوە پێش بڵاوکراونەوە، بێجگە لە راستکردنەوەی هەڵەی نووسین و دوو دەسکاری، هیچ دەسکارییەکی دیکەیان بە سەرنەهاتووە. دەسکاری یەکەم کە دەبێ باسی بکرێ، گۆرینی ناوی خدیجە بە عایشە لە وتاری ***"شیخ رەزا تالەبانی و ناسیۆنالیزمی کوردی"*** دایە. لە کاتی بڵاوبوونەوی وتارەکە بۆ یەکەمجار لە "هانا" دا بە هەڵە ناوی خدیجە لە جیاتی عایشە نووسرابو. دەسکاری دووهەم گۆڕینی سەردێڕی وتاری **"حاجی قادر کۆیی و ناسیۆنالیزمی کوردی"** و **"شیخ رەزا تالەبانی و ناسیۆنالیزمی کوردی"یە.** ئەم وتارانە لە ژێر عینوانی "ناسیونالیزم و شاعیرەکانی - حاجی قادری کۆیی" و "ناسیونالیزم و شاعیرەکانی- شیخ رەزا تالەبانی" لە گۆڤاری هانا دا بڵاوکرابوونەوە.

سلیمان قاسمیانی
١٢-١٠-٢٠١٠

# پاڵاوتنی زمان لە ووشەی دژی ئینسانی

زمان وەسیلەیەکە بۆ پەیوەندی گرتن بەینی ئینسان. زمان یارمەتیمان دەدا کە لە یەك بگەین و ویست و خواستی خۆمان دەربڕین. بەڵام زمان تەنیا وەسیلە نییە. زمان هەر وەها پلەی زانیاری ئینسان دەباتە سەر و دنیا فراوانتر دەکاتەوە. هەرچی زمانێك دەوڵەمەندتر بێ، هەر بەو رادەیەش ئیمکانی درکاندنی خواست و ویستی ئەو کەسانەی پێی دەدوێن زیاتر دەکات. زمان هەر وەها دابینکەری نیزامی دەسەڵاتدارە. ئەو ووشە بێ گیانانەی ئێمە لە هەستان و دانیشتنی رۆژانەماندا کەڵکی لێ وەردەگرین، لە راستیدا گیان دەبەخشن بە شێوەی ژیانی جۆراوجۆر.

ئەگەر لە نێو رووناکبیرانی کورددا تا ئێستا باسێک لە سەر زمان کرابێ، زیاتر لە سەر پاڵاوتنی زمان لە ووشەی بێگانە بووە و ئارەزۆی ئاخافتن بە زمانی پەتی کوردی. زۆر کەم لە سەر هەڵاواردنی زمان لە ووشەی کۆن و کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی قسە کراوە. زمانی کوردی ئێستاش نەیتوانێوە مۆری دەرەبەگایەتی لە نێو چاوانی بسڕێتەوە و کراسی کۆنی دەورەی فیودالی داڕنێ و بەرگی نوێی ئینسانی سەدەی ئەتۆم و تکنیك بە باڵای خۆی ببڕێ.

هەر وەك وترا، ووشەکان گیان دەبەخشن بە شێوەی تایبەتی ژیان. ووشەکان بیروباوەڕی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن. هەر دەورەیەکی کۆمەڵایەتی شێوەی تایبەتی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی خۆی هەیە.

لە سەرتاسەری مێژوودا هەمیشە دەسەڵاتدارانی حاکم بوون کە رێ و رەسمی ژیان و نۆرمەکانی کۆمەڵایەتیان دیاری کردووە. زمان، وەکوو ئامرازی پەیوەندی گرتنی بەینی مرۆڤ لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان و مەسەلەی دەسەڵاتی حاکم جیا ناکرێتەوە. لێرەشدا ئەوە بیروباوەڕ، بۆچوون و رەوشتی دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگایە کە زمانی رەسمی کۆمەڵ پێی دەدوێ. ووشەکان ئیتر بێ ئازار و سەربەخۆ نین بەڵکوو هەست و خوست و رەوشتی جەماعەتێکی کۆمەڵ دەردەبڕن و بەرژەوەندی چینێکی تایبەت دەپارێزن.

## ژنان و زمان

لە نیزامی پاتریارکالدا پیاو بە سەر ژندا زاڵە و پلەی کۆمەڵایەتی بەرزترە. پیاو دەسەڵاتداری ماڵە. ساحەبی دارایی و مڵك و ماڵ و منداڵە. ژن لە نیزامێکی ئاوادا لە پیاو بە کەمتر دادەنرێ، لە پیاو بە کەم ئەقڵتر دەزانرێ؛ حورمەتی ئینسانی ناپارێزرێ چون وەکوو ئینسانێکی تەواو بە حیساب نایە. "ژن" بوون یەعنی بێ پلە و پایە بوون، سووك بوون، بێ ئەقڵ بوون، پیسبوون...! تەنیا ئەرکی ژن لەم نیزامەدا سەرجێیی کردنی پیاو و کاری بێ ئەجر و لە بن نەهاتووی ماڵە و، مڵك و دارایی باوك و برا، یا شووەکەیەتی. ئەم وەزعە بە تەواوی خۆی لە زمانیشدا دەنوێنی. "ژن" لە نیزامی دەرەبەگایەتیدا هیچ حورمەتێکی ئینسانی نیە. "ژن" کەس نیە و کەسایەتی نییە. لە زمانی کوردیدا پیاو نەك هەر بە مەعنای ئینسانی نێرینەیە، بەڵکوو مەعنای ئینسان بە گشتیش دەدا. تا ئێستا کەس نەیبیستووە بڵێن "ژن نازانێ چ بکا..." کاتێ مەبەست لە ئینسان بە گشتییە، بەڵکوو دەگوترێ "پیاو نازانی چ بکا...". ئەوە هەر تایبەت بە زمانی کوردی نیە و لە زۆربەی زمانەکانی دیکەشدا ئەم مەسەلەیە دەبینرێ.

هەر وەك دەزانین وشەی "ژن" تەنیا یەك مەعنای نیە. هەم بە مەعنای جنسی موقابیلی پیاوە و هەم جنێوێکی زۆر گەورەیە کە لە بەعزە شوێنێك دەتوانێ خوێن بە پا بکات و سەر بە با بدات! جگە لەوەش زۆربەی هەرە زۆری جنێوی کوردی بە جۆرێك رووی لە ژن و جنسیەتی ژنە. کاتێ یەکێك بیهەوێ ئەوپەڕی نفرەت و بێزاری خۆی لە کەسێك دەربڕێ و بێحورمەتی بکات، فەوری خەزنەی ووشەی "دژ بە ژنی" زمانی کوردی، دەرگای دەکرێتەوەو "ژن" یا "خوشك" و "دایکی"

حەریف کون کون دەکرێ!

ژن بەشێك لە ماڵە و هەر بۆیەش بە پێی زمانی کۆن یا پەتی کوردی دەڵێن "ماڵ و منداڵ چونن؟". "ژن" ناوی نیە چون بۆ ئەوەی ناوت هەبێت دەبێ سەربەخۆ بی، "کەس" بی! بەڵام هەر وەك ووترا، "ژن" کەس‌نیە! کەسایەتی ژن لە فەرهەنگی دەربەگایەتیدا بێ مەعنایە! کێ هەیە لە ژنی ماڵ یا لە منداڵانی ناو ماڵی نەبیستبێ، "کەس لە ماڵ نیە" کاتێ پیاوی ماڵ لە ماڵ نەبێ! کەس‌بوونی ژن لەم فەرهەنگەدا بە مێرد یا باوك و براوە بەستراوەتەوە. هەر بۆیەش بە سەدان نێوی وەکوو "براژن"، "ئامۆژن"، "خاڵۆژن"، "خوشکێ"، "پووریێ"، "دادە"، "دایکی هانا" ... بانگ دەکرێ، بێجگە لە نێوی خۆی! ئایا جێگەی شەرم نیە کە پیاو بە شەریکی ژیانی، واتە هاوسەرەکەی بڵێ "ژنەکەم"، لە حاڵێکدا کە "ژنی من" جنێوە! کەسێک کە ژن بە ئینسانێکی بەرابەر لە گەڵ پیاو دادەنێ، بۆی نییە لەم ووشە کۆن و پیسانە لە ووتووێژدا کەڵك وەرگرێ. کەسێك کە ژن بە ترسەنۆك و ناتەواو و بێ ئەقڵ نازانێ، ناتوانی بە کوڕەکانی بڵێ: "خۆ تو کچ نی، بۆ دەگری..."، یان "رۆڵە، ئەوە کاری پیاوان نیە..."، یان "کوڕم تۆ پیاوی، چۆن دەترسی ..."!

## راسیزم، رەگەزپەرستی و زمان

بەشێکیتر لەم ووشانە بە ئاشکرا رەگەزپەرستانەن و دژ بە نەتەوە و گرووپی دینی و کۆمەڵایەتی دیکەن. "سورانی" خۆی لە "کرمانج" بە سەرتر دەزانێ و هەر بۆیەش "کرمانج" لە لای "سورانی" بە مەعنای دواکەوتوو و تینەگەیشتوویە! تەبیعیەکە ئەمە دەگەڕێتەوە سەر دەورەی خانخانی و عەشیرەگەری. هەر تیرەو تایفەیەك خۆی لەوانیتر بە سەرتر دەزانێ. ئەوەی کە ئەم ووشانە تا بە ئەمرۆش نەمردوون، پیشاندەری ئەم راستییەیە کە خەباتێکی ئەوتۆ لە مەیدانی زماندا بۆ ئینسانی کردنی زمان نەکراوە. "عەرەب" و "قەرەج" و نەتەوەو گرووپیتریش لەم دوژمنایەتییە و بە کەم دانانە لە زمانی کوردیدا بێبەش نەبوون. نموونەیەکیتر ووشەی "جوولەکە"یە.

هەر چەند ئەم ووشەیە لە ئەسڵدا بە مەعنای مووساییەکانە، بەڵام شۆونیزم و رەگەزپەرستی و بیر و باوەڕی دواکەوتووی ئایینی وایکردووە کە ووشەی "جولەکە" ئیتر تەنیا مەعنای نگاتیف و منفی هەیە و بەهیچ

جوريك ناگەڕێتەوە سەر ئەو مرۆڤانەی مووسا بە پێغەمبەری خۆیان دەزانن. وەختێ دەگوترێ "جوولەکە"، تەواوی ئەو نێو و نیتکە و خەسڵەتانەی کە بە جوولەکەوە چەسپێنراون، دەکەونە بیری ئینسان. "جوولەکە" یەعنی ترسەنۆك، دەوڵەمەند، سەقیل و چاوچنۆك! دەڵێن :"ئەوەی بە سەر من هاتووە، خوا بە سەر جوولەکەشی نەهێنێ". یەعنی مووسایی گوایە ئەوەندە خراپن کە هەرچی بەسەریان بێ، کەمەو جێگەی خۆیەتی! ئەم جۆرە بۆچوونانە لە بیروباوەڕی ئایینی و رەگەزپەرستانەوە سەرچاوە دەگرن و تایبەت بە زمانی کوردی نین.

موسولمان خۆی بە مرۆڤێکی پاکتر و سەرتر لەو خەڵکانە دەزانێ کە ئایینێکی تریان هەیە. ناسیۆنالیزم و ئایین لێرەدا بۆ یەکتری دەستێیننەوە و هاودەنگ ئینسانەکان لەیەك جیا دەکەنەوە؛ ئەم بە ئایین و ئەو بە سنوورەکانی میللی و نەتەوەییەوە.

کاتی دەڵێن "گاور بۆی موسوڵمان دەبێ" مەبەستی وێژەر زیاتر ئەوەیە کە پیشان بدا فلان کەس چەندە حاڵی خراپە. لەوانەیە وێژەر هیچ دوژمنایەتییەکی لە گەڵ خەڵکانی مەسیحی نەبێ یان لەوانەیە هەر نەزانێ کە بەم قسەیە بێحورمەتی دەکا بە مەسیحییەکان و جنێویان پێدەدا. هەر وەك لە پێشتردا ووترا زۆربەی ئێمە لە کاتی قسە کردندا بێ ئەوەی بیر لە مێژوو و ناوەروکی ووشەکان و مەسیلەکان بکەینەوە، هەر بە پێی عادەت کەڵکیان لێوەردەگرین. بەڵام ئەگەر بێین و لە ناوەرۆکی ووتەی "گاور بۆی موسوڵمان دەبێ" بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بە بێ ئەوەی بمانەوێ خەریکین لە دەهۆڵی ئیسلام دەدەین و خەڵکیتر بە هیچ و پووچ و خراپ لە قەڵەم دەدەین. ووتەی ناوبراو لە سەرەوە مەعنای ئەوەیە کە "گاور" ـ مەسیحی ـ بێرەحم و بێ ئینساف و بێ دڵە، بەڵام حاڵی فلان برادەرە موسوڵمانە ئەوەندە جەرگ بڕ و ناخ سووتێنەرە کە تەنانەت کابرای مەسیحی بێ بەزەیی و بێرەحمیش دڵی بۆی دەسووتێ و چون دل سووتانیش تەنیا لە موسولمان دەوەشێتەوە(!)، کابرای مەسیحی دەبێتە موسولمان.

هەر وەك ووترا لەوانەیە ئەو کەسەی ئەم قسەیە دەکا بە هیچ جۆرێك ئەو مەبەستەی نەبێ کە لێرە شیکرایەوە. گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئینسان بە بەکارهینانی ئەم جۆرە ووشانە، بیهەوێ و نەیهەوێ، کۆمەك دەکا بە زیندوومانەوەی لاشەی بۆگەنی بوونەوەرێك کە دەبوایە زۆر لەوە پێشتر بۆ هەمیشە گۆڕ کرابایە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە زمانی کوردی لە

بۆگەنی بیر و باوەڕ و هەڵویستی کۆنەپەرستانە، رەگەزپەرستانە، دژی ئینسانی و ئاینی رزگار بکرێت و حورمەتی ئینسان وەك ئەستێرەیەك لە هەموو ووشەكانیەوە بدرەوشێتەوە؟!

## حەیوانی بەستەزمان و زمانی ئینسان

حەیوانی بەستەزمانیش لە ژێر هوروژمی نیزامی چەوسێنەور و کۆنەپەرست، سەری بە سڵامەت دەر نەبردووە! بە دەگمەن حەیوانێك پەیدا دەبێ کە توانیبێتیەتی لە چنگی فەرهەنگی دەرەبەگایەتی رزگار بووبێت و بە پێی قازانج و زەرەری بۆ ئەو چینە خەسڵەتی پێ نە بەخشرابێ. تا ئەو جیگایەی دەگەڕێتەوە سەر تەبیعەت، هیچ حەیوانێك بە سەر حەیوانێکی دیکەدا فەخری نییە. هیچحەیوانێك نییە کە زەرەری بۆ تەبیعەت هەبێت و هەر کام لە جێگەی خۆی رۆڵی تایبەت و پێویستی لە پرۆسەی بەردەوامي ژیانی سروشتدا هەیە. هەڵۆ و چەقەڵ و قەل بۆ تەبیعەت هەر بە قەرا یەك بەنرخن! سەگ و رێوی و گورگ، مشك و کوند و کرم ... هەموویان وەکوو یەك لە زنجیرەی ژیانی سروشتي دا بەشیان هەیە. باسی زەرەر و قازانجی حەیوانەکان تەنیا لە پەیوەندی لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی تەسکی ئینسانی گیرۆدەی کۆمەڵی چینایەتییەوە مەعنا پەیدا دەکا. دواکەتوویی، ناشارەزایی و تێنەگەیشتنی ئینسان لە هۆی بەڵا و کارەساتی سروشتی و نەخۆشی جۆراوجۆر لە دەورەکانی رابردوودا، دەبووە هۆی ئەوە کە عیللەتی ئەو شتانە بە غەڵەت لە شوێنیتر بدۆزرێتەوە و بە سەر شتی دیکەدا بهێنرێ. حەیوانی بەستەزمان لێرەشدا بێبەش نەکراوە و زۆریان بەم تیرەش پێکراون.

ئەگەر کەسیك نووسەری چیرۆکی مناڵان بێت و خۆی لە قالبی فەرهەنگ و زمانی کۆن رزگار نەکردبێت، تووشی ژانە سەرێکی قورس دەبێ تا بتوانێ چەن حەیوان وەك قارەمانی چیرۆکەکەی هەڵبژێرێ. بە پێی ئەم فەرهەنگە، "سەگ" نەك هەر گڵاوە بەڵکوو خۆێریشە، کەوابێ بۆ قارەمانی چیرۆك نابێ. "مشك" پیسە و هەزار بەدبەختی و نەخۆشی بەدواوە ریز کراوە، کەوابێ ئەویشهیچ. "کوند" کە هەر بۆ باسکردن نابی چون سیمبۆلی مەرگە و وێرانی لە گەڵ خۆی دێنێ. "بەراز" کە لەویش خراپترە! خوا نەکا بە یەکێك بڵێی "دەڵێی بەرازی"! کەو هەر چەند جوانە و دەنگ خۆش، بەڵام نێوی بە خۆخۆر دەرچووە! ئەی "کەر" چی؟

محاذالله! مانگا ی بێچارەش کە بە نەفام نووسراوە و "گا"ش بە تەپ و حول!

ماوەیەك لەمەو پێش ئاشنایەك لە گەڵ خزمەکەی کە لە ئێرانەوە بە سەردان هاتبووەلای، میوانمان بوون. کوڕە پێنج ساڵانەکەمان مشکێکی دەستەمۆی سپی هەبوو کە زۆری خۆش دەویست. میوانەکەمان مشکەکەی پێ پیس بوو و هەوڵی زۆریدا بە کوڕەکەمان بسەلمێنێ کە مشکەکە لە باوەش نەگرێ، چونکە پیسە! کوڕەکەشمان ئەوەندەی دەیتوانی و ئەقڵی پێدەشکا جوابی دەدایەوەو دەیویست پێی بسەلمێنێ کە مشکەکە هەم خاوێنە و هەم جوانە. بەڵام میوانەکەمان دەسبەردار نەبوو و لە قسەی خۆی نە دەهاتەخوار. خولاسە میوان ئەوەندەی ووت کە مناڵ تووڕە بوو و قیژاندی بەسەریدا: "تۆ نابینی ئەو مشکە چەندە خاوێنە...؟ ها، سەیری لاقی بکە... نابینی چەندە خاوێنە؛ نابینی پیستەکەی چەندە نەرم و سپی و جوانە؟!... تو نازانی! مشکەکەی من لە تۆ زۆر خاوێنترە..."

دیار بوو کە میوان و مناڵەکەمان لە یەک نەدەگەیشتن! میوان بە پێی بۆچوونی ئایینی و کۆنی خۆیەوە نەیدەتوانی قەبووڵ بکا کە مشکە سپییە دەستەمۆیەکەی مناڵەکەمان، سەرەڕای پاك و خاوێن بوونی گیانی، پیسنەبێ! هەڵبەتە بۆ میوانەکەمان فەرقی نەدەکرد کە مناڵەکە لەجیاتی مشك، کایەی لە گەڵ سەگ یا بەراز کردبایە، چون بە پێی بۆچوونەکەی ئەو، ئەم حەیوانانە هەموویان هەر پیسن و ئەگەرهەزارجار بە ئاوی کەوسەریش حەمام درابان، لە پیسبوونیان کەم نەدەبووەوە!

***

دیارە کە لە گەڵ گۆڕانی شێوەی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵایەتی، زمانیش گۆڕانی بە سەردا دێ. بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی نییە کە خۆی لە خۆیەوە بێتە دی. تێکوشان بۆ وەدیهێنانی ئەم ئاڵوگۆڕە، شەرتی پیوێستی گوڕانکارییەکەیە! کەسێك کە خۆی دژی کۆنەپەرستی و بیروباوەڕی دژی ئینسانییە، دەبێ پێش لە هەموو شتێك، زەین و زمانی خۆیشی لە ووشەی کۆنەپەرستانە، دژ بە ژن و رەگەزپەرستانە، کە لە زماندا هەن، پاك بکاتەوە و لە ئاخافتندا کەڵکیان لێوەرنەگرێ. "ئینسانی کردنی" زمان، ئەرکی هەر ئینسانێکە کە دژی نابەرابەری و زوڵم و زۆر و نیزامی چەوسێنەر لە هەر چەشنێکیەتی. بنیاتنانی دنیایەکی ئینسانی و

ئازاد و بەرابەر، قەرار نییە دوای رووخانی حکومەتی دەسەڵاتدار دەست پێبکا. ژیان راوەستانی نیە و خەباتیش هەمیشە لە مەیدانەکانی جۆراوجۆری ژیاندا لەئارا دایە. کۆشکی دنیای ئازاد و بەرابەر دەبێ هەر لە ئەمرۆوە بناغەکەی دابنرێ، کەرەسەی پێویستی بۆ کۆ بکرێتەوەو بەرد بە بەرد بە پێی توانا لە سەر یەك دابنرێ. بەرەنگاربوونەوەی فەرهەنگی کۆن و دواکەوتوو؛ پاڵاوتنی زمان لە ووشەی بۆگەنی دژی ئینسانی بەشێکە لە بەردی بناغەی ئەو کۆشکەی کە مرۆڤی ئازاد قەرارە تێیدا وەحەسێت. ئەوە کاری هەر ئەمرۆیە و بە سبەینێ ناسپێردرێ.

* ئەم نووسینە یەکەم جار لە گۆڤاری "هانا" – ژمارەی یەک، مانگی ١١ ساڵی ١٩٩٥ دا بڵاو کراوەتەوە.

# ئایین و زمان

کۆمەڵگای چینایەتی مۆری حاشاهەڵنەگری خۆی لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئینسان دەدا. زمان کە خۆی یەکێك لە ئامرازەکانی پەیوەندی مرۆڤ لە گەل مرۆڤە، بە ئاشکرا رەنگی چینەکانی کۆمەڵی پێوە دیارە. زمانی باو، زمانی چینی حاکم و دەسەڵاتداری کۆمەڵە و مۆرکی بیروبۆچوون و فەرهەنگ و سیمبۆل و قەرارداد و نرخە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانی ئەوانی پێوەیە. دەسەڵاتی فیودالی، فەرهەنگی تایبەت بە خۆی هەیە بە نرخە ئینسانییەکانی تایبەت بە خۆی و زمانی تایبەت بەو فەرهەنگە. دەسەڵاتی بورژواییش‌هەر بەم جورە زمان و فەرهەنگی جیاوازی خۆی هەیە.

ئایین لایەنیك لە فەرهەنگی کۆمەڵگای چینایەتییە کە تەمەنی کورتتر لە ژیانی زمان نیە. ئایین وەکوو وەلامی ئینسانی دەستەوەستان بە بێچارەیی مرۆڤ لە بەرانبەر سروشت و تاڵییەکانی ژیان، پێ بە پێی گۆڕانی دەورەکانی کۆمەڵایەتی هاتووە و بەرۆکی ئینسانی بەرنەداوە. ئایین بە هۆی سروشتی ئیتاعەتی کوێرانە لە دەسەڵاتی موتڵەقی خوا، هەمیشە لایەنگری دەسەڵاتی حاکم بووە، سوێندی بە سەری دەسەڵاتداران خواردووە و بە نوێنەری خوا لە سەر زەوی ناساندوونی. هەر بۆیەش‌ئایین و دەسەڵاتی حاکم بە زەحمەت لێك جیا دەکرێنەوە.

دابەش‌بوونی کۆمەڵگا بە چین و توێژی جیاواز، بە قازانج و بەرژەوەندی لە یەك جیاوازە، لە خۆیدا دژایەتی، خەبات و تیکهەلچوونی بەردەوام لە نێو چینەکاندا پێك دێنێ. چینی بێ دەسەڵات و زۆرلێکراوی کۆمەڵ، ناتوانێ لە ژێر باری دەسەڵاتی چینی‌بالادەست بێتەدەر، بەر لەوەی فەرهەنگ و ئاداب و نرخەکانی زوردارەکانی بردبێتە ژێر پرسیار. زمانیش یەکێك لەو لایەنانەیە کە دەبێ لەوبارەوە گۆڕانی بەسەر دابێت و

لە گەڵ ژیانی ئینسانیئەمڕۆدا، لە گەڵ نرخە پێشرەو و ئینسانییەکان بێتەوە.

## بێحورمەت بوونی ئینسان

کاتێک کە ئینسان لە خۆیدا رێزی بۆ دابنرێت و نرخی بەرز بێت، ئەو کات ئیتر بۆ سەلماندنی هیچ شتێک پێویست بە شتێکی باڵاتر لە ئینسان خۆی، ناکات. ئینسانی بەڕێز، قسەکەشی بەڕێزە و بۆ ئیسپاتی هیچ شتێک پێویستی بە سوێندخواردن نیە. "بەخوا"، "بە قورئان"، "بە پێغەمبەر"، و هتد بەر لەوەی نیشانەی بەهێزبوونی ئایین بێت، بێ هێزی و بێ نرخ بوونی ئینسان لە کۆمەڵگادا پێشاندەدات. ئینسان دەبێ ئەوەندە رێزی بۆ دابنرێ و لە سەر قسەکەی حیساب بکرێ کە مەجبوور بە سوێندخواردن بەئەم و ئەو و بە تایبەت بەو سیمبۆلە ئایینییانە نەبێ کە بە ئاشکرا زمان و فەرهەنگی چینێکیترن و شایانی سڕینەوەن لە ئاخافتندا.

بە بڕوای من سوێند خواردن بە هەر شێوەیەك بێت هەر هەمان مانای هەیە واتە ئینسان، رێز و ئیحترامەکەی لە خۆیدا بڕ ناکا و بۆیە مرۆڤ بە ناچاری روو دەکاتە شتێکی ئەوتۆ، یا شتێکی بە دەر لە خۆی بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بکرێ. جا لێرەدا فەرق ناکا سوێند بە خوا بخۆی یان بە گۆڕی دایك و باوك یان بە گیانی خۆشەویستان. هەر وەك وتم دەبێ قسەی ئینسانێك لە خۆیدا کافی بێت. مرۆڤ کە دەمی کردەوە، دەبێ فەرز لە سەر ئەوە بێت کە راستی دەڵێت و هیچ لە هاونەوعەکەی ناشارێتەوە.

## ئینسانی زەلیل و بێ ئیختیار

"خواحافیز" ووشەیەکی زۆر ئاساییە کە لە رۆژدا هەزاران جار دێتە سەرزاری خەڵک. کەم کەس بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەم ووشە "بێزەرەر و زیان"ە ئیهانەتە بە ئینسان و توانایی خۆی لە بەرگری کردن و پارێزگاری کردن لە خۆی. ئەم ووشەیە هەر وەك مەزهەب خۆی، ئی ئەو سەردەمە کۆنە بە هەزاران ساڵ بەسەرداچووەیە، کە بەشەر لە بەرانبەر بچووکترین نەخوشیشدا کەنەفت و عاجز بوو و چی لە دەست نەدەهات. هەربۆیەش خوا و شیخ و ئەسحابەی بە پارێزگەر و حافزی خۆی دا دەنا. هی ئەو

سەردەمەیە کە بەشەر پێیوابوو هەتاو و ئەستێرەکان بە دەوری زەویدا دەگەڕێن و حەرەکە و بوون و نەبوونی هەموو شتێک لە جیهاندا بە دەست هێزێکی سەرووتر لە ئینسانە. ئایا کۆتایی پێهێنانی دیدارێك، قسەوباسێك، نامەیەك... دەبێ حەتمەن ئەم مۆرەی ئایین لە نێوچاوانی بدرێت؟

ئەمڕۆ ئیتر لە عەسری ئەتۆم و راگەیاندندا، "بە خواسپاردن"، بە "خدری زیندە" و "غەوسی گەیلان"، هیچ ناکرێ. ئێستا ئیتر نە "یا الله"، نە "ئەم و ئەو سوورەی قورئان"، نە "دەستی عەلی و عومەر" هیچیان زەمانەت و گارانتی هیچ شتێک نین. بۆ پاراستنی سلامەتی و ماڵ و حاڵ و زەمانەتی خۆ لە سەفەردا، ئەمڕۆ دەبێ رووبکەیە شەریکەی پارێزەری ماڵ کە "خدری زیندە" بە پاسەوانی بەردەرگاکەشی قەبووڵ ناکا!

ئایا جوانتر و شیرینتر نیە کە "لای تۆ خۆش" کۆتایی پێهێنەری راوێژێکی تەلەفۆنی بێت، و "کاتێکی خۆش"، "ژیانێکی شاد"، "بێ وەی بیت"، "تا دیدارێکیتر..." ببیتە دوا رەستەی دیدارەکان؟ دیارە کە پیاوانی (هەروەها ژنانی...!) ئایین ئەمەیان بە دڵ نیە و بە هەموو هێزیانەوە هەوڵی ئەوە دەدەن کە شوێنەواری ئایین بە گشتی لە زماندا نەکوژێتەوە و بیری نوێ و نرخی نوێ، زمانی "رەسەن" کۆڵەوار نەکات!

## هیوا و ئایین

لە روانگەی ئایینەکانەوە، ئینسان گیانلەبەرێکی بێ ئیختیار و دەسبەستەی قەزا و قەدەرە. بەپێی ئەم بۆچوونەهەر ئینسانێک هەر لە رۆژی لە دایك بوونیەوە چارەی نووسراوە و رێگەی دەرچوون و گۆڕانکاری لەو چارەنووسە نامومکینە! ئاکامی ئەم شتە دەبێتە ئەوەی کە ئینسان نەتوانێ لە پێشتردا لە هیچ شتێک دڵنیا بێت. ئەو مرۆڤە ئیتر ناتوانێ لە پێشەوە ساغ بێت لەسەر ئەوەی کە فلان کارە، فیسار ئاکامەی دەبێ، چون هەموو شتەکە پەیوەند دەدرێتەوە بە ویستی خوا و چارەنووسی ئەو ئینسانەی کە لێرەدا مەبەستە. هەر بۆیەش ئەو ئینسانە ناچارە دوودڵی خۆی، یان هیوای خۆی، بە خواستی "خوا"وە ببەستێتەوە و بە "ئینشاالله" ئەم رازە دەربڕێ.

"ئینشاالله" ووشەی ئەو سەردەمەیە کە مرۆڤ، هەموو شتێکی گرێدرابوو بە چۆنیەتی "رەحمەتی خوا" لە باران و هەور و هەڵا و سارد و سەرما، تا ووشکانی و قڕوقاتی و تاعوون و هەزاران مەرگ و

نەهاتیتر. ئینسانی ئەمڕۆ نەوەکو ئەوسا گیرۆدەی باران و سات و سەرمایە و، نە لە بەرانبەر نەخۆشییەکان و نەهاتییەکانی ئەو کات دەستەوەستان و زەلیلە. ئینسانی ئەمڕۆ بە دڵنیاییەوە دەتوانێ بڵێ مرۆڤ لە کورەی مانگ سەهلە، لە مریخیش دەنیشێ! دەتوانێ بە دڵنیاییەکی ٩٩,٩ لە سەتدا بڵێ هەوای بەیانی لە فلان شارە چۆن دەبێت. ئینسانی ئەمڕۆ ئیتر بۆ راگەیاندنی هیوا و ئاواتی خۆی پێویستی بە تێکلاوکردنی دەسەلاتێکی باڵا نیە و دەتوانێ زۆر بە ئاسایی لە جیاتی "ئینشاالله"، هیوای خۆی رابگەیێنێ.

"ئەگەر خوا بیهەوێ" و "خوا بکا" و "ئینشاالله" ئاوێنەی شك و دوودڵی ئینسانی سەردەمێکی دوورن بە خۆی، کە لە سایەی ئایین و دەسەلاتی چینایەتی کە لە ئایین وەك جیهانبینی خۆی کەلك وەردەگرێ، درێژە بە تەمەنی دراوە.

## بێبەشی و خۆبەدەستەوەدان

ئەوەی کە ئایین هەمیشە دەستی لە دەستی دەسەلاتدارانی حاکمدا بووە، لە کەم کەس شاراوەیە. ئایین بە ئینسان دەڵێت کە ئەوەی بە سەری دێت لە تاڵ و شیرین و خۆش و ناخۆش، ئاکامی چارەنووسێکی ئەبەدییە و مرۆڤ هیچی بۆ لەگەڵ ناکرێ. وەك دەڵێن "هیچ لە گەڵ کاری خوا ناکرێ". ئەوەی کە بۆ مرۆڤی زەلیل دەمێنێتەوە "شوکرانەبژێری" و "شوکر"ی خوایە. تەواوی ئایینەکان، بانگەوازی رازی بوون، و قەناعەت بە چارەی خۆ، بۆ ئینسان دەکەن. مەسیحییەت بە لایەنگرەکانی پێشنیار دەکات کە لە جوابی زللەیەك کە لە لای راستی رووومەتیان دراوە، لای چەپێ رووومەتیان بدەنە بەر دەستی زللەوەشێن! ئیسلامیش سەبارەت بە بێبەشی و هەژارییەك کە رۆژانە تووشی خەڵک دەبێ، داوا لە خەڵک دەکا کە دادگەری بە خوا و بە رۆژی قیامەت بسپێرن، واتە "شوکر"ی خوا بکەن و رازی بن بە قەزا و قەدەری خوا و کاری خوا مەخەنە ژێرپرسیار. "شوکر" و "بە ناشوکری ناڵێم..." فەلسەفەی ئیتاعەت لە حوکمی باڵادەست، فەلسەفەی خۆبەدەستەوەدان و بە دژ نەوەستان لە بەرانبەر هەژاری و بێبەشی بووە و ئێستاش هەیە. چینی دەسەلاتدارهەر بۆیە هەمیشە سەری رێز بۆ ئایین دادەنوێنێ و وەك کۆڵەکەی ژیانی خۆی دەیپارێزێ.

## كات و ئايين

ئەگەر بە دەست مەلاكانی عەهدی بووق، وەكوو تاليبانەكانی ئەفغانستان بووايە، ئەوا سەرتاپای ژینگەی كۆمەڵایەتی و ژیانی شەخسی ئینسان بە پێی قورئان و شەرعی محمدی، كە ١٤٠٠ ساڵ لەوە پێشبەسەر كۆمەڵگای ئەو دەمدا سەپێندرا، دابین دەكرا.

ئایین زمان و قەرارداد و كاتی تایبەت بە خۆی هەیە. تەبیعی‌یە كە لە روانگەی پیاوانی ئایینەوە، دەبێ هەموو شتێک لە ئایینەوە سەرچاوە بگرێ و بە ئایین كۆتایی پێ بێت. نان خواردن بە "بسم اللّه" دەس پێدەكرێت و بە "الحمدالله" و "خوایە بەزیاد بێت" كۆتایی پێ دێت.

نوێژ و رۆژوو لە پایەكانی دینن و ئایین ئەو ستوونانە بە هەموو هێزیەوە دەپارێزێ. ئەوە نەتەنیا نوێژكردنەكەیە كە گرینگە، بەڵكوو داسەپاندنی نوێژ و دام و دەزگاكەی لە زەینی خەڵكدا وەكوو شتێكی پێرۆز، حاشاهەڵنەگر و وەك بناخەیەكی كۆمەڵایەتییە.

هەر لەم رووەوەیە كە "مەلابانگدان"، "نوێژی بەیانی"، "نوێژی نیوەڕۆ"، "نوێژی شێوان"، "نوێژی خەوتنان" دەبن بە كاتژمێر و ئامرازێك بۆ پێوان و دیاریكردنی كاتێكی تایبەت. ئەوەی كە لە سەردەمی نەبوونی كاتژمێری میكانیكیدا، هەندێك دیاردەی سروشتی ئەم بۆشایەی نەبوونی ساعەتیان پڕدەكردەوە، تەنیا لایەنێكی مەسەلەكەیە. لایەنی بە هەمان رادە گرینگ، هەوڵی ووشیارانەی ئایینە بۆ سەقامگیركردنی رەوشت و عادات و روكن و قەراردادەكانی لە زەینی خەڵكدا.

"جەژنی قوربان" و "جەژنی رەمەزان" جەژنی دینین، بە هەموو سیمبۆلەكان و ناوەرۆكەكانیانەوە. ئەو كەسەی كە ئەم "جەژنە" جەژن دەگرێ و لە كەسوكار و هاوڕێ و هەواڵەكانی پێرۆزبایی دەكات، بیهەوێ و نەیهەوێ درێژە بە ژیانی ئایین و قەراردادەكانی دەدات.

## "خوا كوڕانت لێ نەستێنێ"

ئەوەی كە هیچ مەزهەبیك دڵسوزی ژنان نەبووە و نییە، لە هەموو

کەسنائاشکرایە. ژن، تازە ئەگەر پلەیەکی کۆمەڵایەتی لە نەزەر ئایینەوە هەبێ، لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە نزمترین پلەی کۆمەڵایەتی. جا ئیتر هەرچی بڵێین بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە، یان لە سەر سەریانە(!!) فەرقێك لە ئەسڵی مەسەلەکەدا ناکات. ئایین بە تەواوی پیاوسالارە و لە چاوی پیاوانی دەسەڵاتدارەوە سەیری دنیا دەکات. "بە دایکی کوڕان بی" ڕەستەی سەرزاری خەڵکە لە کاتی دیتن و چاك وخوشیکردن لەگەڵ یەکتردا. باوەڕ ناکەم کەس"بە دایکی کچان بیت"ی بیستبێت! ئەوەڵەن بە هۆی ئەوەی کە کچان هیچ پلەیەکی دڵخوازیان لە کۆمەڵگای پیاوسالار و ئایینیدا نیە کە دایکی بێچارە حەسرەتی نەبوونەکەی بخوات. ئەوە کوڕە کە تیرەی بنەماڵە درێژە پێدەدات و لە سەر میراتی دایكوباوك دادەنیشێت نەك کچ! دووهەمیش ئەوەیە کە ژنانی کۆیلە و ژێردەستەی ئایین و کۆمەڵگای چینایەتی دژبە ژن، ڕۆژێ هەزاران جار بە گوشت و پێست و خۆێنیانەوە، تەجرەبەی تاڵ و ژاراوی جەهەننەمی ژن بوون دەکەن و تەبیعییە کە خوازیاری کچ نەبن کە ئەویشهەر بە دەردی خۆیان بچێ!

"خوا کوڕت پێ بێڵێ" یان "خوا کوڕت لێ نەستێنێ" تەنیا تەعبیرێکن لەو ڕاستییە. کچ بۆ ئەوە نابێ لە خوا بپاڕێیەوە کە پێت بێڵێ و لێت نەستێنێ، چون ئەگەر لێشت بستێنێ گوایە خەمەکەی زووتر لە بیر دەچێتەوە و جێگەی بەتاڵی وەکوو کوڕ لەبەرچاو نابێت! یان ئەوەی کە کچ بەهەر حاڵ لە ماڵ دەستێنرێ، چون دەبێ شوو بکا و لەوماڵە بڕواتە دەر و دەبێتە کەسی ماڵێکیتر، واتە ساحەبێکیتر پەیدا دەکا و ئەوسا ئیتر مەسەلە و موشکیلەی ساحەبی تازەیە، چۆن لە خوا بپاڕێتەوە بۆ ئەو کچەی کە ئیتر کچ نیە! جا هەرچی هەندێك مەلای "چاوکراوەی" ئەمڕۆ سوێند و قورئان بخۆن کە محمد "کچی لە زیندەبەگورکردن" ڕزگار کرد، ئەو ڕاستییە ناتوانێ بشارێتەوە کە هیچ ئایینێك لە هیچ شوێنێکی دنیادا تێکووشەر و خەباتگێڕی ڕزگاری ژنان لە کۆیلەتی و ستەمی پیاوسالاری نەبووە. هیچ بزووتنەوەیەکی دینی لە هیچ وڵاتێکی ژێردەسەڵاتی سیاسی ئاییندا، هەڵگری ئاڵای مافی بەرابەری ژنان لە گەڵ پیاوان نەبووە! ئەخلاقیات و عادات و قەراردادەکانی دژ بە ژن لە وولاتانی ژێر سەیتەرەی ئایین، ئەگەر تەنانەت لە قورئان و ئینجیل و تەوراتیشدا بە تەواوەتی نەنووسرابن، عەمەلەن بوون بە بەشێك لە ئایین.
زۆرێك لە جنێوەکانی نێو زمانی کوردی باری سیکسی و پێس و دژی

ئینسانی و دژ به ژنیان هەیە. بەشێکی زۆر لەو جنێوانەش ڕەگەکەیان دەگەڕێتەوە سەر باوەڕی ئایینی سەبارەت بە خێزان و قەرارداده کۆمەڵایەتیەکان. "حەرامزاده"، لەوانەیە وەك ووشەیەکی بێ ئازار بێتە بەر گوێ! زۆر کەس لە کاتی تووڕە بووندا تەنانەت بە منالەکانی خۆیان دەڵێن "حەرامزاده". ئەم ووشەیە قەرارە ئاگری تووڕەیی دامرکێنێ! کەوابێ دەبێ ووشەکە لە خۆیدا زۆر بەهێز بێت تا بتوانێ ئەم کارەی لە دەست بێت. "حەرامزاده" ئیهانەتێکی گەورەیە لە فەرهەنگی ئایینی و پیاوسالارانە و فیئودالیدا. واتە بەرهەمی "بێناموس" کردن و "حەیا و شەرەف"ی بنەماڵەیەك بەبادادان! واتە منالی "ئیغتساب" و "تجاوز". ئەوەی کە منالی بێچارە چ گوناهێکی کردووە کەلە ڕووداوێکی ئاوادا هاتووەتە دنیا، نە بە گوێی دیندا دەچێ و نە بە گوێی نیزامی دواکەوتوو و پیاوسالار! بەڵام هەر وەك پێشتر وترا، دەردی گەورەتر تاوانباری ژنی بێ تاوان لەو بەینە دایە!

بە وتنی "حەرامزاده" ئەوە نەك هەر جنێوپێدراوەکەیە کە دەکەوێتە بەر تانە و توانج، بەڵکوو تیرێکیش دەهاوێژرێ بەرەو سینگی مەوجوودێك بە نێوی "ژن"، کە بە پێی ڕەوایەتی دینی "سواری بوون" یان کەسێك غەیری "ساحەبە دینیو قانوونییەکەی" نزیکی لە گەڵ کردووە.

هەمان شت لە ووشەی "بێناموس" و "بێ شەڕەف"یشدا دەگاتە گوێی بیسەر. "بێناموس" بە پیاو دەوترێ بەڵام دەگەڕێتەوە سەر ژنی بێچارە و ئالەتی جنسی ئەو! کابرا خۆی "بێناموسە"، خۆی کڵاو لە سەر خەڵک دەنێت و لە هیچ ناپاکی و نائینسانیەتییەك خۆ ناپارێزێ، بەڵام ئەوە "ژن"ەکەیەتی کە دەکەوێتە بەر چڵکاوی دەمی نەیارانی شووە بێ مەعریفەت و حوققەباز و نائینسانەکەی. بە ووتنی "بێناموس" ئەوە ژنی بێ گوناح و بێتاوانە کە ئیهانەتی پێدەکرێ نەك پیاوەکە. "بێناموس"ەکە لە ئەسلدا ژنەکە دەگرێتەوە و رابیتەی جنسی ئەو لە گەڵ کەسێکدا، جا بە ڕاست یان بە درۆ، دەخالەتێکی نارەوا و بێ چاو و ڕوویە لە ژیان و لە لەشی ژن و تەجاوزێکی دووبارەیە بە ژن.

"بێ شەڕەف"یش زیاتر هەر هەمان مانای "بێناموس" دەدات و هەر بەو ئەندازە دژی ژن و دژی ئینسانییە. هەڵبەت "شەڕەف" دەتوانێ مانای "شەڕەف"ی غەیرە جنسیش بدات. "شەڕەفی ئینسانی" باری جنسی نییە و فەرق دەکات. بەڵام لە کۆمەڵگای پیاوسالارو ئایینیدا ئەوە زیاتر لایەنە

دژی ئینسانی و دژ بە ژن بوونەکەیە کە باوە.

## ئایین و سیمبۆلەکانی لە هونەر و ئەدەبیاتدا

کاتێک شوێنەواری ئایین بە تیر و تەسەلی و پڕی لە زماندا خۆی دەنوێنێ، هەر بەونیسبەتەش لە هونەر و ئەدەبیاتدا کە زمان ئامرازی سەرەکی دەربڕینیەتی، خۆی دەخاتەبەر چاو. هونەر و ئەدەبیات ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوون و هەست و چێژ وهیوا و ئارەزۆکانی چینەکانی کۆمەڵگایە. ئەو چینەی کە ئایین هاودەست و پارێزەریەتی، زمان و سیمبۆلە ئایینییەکانیش لە هونەر و ئەدەبیاتەکەیدا بەکاردێنێ. هونەر و ئەدەبیاتێك کە قەرارە دژ بە دەسەڵاتی چینایەتی و بەشمەینەتی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگای ئینسانی بێتو، بیهەوێ کۆتایی بە چەوسانەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ بێنێت، ناتوانێ لە زمان و سیمبۆلە ئایینییەکان، کە بەشدارن لە بەردەوام بوون و ئەبەدیکردنی بێبەشی و چەوسانەوەی ئینسان، کەڵك وەربگرێ. من هەوڵ دەدەم کە لە ژمارەکانی داهاتووی هانادا وردتر لە سەر ئەم بەشە لەو باسە بدوێم و بۆچوونەکەم بخەمە بەر دەم خۆینەرانی بەڕێز.

## چ کەردەن ؟!

ئەمڕۆ تەنانەت پیاوی ئایینیش ناتوانن بە سواری کەر بچنە حەج! ئینسانی ئەمڕۆ بە پێی دەسکەوتەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تکنیکی، پلەی ژیانی خۆی دەباتە سەر و بە جۆرێکیتر ڕووبەرووی دنیا و ژیان دەبێتەوە. فەرهەنگ و باری کۆمەڵایەتی ئەو لایەنە لە ژیانی ئینسانن کە هەر وا بە خێرایی و پێ بەپێی ئاڵوگۆڕە ئابووری و تکنیکییەکان ناگۆڕێن و گۆڕانکارییان پەیوەندە بە لایەنی سیاسی و تێکهەڵچوونی بزوتنە کۆمەڵایەتیەکان لە گۆڕەپانی خەباتی هەمە ڕۆژەی نێو کۆمەڵگادا.

هێزی پێشرەوی کۆمەڵگا، هێزی رادیکال، ئەو هێزەی کە دەیەوێ سیمای ژیان بە سوودی زوربەی هەرە زۆری جەماوەری خەڵک بگۆڕێ، ئەو هێزەی کە بۆ یەکسانی و بەرابەری لە کۆمەڵگادا دەسووتێ، ئەو هێزەی کە دەیەوێ ئاسەواری چەوسانەوەی ئینسان لە ئینسان نەمێنێ و

دنیایەکی ئازاد و خۆش و بەرابەر پێك بێنێ، ناتوانێ و بۆی نییە بە زمانی چەوسێنەران، بە زمانێك کە بۆگەنی ئیهانەت و سووکایەتی و تەحقیری ئینسان و ئینسانیەتی لێ دێت، بدوێت! زمانی چینی پێشرەوی کۆمەڵگا، زمانی هێزی رادیکال دەبێ لە گەڵ ئارەزۆکانی یەکگرتوو بێت و بە بەرزی و خاوێنی ئاسۆکەی بێت. هێزی پێشرەو و مودێرن دەبێ تەواوی ئەو وشانەی کە ئیهانەت و سووکایەتی بە مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، ئەو ووشانەی کە ئاڵای ئایین و فەرهەنگی گەندەڵی پیاوسالارین لە زمانی نووسین و ئاخافتنی بخاتەدەر. ناکرێ باوەڕت بە حورمەتی ئینسان بێت و رۆژێ سەد جار بە خوا و پێغەمبەریك سوێند بخۆی کە باوەڕیشت پێی نەبێ! ناکرێ داواکاری دنیایەکی نوێ بین و بۆگەنی سەدەکانی سەرەتایی لە زمان و فەرهەنگدا رابگرین!

* ئەم نووسینە یەکەم جار لە گۆڤاری ”هانا“ – ژمارەی ١٤سالی ١٩٩٩ دا بڵاو کراوەتەوە.

# حاجی قادر کۆیی و ناسیونالیزمی کوردی

چیرۆکی له دایك بوونی نەتەوه تەمەنێکی هێنده درێژی نییه. هاتنه دنیای ئەم دیاردەیه پەیوەندی راستەوخۆی هەیه به سەرهەڵدانی بورژوازی له ناو جەرگی نیزامی دەرەبەگایەتی واته دەیەکانی کۆتایی دەسەڵاتی فیودالیزم. شتێکی سەیر نیه ئەگەر زۆر کەس به بیستنی ئەم قسەیه بپرینگێنەوه و به ناباوەرییەوه سەیری خاوەنی قسەکه بکەن.

هۆی کاردانەوەیەکی بەم جۆره دەگەڕێتەوه سەر پرۆپاگەندەی دەیان سالەی بورژوازی و تیوریسیەنەکانی و هەروەها کاردانەوەی تیوری ستالینیستی له سەر بوونی نەتەوه وەکوو دیاردەیەکی سەربەخۆ و"قائمبالذات". له سەردەمەکانی پیش‌سەرمایەداریدا، دەوڵەت هیچ کات نوێنەری قەومێك یان ئایینێك نەبووه. دەوڵەت لەو سەردەمەدا هێزی بەرگری له بەرژەوەندی فیودالەکان بوو و هەر فیودالەی خۆی خاوەنی دەسەڵات له ناوچەی ژێر رکێفی خۆیدا بووه. دەوڵەتی مەرکەزی له راستیدا پێکهاتبوو له هەزاران حکومەتی ناوچەیی، هەزاران جەزیرەو ئەمیرنشینی بچووك به یاسا و کولتور و زمان و زاراوه و جل و بەرگ و داب و نەریتی تایبەت به خۆ. پەیوەندی گرینگ لەم سیستەمەدا "خوێن" و

پیوەندی عەشیرەیی بوو. نە زمان، نە ئایین، نە جل و بەرگ هیچ کامیان ناسنامەیەکی گشتی بۆ خەڵک نەبوون و گرینگییەکی ئەوتۆیان لە ژیانی خەڵک لەو سیستەمەدا نەبووە بە هۆی ئەوەی کە سیستەمی ئابووری ئەو سەردەمە کە بریتییە لە بەرهەمهێنانی بچووکی ناوخۆیی، ئینسانەکان بەو جۆرەی کە دەبێ بە یەکەوە گرێ نادا و ئاسۆیەکی فراوانتری ئابووری و کولتوریيان پێشکەش‌ناکا. جووڵانەوەی ناسیونالیستی لە سەرەتادا، جووڵانەوەی بورژوازی تازەسەرهەڵداو بوو لە دژی فیودالیزم و رەسم و یاسای ئابووری و رامیاری و فەرهەنگییەکەی کە رێگەی لە گەشەی چینی بورژوازی دەگرت. بورژوازی ئەو کاتە خوازیاری لە بەین‌چوونی دەسەڵاتی ئەمیرنشین و حوکمە ناوچەییە کانی دەرەبەگە جۆراوجۆرەکان بوو کە بەریان دەگرت لە هاتوچۆی ئاسانی سەرمایە. بورژوازی ئەو کات و جووڵانەوەی ناسیونالیستییەکەی دژی ئایین و دەسەڵاتی ئایین بەتایبەت لە مەیدانی سیاسەت و پەروەردە و زانستدا بوو. بورژوزای ئاڵای نەتەوەی بەرز کردەوە تا بە کۆکردنەوەی خەڵک لە ژێر دروشمی یەك ناسنامە؛ کوتایی بە هەزار پارچەبوونی دەسەڵات و تەنگ و چەڵەمەی وەگیرهێنانی هێزی کاری ئازاد کە تا ئەو کاتە بە زەوەی و ئاغاواتەوە بەسترابوونەوە، کوتایی بێنێت. نەتەوە بۆ بورژوازی بەرگێك بوو بۆ رزگاربوون لە قەید و بەندەکانی ئابووری و سیاسی و حقوقی و ئایینی سەردەمی دەرەبەگایەتی.

کۆمەڵناسی بە ناوبانگ "ئێریك هابزبام" دەڵێ:

*"ئەوە ناسیونالیزم و دەوڵەتن کە نەتەوە دروست دەکەن نەك بە پێچەوانە."*

("نەتەوەکان و نەتەوەگەری"، ئیریك هابزبام Eric J. Hobsbawm، بە زمانی سویدی، چاپی ١٩٩٨)

نەتەوە دەسکردی جووڵانەوەی ناسیونالیستییە و جێخستنی ئەو دەسکردە، کاری دەوڵەتە. بۆ دروستکردنی نەتەوەیەك دەبێ مێژوویەك دروست بکرێ؛ دەبێ خەلکێك، سەلیقە و هەست و داب و نەریتی هاوبەشی بۆ دابنرێ؛ هەستی یەکبوون و جیاوازی ئەوان لە خەڵکانیتر، لەلای دابین بکرێ. خەباتی سیاسی تەنیا یەکێك لە مەیدانەکانی بە ئەنجامگەیاندنی ئەم پرۆژەی دروستکردنی نەتەوەیە. مەیدانی فەرهەنگ و هونەر مەیدانێکی بە هەمان ئەندازە گرینگ و تەنانەت کاریگەرتریشە! هەر لێرەشەوەیە کە

جێگەی حاجی قادری کۆیی بۆ ئەم نووسینە مانا پەیدا دەکات.

حاجی قادر کۆیی یەکێك لەو شاعیرانەیە کە جووڵانەوەی ناسیونالیستی کورد وەکوو مرۆڤێکی پیرۆز ناوی دێنێ و بایەخێکی تایبەتی بۆ دادەنێ. ئەوەی کە تایبەتمەندییەکی وا دەدا بە حاجی لەلایەن ئەم جووڵانەوەیەوە، نەك چەندوچۆنی لایەنی ئەدەبی و پوخت و پاراوی شیعرەکانی، بەڵکوو زیاتر بە هۆی بیری نەتەوەیی شیعرەکانی حاجی و کۆششی ئەو بۆ ساغکردنەوەو دامەزراندنی نەتەوەوەیە. حاجی قادر بە دوای "خانی"دا یەکەم شاعیری کوردە کە بە ئاشکرا لە هەستی نەتەوایەتی دەدوێ، هەڵوێستی سیاسی دەگرێ و خەڵک هان دەدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی.

شاعیریش وەك هەر دیاردەیەکیتری کۆمەڵایەتی پەروەردەی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا دەژی و هەڵگری ئایدۆلۆژیا و بیروبۆچوونی چینێکی کۆمەڵگایە. بەڵام هەروەك چۆن نەتەوە، بە مەعنای هاوچارەنووسبوون و هاوبەرژەوەندبوونی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایەك سەرەرای جیاوازی چینایەتی، ساختە و دەستکردی جووڵانەوەی ناسیونالیستییە، بۆیە ناسیونالیزم دەیگەیێنێتە پلەی بە پیرۆزبوون، بۆ ئەوەی قسە لێکردن هەڵنەگرێ و وەك بت لێدوان لە سەری ببێتە کفر؛ هەر بەم جۆرەش قارەمانەکانی جووڵانەوەکە بەپیرۆز دەکرێن تا کەس بۆی نەبێ هیچ گومانێك بکات لەسەر راستی و دروستی دەستکردەکەو ناسیونالیسم بە گشتی بخاتە ژێر پرسیار.

هەڵسووڕاوان و رابەرانی جووڵانەوەی نەتەوایەتی سەرەڕای هەر بەڵایەك کە بە سەر جووڵانەوە و جەماوەری خەڵکی کوردستانیان هێنابێ، ئێستاشهەر وەکوو وێنەی پیرۆز و بەڕێز ناویان لێ دەبرێ و رێگەی ئەوە بە کەسنادرێ بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری ئەم "پیرۆزانە" بکات. حاجی قادرکۆییشیەکێك لەو وێنە و کەسایەتییە بەپیرۆز کراوانەیە لە شیعری کوردیدا.

*"حاجی قادر راستگوی مەحزە، پەیکەرەی خۆبەخت کردنە.... سەردەفتەری گەردەنفیرازانە لە عاستی ترسو تەماعدا... لەو هەموو پەیوەندییانەی خەلق دەبەستێتەوە بە دونیا و جموجووڵیان پێدەکا وەك پوورە هەنگ، حاجی قادر لە تاکە یەك پەیوەندی زیاتر بە دونیاوەی نەبووە، ئەویش پەیوەندی خولیای وەتەنپەروەرییە لە هەموو روێکەوە.*

*خوشەویستی خاکی کوردستان و خەلقی کوردستان و ... هەموو شتێکی کورد... خولاسە بەخۆ وێران و نەفسبەزاندن پاڵەوانییە، قارەمانییە، گەورەییە.”*

("حاجی قادری کۆیی"، بەشی یەکەم، نووسینی مەسعود محەمەد، سالی ١٩٧٢، لاپەرەی ٥٦-٥٨)

ئا بەم شێوازە ئایینییە مەسعود محەمەد لە کتیبەکەیدا حاجی قادر بە نەوەی ئەمرۆ دەناسێنیّ؛ هەر بەوجۆرەی مەلاکان باس لە پێغەمبەر و ئەسحابەکانی دەکەن. ئیددیعاکان تا بلێی گشتین، نە بۆ رەدکردنەوە دەبن و نە بۆ پشتگیری لێکردن. "راستگویی مەحز" چییە و چۆن بەراورد دەکریّ و بە هۆی کام بەڵگە بەدەستەوە نەدراوانەوە کەسێك ئەم سیفەتەی دەخرێتە پاڵ؟! تازە ئەمە چی داوە بە شیعر و شاعیری حاجی قادرەوە؟!

ئەم پرسیارە بە هەمان جۆر "پەیکەرەی خۆبەختکردنە"ش دەگرێتەوە. "خۆبەختکردن" لە فەلسەفەی ئایینی و بورژواییدا بە مانای شتێکە کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیان و خودی ئینسانەوە نیە و "خۆبەختکەر" وەك شتێکی زیادە لە خۆی دەیکا. هەر بۆیەش ئەم "خۆبەختکەر"انە منەت دەکەنە سەر ئەو کەسانەی کە خۆبەختکردنەکە رووی لەوان بووە. هەرلەم روانگەوەیە کە جووڵانەوەی نەتەوەیی لە لایەکەوە خەڵک بانگەواز دەکا گیانیان فیدا بکەن بۆ جووڵانەوەکەی ئەوان و دواییش منەت دەکەن بە سەر خەلکەکەدا بە ناوی ئەوەی کە ئەوان فیداکارییان کردووە بۆ خەڵک نەك بۆ نانو نەوای خۆیان یان هیوای گەیشتن بە دەسەڵاتی ناوخۆیی و بەو مانایە ژیانێکی خۆشتر و دەوڵەمەندتر بۆ خۆیان.

"بەخۆ وێران، نەفسبەزاندن" کە دەبردرێنە پلەی قارەمانی و گەورەیی، ئەو بۆچوونەی لە سەر خۆبەختکردن باسی کرا، ئیسبات دەکا. ئەمانەش هەردوویان خەسڵەتێکن ئایینی و لە روانگەی ئایینییەوە مانا پەیدا دەکەن. ئەمانە لە ئەسڵدا هیچ پەیوەندییەکیان بە پلە و بایەخی شیعري و ئەدەبی حاجی قادر نەداوە. ئەم دوو خەسڵەتەش‌هەروەکوو ئیددیعاکانی پێشوو هەم شەخسین و هەم گشتین. ئەگەر قسەکە لە سەر بەراورد کردنی شەخسیەتی حاجی وەکوو "موسڵمانیکی راستەقینە" بووایە، ئەوکات دەکرا ئەم خەسڵەتانە لە بەرچاو بگیرێن و دووانیان لەسەر کرابایە. بەڵام ئەوەی کە لیرەدا گرینگە ئەوەیە کە پێشتر باسی لێکرا، ئەویش بە پیرۆزکردن و بە "بت" کردنی کەسایەتییەکەیە تا ئیتر مەیدانی قسە لە سەرکردن، مەیدانی خستنە ژێر پرسیار و مەیدانی رەخنە و رەدکردنەوە نەمێنێتەوە.

*"دەبێ وەك بۆ كارێكی مقدس دەكری، بۆ نووسین لە بارەی حاجیيەوە دەستنوێژێكی پێشەكی بشۆرێ و تۆبە و استغفار بكرێ. دەبێ ئەو زمانە لاڵ بێ كە لە ئاست حاجیدا بە خوار بگەڕێ. دەبێ ئەو پەنجەیە بشكێ و ریسوا بێ لە بارەی حاجیيەوە بە بێ ئەدەبی شت بنووسێ. دەبێ میللەت شەرم بكاتەوە لە خۆی كە هۆشی بەوە نەشكێ قەرزی حاجی بداتەوە و چاكەی بكاتەوە."*

("حاجی قادر..." بەشی یەكەم، نووسینی مەسعود محەمەد، لاپەڕەی ٥٩)

مەسعود محەمەد زۆر بە ئاشكرا و بە راهاتوویی فتوای ئیسلامی و نەتەوەییەكەی رادەگەیێنێ. فتوایەكەی ئەوەندە روونە كە ئیتر رێگەی هەر جۆرە گومان و سەرلێشێواوی لە لەشكری بەڕێوەبەری فەرمانی مەرگی شلكەر و لادەر ناهێڵێتەوە. هەر وەك وترا حاجی قادر دەچێتە ریزی مقدسەكانەوە و "ئینسانی پیرۆزی" ئاواهی، دیارە ئەو كات بۆ ئەوە نابێ قسەی لێ بكەی. بەڵام نوسخەكەی مەسعود محەمەد كاریگەرییەكی وای نامێنێ كاتێک كە رەخنەگر نە بڕوای بە مقدساتی ئایینی بێ و نە بە نوێژ و دەستنوێژ گرتن! نەوەی تازە بە خوێندنەوەی فتوای مەسعود محەمەد كە نزیك بە ٣٠ سال لەوە پێش دراوە، پێدەكەنێ و بە پێچەوانەی ئامانجی ماموستا، لە سەر لێكۆڵینەوە لە بەرهەمی شیعریی حاجی قادر و جێگە و رێگە كۆمەڵایەتییەكەی سوورتر دەبێ.

حاجی قادر بە پێی لێكۆڵینەوەی ورد و دوور ودرێژی مەسعود محەمەد لە سەدەی ١٩ی زایینی، نزیكەی ١٨٢٤ لە دایك بووە و سالی ١٨٩٧ كۆچی دوایی كردووە. حاجی قادر دەرسی مەلایەتی دەخوێنی و فێری زمانی عەرەبی و فارسی و توركی دەبێ. دوای تەواوكردنی دەرسی مەلایەتی دەگەڕێتەوە شاری كویە و چەند سال دواتر رێگەی ئیستەمبول دەگرێتە بەر و تا سالی مردنی واتە ١٨٩٧ لەوێ دەمێنێتەوە.

حاجی قادر پیاوێكی ئایینییە و دیارە وەكوو مەلایەك شیعرەكانی پڕن لە سیمبۆلی ئایینی و بیروبۆچوونی ئیسلامی و بە تەواوی وەفادار بووە بە ئایینەكەی. بەڵام هەستی نەتەوایەتی حاجی بەهێزتر لە هەستی ئایینییەكەیەتی. هەر ئەوەشە كە رێگە بە حاجی دەدا دژی دەسەڵاتی خەلیفەكانی عوسمانی دەنگی بەرز بكاتەوە و هاودین و هاوئایینبوون پێش بە نەتەوەخوازییەكەی ناگرێت. حاجی قادر سەرەڕای ئایینی بوونی، دژایەتی بووە لە گەڵ شیخ و صوفی و خانەقا و دەروێشەكانیشدا:

*خانەقا و شیخ و تەكیەكان یەكسەر*
*پێم بڵێن نەفعیان چییە ئاخر*
*غەیری تەعلیمی تەنبەڵی كردن*
*جە معی ئەملاك و خەزنە كۆ كردن*
("دیوانی حاجی قادری كویە"، لیكولینەوە و لیكدانەوەی سەردار حمید میران، كەریم مستەفاشارەزا، ١٩٨٦، لاپەرەی ١٨٥)

حاجی قادر وەك هەر نەتەوەپەرستێك بە سەر نەتەوەو رەگەزەكەی خۆیدا هەڵدەڵێ و لەو بارەوە هیچ لەوانیتر كەم ناهێنێت:

*خۆ دەزانن سولالەیی ئەكراد*
*لێرەوە بگرە تا دەگاتە قوباد*
*هەموو عالیم، هەموو شیخ و میرن*
*زیرەك و ژیر و ئەهلی تەدبیرن*
*شەهسوارن، پیادەیان ئازان*
*بەردی نیشان و كۆڵكی مەیدان*
*بە شوجاعەت هەموو وەكوو روستەم*
*بە سەخاوەت هەموو وەكوو حاتەم*
*گوردی شانامە پاكیان كوردە*
*كافی ئەم صافە كافی ئەو ووردە*
(دیوانی حاجی قادر، لاپەرەی ٢١١_٢١٢)

حاجی قادر لێرەدا خەریكە بە ئاشكرا مێژوویەك بە ناوی"كورد"ەوە دروست دەكا كە هەر نەبووە. ئەو مێژووەی كە حاجی قادر بە هەڵكوتان بە سەر "فیردەوسی" شاعیری ئێرانی و "شاهنامە"كەیدا خەریكە دروستی دەكا بە قەد مێژووەكەی فیردەوسی دەستكردە.

ئەوانەی كە چەند هەزار ساڵ لەوەپیش‌بە ناوی "ماد"، یان بە زۆر ناوی دیكە، لە جوغرافیای تایبەتی كوردستاندا ژیاون، قەوم، قەبیلە، تایەفە و عەشیرەی جۆراوجۆربوون كە بە زەحمەت زمانێكی هاوبەشیشیان بووبێت. "كورد" و "نەتەوەی كورد" بەو مانایەی ناسیونالیزمی كورد باسی دەكا، شتێكی تازەیە و هەروەك هەموو "نەتەوەكانی"تری دنیا

بەرهەمێکی نوێی ئەم دوو سەدەی دوایی ژیانی کۆمەڵگای ئینسانە. هابزبام وتەنی:

*"ناسیونالیزم وادەکا کە ئینسان بە دەرەجەیەکی ئێجگار زۆر باوەر بکا بە شتێك کە بە ئاشکرا راست نیە. بە وتەی (رنان) هەڵبەستنی مێژوو، بەشێکە لە هونەری بە نەتەوە بوون."*
("نەتەوەکان و ناسیونالیسم"، ئیریك هابزبام، چاپی ١٩٩٨ بە زمانی سویدی، ل ٢٣)

لە شیعری "لە گاوان و شوانی کوردەکان یەك"دا حاجی قادر لەوەش زیاتر تێهەڵدەچێ:

*لە گاوان و شوانی کوردەکان یەك*
*بەسە بۆ لەشکری صەد کەررە دوو لەك*
*فیدای جوتیارتان بێ حاتەمی تەی*
*بە قوربانی سەپانتان ئالی بەرمەك*
*مریشکی ئێوە صەییادی شەهینە*
*لە کن عەنقا فرووجە حاجی لەك لەك*
*شوانی مێگەلی کوردان لە شەڕدا*
*وەکوو قەصصابە، دوژمن مێگەلی شەك"*
(دیوانی حاجی قادر، لاپەرەی ٧١)

ئەوەی شیعری سەرەوە پیشانمان دەدات، لە خۆهەڵکێشانێکی تەواو فیودالی و بە هیچدانانی خەڵکانی "غەیرە کورد" زیاتر نیە. سیمبۆلەکان بە تەواوی دواکەوتووانە و تەنانەت دژی ئینسانین. حاجی قادر کوشتنی دوژمنانی نەتەوە دەستکردەکەی، بە سەربڕینی شەك، تازە ئەویش مێگەلەکانی دەچوێنێ!
یان:

*ناگەن بە حیز و رێگری ئێمە لە موڵکی رۆم*
*عەللامەیی ویلایەت و شێخی ویلایەتی*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٧)

لە نەتەوەکەی حاجی قادردا "حیز و ڕێگر" کە پلە نزمترین و بێ بایەخترین کەسی نەتەوەکەنی، دیسانیش لەهەموو عەللامەکانی "دوژمن" بەڕێزتر و پڕ بایەخترن! تو بلێی لە ریزی خەڵکانی دەرەوەی ئەم نەتەوە دەستکردە، وەکوو هەموو نەتەوە دەستکردەکانیتر، لانی کەم هێندێك مرۆڤی بە نەرختر لە "حیز و ڕێگرەکانی" کورد هەبوونیان هەبێت؟! ئامانجی حاجی سەربەخویی کوردە و دەرچوونە لە ژێر دەسەڵاتەکانی عوسمانی و ئیرانیدا، بۆیەش بانگەوازی خەڵک دەکا بۆ یەکگرتن:

*تا ڕێك نەکەون قەبیلی ئەکراد*
*هەروا دەبنە خەرابە ئاباد*
*ئەنواعی میلەل لە گەورە تا چووك*
*خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووك*
*هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن*
*پامالی زەمانە، میسلی گەردن*
*گەر باعیثی ئەم دەپرسی کامە*
*شەرتێکە کە بۆ هەموو تەمامە*
*ئەو شەرتە بە کوللی ئیتتیفاقە*
*گەر مەرعەش و وانە گەر عیراقە"*
(دیوانی حاجی قادر، ل ١٩٩)

ئەو کوردستانەی حاجی بۆی تێدەکوشێ، کوردستانێکی پاشایەتییە لە ژێر ئاڵای ئاغا و میرەکانی کورددا.

*کوا والیی سەنەندوج، بەگزادەیی رەواندوز*
*کوا حاکمانی بابان، میری جزیر و بۆتان*
کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون
سولتانی موڵك و میللەت، صاحیبی جەیش‌و عیرفان
ئەم مەسئەلە مەشهوورە گەر قور دەکەی بە سەرتا
ئیکسیرە خاك و خۆڵی دەرماڵی گەورەماڵان
(هەمان سەرچاوە لاپەرەی ٨٦)

دیسان هەوای سەردەمی کۆن لە سەری حاجی دەدات و بۆ ئەمیرەکانی کۆن حەسرەت دەخوات. هەروەك لە پێشتردا باسی کرا، شاعیر خەریکە

مێژوویەك دروست دەكا كە تەنیا پەیوەندییەك كە بە ئەمرۆ هەیبێ، پەیوەندەی قەومی و عەشیرەیی ئەمیرەكانی سەردەمی كۆن بە ئاغاواتەكانی ئەمرۆی "كوردە"وەیە. حاجی دەیەوێ ئەو سەردەمە تاریكەی مێژووی مرۆڤایەتی بە سەردەمێكی رووناك و ئازاد و خۆش و بێ كێشەو بێنەوبەرەی كۆمەڵایەتی بە ئێمە بقەبلێنێ! لێرەدا هیچ باسێك لە كوشتوبڕی فیودالەكان یا كۆیلەدارانی بە ناو "كورد" یان "گورد"ی ئەو سەردەمە نیە! دنیا گوایە بەهەشت بووە و گورگ و مەڕی "كوردەكان" لە خێرو خۆشیدا لە گەڵ سەرۆكەكان و ئەمیرەكانیاندا ژیاون! ئەمە لە درۆیەكی مێژوویی واتر نیە و حاجی لەم ناراستییەدا تەنیا نیە و بەڵكوو وەستاكانی نەتەوەسازكەری باقی میللەتانی دیكەیشی لەگەڵدایە.

گیلنر، كۆمەڵناسیكیتر دەڵێ:

*"نەتەوەكان وەكوو شێوازێكی سروشتی و ئەزەلی بۆ دابەشكردنی ئینسانەكان، وەكوو چارەنووسێكی سیاسی دیاریكراو و زاتی، هەر چەند وەدرەنگ كەوتوو... نەبووە و ئەفسانەیە. بەڵام ناسیونالیزم كە هەندێك جار كەڵك وەردەگرێ لەو كولتورانەی كە لە پێشخۆیەوە هەبوون و دەیانكاتە هی خۆی، یان هەندێك جار نەتەوە دەدۆزێتەوە، وە زۆر جاریش كولتورەكانی پێشووتر لە بەین دەبات... بەڵێ ئەمەیان هەیە و واقعییە".*

("دەولەت، نەتەوە و ناسیونالیسم"، ئیرنیست گیلنر، چاپی ١٩٩٧، بە زمانی سویدی، ل ٧٠)

شیعری "لە رۆما كەوتە بەرچاوم" ئاخ و داخ هەڵڕشتنە بۆ سەردەمی ئیمپراتووری مادەكان، ئەو كاتەی "كورد" بە خەیاڵی حاجی، دەسەڵاتی بووە، شا و كاخ و ئەرتەش و برەوبیای بووە. حاجی لە كوتایی شعیرەكەدا هیوا و ئومید دەدا بە خوێنەرەكانی و "ئەمیرێكی بابان" دەكا بەو شای هیوایە لە سەردەمی نوێدا:

*ئەمیرێك ماوە پاشایە. گوتی: كێیە؟ گوتم شێرە*
*گوتی لێرە؟ گوتم لێرە! هەتا تاران و هیندستان*
*بە خۆی شێرە وەكوو ناوی، لە شەڕدا دوشمنئەندازە*
*تەمایان هەر بە ئەو ماوە جەمیعی خاكی كوردستان*

*هەچی جێگەی ئومێدمانە و ئەوی دڵ خۆش دەکا ئەمرۆ*
*کەسی دی لەو بە دەر نابێتە غەمخۆری گەلی کوردان*

(هەمان سەرچاوە، ل ٩٢)

یان :

*عەجەبا بۆچی ئەهلی موڵکی عیراق*
*ئیتتیفاقی بەدەل دەکەن بە نیفاق*
*بۆ ئەمیرانی غەیرە دەبنە گزیر*
*نەك لە خۆیان یەکێکی بێتە ئەمیر*

(هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٧)

حاجی قادر مەدحی ئاغاکان دەکا بە هۆی دەوڵەمەندی و دەست و دڵبازییان:

*کەسێ پیاوە کە دانێ وەك حەماغا*
*لە بۆ ئەبنایی جینسی نان و خوانی*
*وەیا خود وەك ئەمیناغا بە هیممەت*
*بکا بۆ قەصری میللەت پاسەبانی*

(هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧)

یان:

*حاکم و میرەکانی کوردستان*
*هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان*
*یەك بە یەك حافیظی شەریعەت بوون*
*سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون*
*سەیید و شێخەکان لە ترسی ئەوان*
*مونزەوی بوون و زاکیری رەحمان*

(هەمان سەرچاوە، ل ٢١٣)

ئەم شیعرەی سەرەوە لانی کەم یەك راستیمان بۆ دەردەخات ئەوێش یەکبوونی دەسەڵاتی دەرەبەگ و ئایینە. حاکمەکانی سەردەمی دلخوازی حاجی قادر، حافیظی شەریعەت و ئیسلام بوون و سەیید و شێخەکانیش خواپەرست و زاکیری خوا بوون!

حاجی بەڵێن دەدا کە ئەگەر کوردیش یەکگرتوو بوونایە دەیانتوانی وەکوو ووڵاتانی‌تر دنیا بگرنە ژێر رکێفی خۆیان. بۆ نموونە باسی ووڵاتی چین دەکات کە چوارسەد ملیۆن بوون بەڵام ژاپۆن کە بە زەحمەت دەگاتە چل ملیۆن، ووڵاتی چین داگیر دەکات و دەیکاتە خاك و دواییش دەڵێ:

*ئیتتحادی بە ئیتتیفاقی ئەنام*
*سوپەرە بۆ حەوادیثی ئەییام*
*کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن*
*پێکەوە پووش‌و ئاگر و نەوتن*
*بێ ئەگەر دەستی یەکتری بگرن*
*وەك سکەندەر جیهان هەموو دەگرن*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٨٨)

حاجی جیهانگرتنی ئەسکەندەری بە لاوە خراپ نییە، گلەییەکەی تەنیا ئەوەیە کە بۆچی ئەسکەندەر "کورد" نەبووە! داگیرکردن و کوشت وکوشتار و "بە تڕاندان"ی دنیا لە لایەن دەوڵەتەکان و دەسەڵاتەکانی ئەو کاتە، دڵی شاعیر ناسووتێنێ و هەستی هاودەردەی ئینساني ئەو نابزوێنێ. موشکیلەی حاجی زیاتر ئەوەیە کە بۆچی لەو"دنیا بە تڕاندان" و دابڕین و دنیاخواردنەدا، "کورد" وەکوو کورد دەستی نیە؛ بۆ دەبێ ژاپونی بتوانن چین داگیر بکەن و تەفر و تونای بکەن بەڵام، "کورد" ئەم توانایەی نەبێت.

*ئەنواعی میلەل لە گەورە تا چووك*
*خەمڵیوە مەمالیکی وەکوو بووك*
*دنیا بە تڕان دەخۆن و دەیدەن*
*هەر چۆنی مەرامیانە دەیکەن*
*هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن*
*پامالی زەمانە، میسلی گەردن*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٩٩)

## راسیسزم و بەکەم دانانی خەڵکانی‌تر!

حاجی شاعیری نەتەوەپەرستە. بە سووکگرتن و بە هیچ دانانی نەتەوەیتر و هەڵگوتن بە سەر باڵای نەتەوە و رەگەزی خۆ دا، بەشێکی

جیانەکراوە لەبۆچوونی رەوتە ناسیونالیست و رەگەزپەرستەکانە. حاجی قادریش لەم بارەوە کەمی نەهێناوە و بە تێکەڵکردنی خورافەی ئایینی و بەرچاوتەنگی نەتەوەیی، شوێنێکی تایبەتی بۆ خۆی لە شیعری کوردیدا و لە رەوتی میللی- مذهبیدا دەستنیشان کردووە. نموونە بۆ ئەم ئیددیعایە بۆچوونی حاجی قادر سەبارەت بە رۆمییەکان، واتە تورکەکانی عوسمانییە. حاجی بە هۆی نەفرەت و بێزاری خۆی لە دەسەڵاتدارانی تورك، هەرچی عوسمانلییە دەداتە بەر تیری توانج و بێزاری:

مەڵێن بێکارە بوو حاجی لە رۆما
ئەمن پیاوم لە نێو شاری ژنانم
(هەمان سەرچاوە، ل ٧٦)

دیارە حاجی "ژنبوون" لە بەر گەورەیی و رێز و حورمەتی ژنان بە کار نابا، بە پێچەوانە لە روانگەی فیودالی و ئیسلامییەوە کە ژن بە هیچ و پووچ و بێ نرخ دادەنرێ. حاجی تورکەکان بە ژن حیساب دەکا بۆ ئەوەی جنێوی دابێ. رۆمەکان لەوەشخراپتر، دەکرێنە جەماعەتی ئارەقخۆر و خۆشگوزەران، کوونی و بە گشتی زۆڵ:

*موقتەزای ئاب و هەوای خاکی دیاری رۆمە*
*ئەهلی سووتاوی مەیە، بەستەیی ئاوازی نەیە*
سالیکی ریخە ئەگەر شێخە ئەگەر مێخە، لەوێ
شێخە هەر کامی نەدا تا دەمرێ هەردەدەیە
هەر لە شا تا بە گەدا تووشی یەکێکی نابێ
لێی بپرسی بە حەقیقەت بڵێ: جەددم ئەمەیە
(هەمان سەرچاوە، ل ١٤١)

ناگەن بە حیز و رێگری ئێمە، لە موڵکی رۆم
عەللامەیی ویلایەت و شێخی ویلایەتی
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٧)

لە بیرمان نەچی ئەوەی کە مەبەستی حاجی یە تەنیا لایەنی نیگەتیفی مەسەلەکەیە. ئەمرۆ ئێتر ئارەق خواردنەوە و گوێ لە مۆسیقا راگرتن بەشێك لە ژیانی مرۆڤە و لە خۆیدا نیگەتیف نیە. شیعری "قسەیێکم" لە

لاپەرەی ١٤١ دا رەخنەگرتنە لە تورکەکان لە روانگەی ئیسلامییەوە. حاجی لێرەدا رۆمەکان بە سووتاوی مەی، شەیدای موسیقا و خوشگوزەرانی دەداتە بەرهێرش. ئەوە هەر تورکەکان نین کە دەکەونە بەر پلاری توانج و نەفرەتی حاجییەوە. ئەم قینە، نەتەوەیتریش دەگرێتە بەر:

*چینی ئاتەش پەرستن ئێستاکەش*
*گەبری بێ دین و هیندووی رووڕەش*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٨٦)

خەڵکی هیندوو روو رەشن، چون رەشپێستن و هیندوو. پێستی رەش دەبێتە هۆی بە سووکی چاولێکردن. ئەوەش راسیسزمی ئاشکرایە. یەکێك لەو خەڵکانەی بار و بارگنەی ژیانیان هەمیشە بە کوڵەوەبووە و لەوپەڕی هەژاریدا ژیاون، دۆم و قەرەجەن. ئەم شیعرەی خوارەوە نیشان دەدا کە حاجی چەندە بە چاوێکی سووك، سەیری ئەم خەڵکە هەژارو ماڵ بەکوڵەوە گرتووەوە دەکا.

مونقادی عەجەم، موطیعی رۆمن
*مەحکوومی خەرات و حیز و دۆمن*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٩٦)

ئیرانیش حیسابیکی چاکتریان لە گەڵ ناکرێ:

*یانە ئیرانییەك کە مەعلوومە*
*دایکی موتعە، باوکی مەوهوومە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٧)

واتە ئیرانییەکان دایکیان قەحبەیە و باوکیان نەناسراوەو هەر بۆیەش زۆڵن! هەمان بەڵا بە سەر جوولەکەکانیش دێت هەر چەن جوولەکەکان نەك وەکوو نەتەوە بەڵکوو گرووپی دینی دەژمێردرێن. هەرچەن جوولەکەکانی کوردستان کەمتر لە باقی خەڵک خۆیان بە کورد نازانن بەڵام مامەڵەی ئیسلامییانەی حاجی لە گەڵ ئەوان هەر وەك مامەڵەکەی لە گەڵ نەتەوەکانیتر دایە:

*جوو چ قەدری هەیە لە نێو کوردان*
*غەیری لێدان و جوێن و تێهەڵدان*
*حاڵەتی ژێردەستی هەروایە*
*نۆکەری کاری چاکی بۆ نایە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٥)

## قەتڵ وعامی ئەرمەنیەکان

ئەمرۆ ئیتر کوشتاری بە ملیۆنی ئەرمەنیەکان لە ساڵەکانی ١٩١٨-١٩١٤ ی زاییینیدا لە ژیر دەسەڵاتی ئیمپراتوری عوسمانی لە لاپەڕەکانی میژوودا نەقشی بەستووە و نەفرەتی گشتی کۆمەڵگای ئینسانی سەبارەت بەو کارەساتە وەحشیانە هەڵخراندووە. لە کۆتاییی ساڵەکانی دەسەڵاتداری عوسمانیدا کە هاوکات بوو لە گەڵ شەری جیهانی یەکەم، جینوسایدێك دژی مەسیحییەکانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خەلیفە ئیسلامییەکانی عوسمانی بەڕێوەچوو کە ئاسەواری تا جەرگی ناوچەکانی کوردستانیش پەلی کێشا. قوربانیەکانی ئەم کوشتارە لە پلەی یەکەمدا ئەرمەنیەکان و دوابیش ئاسۆرییەکان بوون. هەڵبەت کوشتارەکەی سالی ١٩١٨-١٩١٤دا تەنیا کارەساتی خوڵقاو دژی ئەم خەڵکانە نەبووە. لەوە پێشتریش چەندینجار گڕی ئاگری دژایەتی کوێری ئایینی دژ بەم دوو خەڵکە خۆش کرابوو و بە سەدان قوربانی وەرگرتبوو. کوشتاری ١٩١٤-١٩١٨ بەرزترین پلەی ئەم کارەساتە سەرسوڕهێنەرە بوو. ئەوەی کە بە سەر ئەرمەنییەکان لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی عوسمانییەکان چوو، شتێکی وا کەمتر لە جینۆساید و کوشتاری بە کۆمەڵی یەهوودییەکان لە شەڕی جیهانی دووهەم لە لایەن نازیستەکانی هیتلەرییەوە نەبوو!

راستە کە حاجی قادر لە سەردەمی قەتڵ وعامی ١٩١٨- ١٩١٤دا ئیتر فەوتی کردبوو بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە رووداوە کۆمەلایەتییەکان لە ناکاو ناخوڵقێن و ریشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆنتر و ئەو رێخۆشکەرییەی کە زۆر لەمەو پێشتر بۆیان کراوە و ئەو مەیدانەی کە بۆی فەراهەم کراوە. کوشتاری ئەرمەنییەکان کوشتارێکی قەومی بوو کە جەوازەکەی لە ئایین و مەزهەب وەرگرت. حاجی قادر وەك کەسایەتییەکی ئایینی پڕ بە پڕ ئەم ئەرکە ئایینییەی خۆی بە جێگەیاندووە و لە شیعرەکانیدا زۆر بە روونی

تۆوی ئەم دوژمنایەتی و رق و بێزارییەی دژی ئەرمەنییەکان بە تایبەتی و مەسیحییەکان بە گشتی چاندووە. شیعری "خاکی جزیر و بۆتان" نموونەیەکە لەو شیعرانەی کە حاجی قادر هاوکات قامك لە سەر هەستی کوێری ئایینی و هەستی نەتەوایەتی دادەنێ بۆ ئەوەی کوردەکان دژی ئەرمەنییەکان و عوسمانییەکان هەڵخرێنێ:

*خاکی جزیر و بۆتان، یەعنی ووڵاتی کوردان*
*صەد حە یف و صەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان*
*کامی کچ و هەتیوی شیرین بێ رایدەکێشن*
*هاوار دەبەنە بەر کێ، پەشمە دەخیل و ئامان*
*مەسجید دەبێتە دیرە، ناقووسیان موئەذذین*
*مەتران دەبێتە قازی، موفتی دەبێتە رەهبان*
(هەمان سەرچاوە، ل ٨٥)

هەروەك دەبینین حاجی لە لایەك داخی ئەوەی هەیە کە رێگەی خۆنواندن بە مەسیحی دراوە لە خاکی ئیسلامدا. ترسی ئەوەی هەیە کە مەیدان بە مزگەوت و ئیسلام تەنگ بێت و سفرەی ئیسلام و مەلا تەسك ببێتەوە. لە لایەکیتر هەرای حاجی بۆ ئەوەیە کە ئەرمەنییەکان، کە موسلمانیش‌نین، گوایە دەسەڵاتی سیاسی کوردستانیان دراوەتە دەست بەڵام کوردەکان خۆیان هیچیان نیە. هەر بۆیەش ناموس و شەرەف بەرز دەکاتەوە و کوردایەتی دەخرێتەوە بیر و لە تەپڵی ئیسلام دەدرێ تا "هەڕەشە"ی ئەرمەنییەکان نابووت بکرێ. حاجی خۆی ئەوەندە نەژیا تا بە چاوی خۆی ببینێ کە ئیمپراتوری عوسمانی و ئاغاواتەکانی کورد چون بانگەوازە ئیسلامی و ناموسیی و نەتەوەییەکەی ئەویان کردە ئاڵایان و نزیك بە یەك ملیۆن و نیو ئەرمەنییان بەوپەڕی بێرەحمی و بێ بەزەییەوە لە بەین برد.

شیعری "وا دیارە" هەر لە سەر هەمان مەوزووع دەڕوا. حاجی لە عوسمانییەکان توورەیە بۆ ئەوەی کە لە جیاتی کوردێك کەسێکی ئەرمەنییان بۆ مەقامێك دیاری کردووە و هەربۆیەش سەرزەنشتی کوردەکان دەکا کە بۆچی ئەم "حیزی و بێ ناموسیو بێ دینی"یە قەبووڵ دەکەن:

*بۆ کەیە ناموس و عار و، بۆ چییە ئیمان و دین*

*خاچ و ئینجیلی لە جێی تەفسیر و قورئان دادەنێ*
*مەدرەسە دەیکاتە جێی قێسسیس و رەهبان و کەشیش*
*بانگە ناقووسێ، لە تەکیەش پیری مەتران دادەنێ*
*بۆ کوڕی چاك و کچی شیرینی رایکێشێ بە زۆر*
*کوللی شار و دێهکەدە جاسووسی پەنهان دادەنێ*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٧٨)

## فەرهەنگی فیئودالی

*ئەهلی جەننەت نە شوان وگاوانە*
*صاحیبی فەن و عیلم و عیرفانە*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٨٦)

شوان و گاوان فەقیرترین بەشی کۆمەڵگای فیۆدالیین و دیارە لە چوارچێوەی ئەم نیزامە دا نەرخی کۆمەڵایەتیان زۆر نزم دەبێ. شیعرەکەی سەرەوە شایەد شتێکی زۆر نەڵێ بەڵام لانی کەم ئەوەمان پێڕادەگەیێنێ کە جەننەتی خواوەندی، جێگەی شوان و گاوان نیە چونکە دەبێ لەوە زیاتر بیت تا دەروازەی بەهەشتت بۆ بکرێتەوە.

لەوانەیە بگوترێ کە حاجی مەبەستی ئەوە نیە و دەیهەوێ بڵێ بەهەشتی ئەم دنیایە بە "گاوان و شوان" ساز نابێ. هەرچەند ئەگەر ئەوەش قەبووڵ بکەین دیسان لە ناشیرن بوون و دواکەوتووانە بوونی بیرەکە کەم ناکاتەوە، چونکە ئەوە خەتای گاوان و شوانی بێچارە نیە کە دنیا نەبووەتە ئەو بەهەشتەی حاجی داخوازی دەکا. گاوان و شوانەکە لەو دنیایەشدا بەشێکی زۆر زیاتریان نادرێتێ.

شێوەی بەرهەمهێنانی زاڵ لە کۆمەڵگای کوردەواری لە سەردەمی ژیانی حاجی قادر کۆییدا فیودالی بووە. ئایین لەو سەردەمەدا بەشێکی لێکنەپساوی دەسەڵاتی فیودالی بووە و مەلاکان ئایدیۆلۆگەکانی زەوینی و رووحانی ئەو سیستەمە بوون. هەر بۆیەشە کە ئایین بەو بەربڵاوییە خۆی لە ژیانی کۆمەڵگا و کولتورەکەیدا دەنوێنێ. لە مێژووی ژیانی مرۆڤ تا بە ئەمرۆدا کولتوری زاڵ لە کۆمەڵگادا هەمیشە کولتوری چینی دەسەڵاتدار بووە. حاجی قادریش لەم راستییە بەدەر نیە و مۆری کولتور و بەرژەوەندی چینایەتی بە شیعرەکانیەوە زەق و ئاشکرایە.

حاجی شاعیری رەعیەت و سەپان و ژێردەستەکانی کوردستان نیە، دەنگی ئاە و دەرد و رەنج و بێبەشی ئەوان لە ژێر سایەی ئاغا و دەرەبەگ و میرەکانی کوردستاندا نیە. حاجی ئەم دەردە هەر ناناسێ، نەك بە هۆی ئەوەی کە ئەو دەردە نەبووە، بەڵکوو بە هۆی ئەوەی کە حاجی ئەو دەردە بە رەسمی ناناسێ و پێی وایە کە ژیان دەبێ وابێ.
بە لای ئەوەوە رەعیەت دەبێ رەعیەت بێت و ئاغاش ئاغا. بە پێی کولتوری فیودالی و بۆچوونی ئایینی ئەمە قەزا و قەدەر و خواستی خوایە و خواستی خواش قسە کردن هەڵناگرێ!

حاجی قادر نەك هەر لە باری فیکرییەوە دۆستی ئاغاواتەکانی کوردستان بووە بەڵکوو دوست و خەمخۆرەکانیشی هەر لەو چینە بوون. حاجی قادر دەست و دڵبازی بە پیشەی ئاغاکان دەزانێ:

*کەسێ پیاوە کە دانێ وەك "حەماغا"*
*لە بۆ ئەبنایی جینسی نان و خوانی*
*وەیا خود وەك "ئەمیناغا" بە هیممەت*
*بکا بۆ قەصری میللەت پاسەبانی*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٤٦)

ئەم شیعرەش کە خۆی بە زمانی خۆی هاوار دەکا:

*ئەم مەسئەلە مەشهوورە گەر قوڕ دەکەی بە سەرتا*
*ئیکسیرە خاك و خۆڵی دەرماڵی گەورەماڵان*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٨٦)

*رەسمێکی قەدیمە، دەوری گەردوون*
*خەصمی نوجەبایە، هەمدەمی دوون*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٩٦)

واتە ئەوانەی کە لە رەگ و ریشەوە ئاغا و بەگزادە نەبن، ئەگەر بە شتێك بگەن دوونن واتە بێ نرخن. دونیا گوایە هەر ئی نوجەبایە و "نانەجیبەکان" بێ نرخ و بێ پایەن!

تەنبەڵی کاری حیز و بێ خێرە

دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە
(هەمان سەرچاوە، ل ١٨٧)

ئەوی موحتاجی نان و پیوازە
یا هەتیوبازە یانە مێ بازە
(هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩)

بە قسەی سادە برسی تێر نابێ
عەمەلە عیززی دین و دنیا بێ
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٥)

لە بیرمان نەچێ کە هەم لە سەردەمی ژیانی حاجیقادردا و هەم زۆر پێشتر لە سەردەمی ژیانی ئەودا جووڵانەوەی گەرم و فراوانی دژی فیودالی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و لە ئیراندا لە ئارادا بوون. حاجی وەك مەلایەك ناتوانێ لە جووڵانەوەکانی جوتیاری و دژی فیودالی، "مەرعەشی" یەکان، "حرووفی"یەکان، "بەکتاشی"یەکان ("حروفیە، تاریخ، عقاید و آرا"، روشن خیاوی، چاپ ٢٠٠٠، تاران) بێ خەبەر بێت، چون ئەم جووڵانەوانە وەك باوەر ئاڵای ئایینییان بووە و هەر رووحانییەك هیچ نەبێ بە ناوی جووڵانەوەی "کوفر و ئیلحاد" لە خوێندنی مەلایەتیدا لە گەڵ وجوودی ئەم جووڵانەوانە و بیر و بۆچوونیان ئاگادار بووە. حاجی قادر یان دەبێ زۆر لە دنیا بێخەبەربووبێت کە ئەم جووڵانەوە بە هێزە جووتیاری و دژی دەرەبەگایەتییەی نەدیبێ یان دەبێ بە ئاشکرا خۆی لێ گێل کردبێت.

## ژن لە شیعری حاجیدا

بۆچوونی حاجی قادر سەبارەت بە پلەو نرخی ژنان، بۆچوونێکی مەزهەبی و فیودالی و تەواو دواکەوتووانەیە. لەم روانگەیەوە ژن نەفام و بێ عەقلە:

*عەقڵەکی خوا داوییە گەر پیرەژن سەرفی بکا*
*دەستی روستەم با دەدا، توران لە ئێران دادەنێ*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٨٠)

لەم فەرهەنگەدا هەر ئیهانەیەکیش ئەگەر بتهەوێ بکەی بە دوژمنەکەت، لە ڕێگەی ئیهانەت بە ژنەوە دەکرێت:

*ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانێ*
*موحەققەق داکی حیزە، با بی زانێ*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٤٦ )

*لە بۆ ژن دێ لە کۆلان وەك سەگی هار*
*لە ژن هەڵدێ بە میثلی کەر لە خانێ*
*بڵێ بەو سەر کزۆڵەی کوزپەرستە*
*بە چاوی کلدراو و ریشی پانی*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧)

*ئەوانەی موڵکی خۆیان کردە دەوڵەت*
*وەکوو بت دەیپەرستن جەمعی میللەت*
میثالی ئێوە بوون یا خود وەکوو من
ئەوان بۆچی پیاو بوون، ئێمە وەك ژن
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٠)

*بووکی دنیا وەك دەڵێن وا بێ حەیا و بێ فەڕ نەبوو*
*هێندە دامەن هەڵکراو و حیز و ماڵانگەڕ نەبوو*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤)

بۆ حاجی قادر ژن تەنیا کونێکی نەرمە کە خۆی پێدا بکات و نیازی جینسییەکەی پێ دابمرکێنێ یان کاڵایەکی جنسی و موڵکێکە کە بۆ سەرکوتکردن و "سەرشۆڕکردنی" خاوەنەکەی دەتوانی لاقەی بکەیت. حاجی قادر لانی کەم بە دەیان ساڵ لە سەردەمی خۆی لەم بارەوە دواکەوتووترە. حاجی بە هیچ جورێك پێویستی نەبوو بۆ بیرێکی ئینسانیتر سەبارەت بە ئینسان بە گشتی و ژن بە تایبەتی لە ئورووپا ژیابایە. جووڵاونەوەی "حروفیە" کە بە دەیان هەزار شەهیدی لە عیراق و تورکیا و ئیرانی ئەو کاتە دابوو، لە بن گوێی حاجی قادر رووی دابوو.

## حاجی و موسیقا

حاجی هەر لە هەمان روانگەی ئیسلامییەوە بە توندی دژی مۆسیقا، دژی شەراب و مەی، دژی خۆشگوزەرانی و دژی ئەو کردارانەیە کە لە گەڵ دەقی قورئان و ئایین نایەنەوە. هەر لەم روانگەیەشەوەیە کەهێرش دەباتە سەر مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژ و بە "لۆتی" ناویان دەبا:

*ئەوانەی بێ شعور و گێژ و وێژن*
*موطیعی لۆتی خوێری و هەرزە بێژن*
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٣١)

عوسمانییەکان بە بڕوای حاجی خراپن چونکە لە دین لایان داوە و بە بڕوای حاجی دژی دینن. هەروەها سەرکوتی عوسمانییەکان دەکا چونکە بوونە فەڕەنگی و رێ و رەسمی فەڕەنگ واتە ئەوروپایان گرتووەتە بەر:

*موقتەزای ئاب و هەوای خاکی دیاری رۆمە*
*ئەهلی سووتاوی مەیە، بەستەیی ئاوازی نەیە*
*هێندە بێگانە لە ئیسلامن و ئەحبابی فەڕەنگ*
*موتتەقی دێوە لە لایان، موتەشەرریع شەوەیە*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٤٠)

شیعری "ئەو رۆژە" بەرەی مرۆڤایەتی دەباتەوە سەر کورد و دەڵێ کورد بنەچەی هەموو ئینسانە و دەیگەیێنێتەوە سەر کەشتی نوح:

*هەر سێ کوڕی کردیانە مەسکەن*
*ئەو جێ و مەکانە میثلی گوڵشەن*
*ئێستاکە جزیرە بێ موحابا*
*مەعموورەیی ئەووەڵە لە دونیا*
*ئەولادی صەحیحیان بە بورهان*
*کوردن لە مەکانی جەددی خۆیان*
*سوککانی بیلادی روبعی مەسکوون*
*"بالجملە" لەمانە مونشەعیب بوون*

(هەمان سەرچاوە، ل ١٩٥)

## ئایا دەکرێ بە پێوانەی ئەمڕۆ لە رابردوو رەخنە بگیرێ؟

مەسعود محەمەد هەروەك لە سەرەتای ئەم نووسینەدا باسی کرا لە پێشەوە فەتوای خۆی داوەو رەخنەگرتنی لە حاجی قادر بە کفر لە قەڵەم داوە و خوێنی رەخنەگری حەڵاڵ کردووە! بەڵام هیچ شتێك ناتوانی بەر بە چاوی تیژبین، تێڕوانین بە پێی بەرژەوەندی چینایەتی و بیری نوێ بگرێ، مادام کە ئەم جیاوازییە چینایەتییە لە کۆمەڵگادا لە ئارا دابێ و دانیشتووان و ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە بەشیان لە ناز و نیعمەت و داهات و بەرهەمی کۆمەڵ دا وەکوو یەك نەبێ. سرووشتییە کە بە چەندین چاو سەیری هەر دیاردەیەك لە کۆمەڵدا بکرێ. میژوو لانی کەم بە دوو جۆر دەگوترێتەوە، یەکیان لە روانگەی داراکانی کۆمەڵگاوە و یەکیتریش لە روانگەی نەداران و بەرهەمهێنەرانی نیعمەتەکانی سەرزەوییەوە.

ئاشکرایە کە لە کاتی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی نووسەرێك دەبێ ئەو سەردەمەی ناوبراو تێیدا ژیاوە و هەلو مەرجە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرچاو بگیرێن.

حاجی قادر بە پێی شیعرەکانی شاعیرێکی "فیودال- ناسیونالیست- ئیسلامی"یە. حاجی قادر ئینسانیکی نوێخواز نیە و تەنانەت شنەیەکیش لە بیری نوێی بورژوایی و دیموکرات وە باڵای بەرهەمەکانی نەکەوتووە. حاجی سەرخۆشی رابردووی قەوم و عەشیرەی "کورد"ە، ئەو رابردووەی کە لە خانخانی و ئەماراتی عەشیرەیی و ئاغاواتییەوە واتر نەبووە. داخ و سۆز و فرمێسکی حاجی قادری شاعیر بۆ ئەو دەورانە لە دەست چووەیە و هیچ شتێکی تازەتری ناوێ بەڵکو تەنیا دووبارە وەدیهێنانەوەی هەمان سیستەم و هەمان دەسەڵاتی کۆنی ئەماراتی عەشیرەیی و قەومی کوردییە.

*کوا والـیـی سەنەندوج، بەگزادەیی رەواندوز*
*کوا حاکمانـی بابان، میری جزیر و بۆتان*
*کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون*
*سوڵتانی موڵك و میللەت، صاحیبی جەیش‌و عیرفان*

(هەمان سەرچاوە، ل ٨٦)

بانگەوازی حاجی بۆ راپەڕینی خەڵکە، دژی ئیمپراتوری عوسمانی وبۆ پێکهێنانی حوکومەتێکی پاشایەتی و فیودالی بە سەروکایەتی "خانی بابان". ئایا دەکرێ لۆمەی حاجی قادر بکرێ بۆ تەبلیغ کردنی پاشایەتی و خانخانی؟ مەسعود محەمەد تەنیا یەکێکە لەوانەی کە جوابی رەد بەم پرسیارە دەداتەوە:

*"هێشتا کوردەواری بە هۆی فەلسەفەی تازە داهاتوو فێری جنێودان نەبووبوو بە دەرەبەگ و بورجوازی و کۆنەپەرستی تاکو حاجی قادریش لەو بەرەکەتە هەندێکی پێ گەیشتبا"*

("حاجی قادر..." بەشی یەکەم، نووسینی مەسعود محەمەد، ل ٣٣)

مەسعود محەمەد لە هەڵوێست گرتن تەنیا جنێودان دەزانێ. پێی وایە رەخنەگرتن و رەدکردنەوەی شتێك هەر بە جنێو دەکرێ! حاجی منداڵی سەردەمێکی زۆر تایبەتی لە مێژووی مرۆڤە. ئەو سەردەمە سەردەمی شۆرشە بەردەوامەکانی بورژوازی و کرێکاری بوو. پەنجا ساڵ پێش لە مەرگی حاجی، مانیفستی کۆمۆنیست بڵاو ببوەوە. ئەرووپا مەیدانی خەباتی نوێ لە گەڵ کۆن بوو. فیودالیزم لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا، لە مەیدانی بەرهەمهێنان و بازار، سیاسەت، هونەر، فەلسەفە، سیستەمی حقوقی و قضایی و... لە حاڵی گیاندان دابوو. نە تەنیا جووڵانەوەی دژی پاشایەتی و کومارخواز بەلکوو جووڵانەوەی سوسیالیستی و کرێکاری لە تەواوی ئەوروپادا لە گەشەدا بوو و بەرەنگاری بورژوازی ئەو کاتە دەکات. حاجی قادر لەو سەردەمەدا ژیاوە و لە کوێرە دێیەکی تورکیا یان کوردستاندا نەبوو بەڵکوو لە جەرگی ئیمپراتوری عوسمانی واتە ئیستەمبول دەژیا کە خۆی ناوەندێکی زۆر گرینگی سیاسی و ئابووری بوو و دەروازەی روژهەلات بوو بەرەو ئورووپا. حاجی قادر نائاگا نەبووە لە ژیان و بیری نوێ و ئەوەی کە لە باقی دونیادا لە کایەدا بوو.

*صەد قائیمە و قەصیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ*
*رۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان*
*بۆ فەننی حەرب و صەنعەت، بۆ ضەبط و رەبطی میللەت*
*دەینێرنە ئورووپا گەورە و بچووکی خۆیان*

(هەمان سەرچاوە، ل ٨٨)

حاجی دەزانێ لە ئورووپا چ خەبەرە و خەڵک بۆچی گەورەو بچووکی خۆیان دەنێرنە ئەوێ. موشکیلەی حاجی نەزانین نیە بەڵکوو ئەو هەڵبژاردنێکی ئایدیۆلۆژیکی و سیاسی دەکا و لە بەرانبەر بەرەی نوێخوازیدا رادەوەستێ. شیعری "ئودەبا چاکە" (ل ١٨٥) نیشان دەدا کە حاجی ئاگای لە دونیا هەیە، لە بورجی ئیفل، لە سەنعەت و تکنیك و خوێندەواری و عیلم و زانست دەگات بەڵام حاجی قادر هەڵبژاردنی خۆی کردووە و بەرەی ئیسلامی - فیودالی کردووەتە مەئوای خۆی. ئەوەی کە حاجی وەك "بەستەی ئاوازی نەی" و "سووتاوی مەی" و "ئەحبابی فەرەنگ" هێرشی دەباتە سەر، ئەوە پیشان دەدا کە بیری غەیرە دینی و شێوەی ژیان و گوزەرانی غەیری دینی لە پاڵ دەستی حاجیدا هەبووەو، خەڵکانی واهەبوون کە "فەرەنگ" و شێوەی ژیانی "فەرەنگی"یان، واتە شێوەی ژیانی نوێی دژی فیودالیان، رەچاوکردووە.

تەنیا شتێکی "فەرەنگ" کە حاجی قادر بە باشی دەزانێ و خەڵکی بۆ هان دەدا، فێری صەنعەت بوون و "یەکگرتن"ە:

*ئەی خەریکی رمووز و ناز و نیاز*
*ئەورویا فەننی گەیوەتە ئیعجاز*
*قوللەیی "ئیفل"ی لە ئەفلاکە*
*عەکسی ئەو گەردشی لە ژێر خاکە*
*ئەهلی جەننەت نە شوان وگاوانە*
*صاحیبی فەنن و عیلم و عیرفانە*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٨٦)

حاجی قادر تەنانەت یەك ووشە لە سەر مافی یەکسانی مرۆڤ، ئازادی بیرورِا، هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆنەپەرستانەی ئاغا و رەعیەتی، جودا کردنەوەی دین لە دەوڵەت کە هەمووی خواستی تەواو بورژواین و لەو سەردەمەدا لە هەموو کوچەو کۆلانەکانی ئەرووپادا دەنگیان دەدایەوە، ناکا چونکە باوەری پێ نین. حاجی وەختێك دەیهەوێ خەڵک دژی عوسمانییەکان هان بدا پێیان دەڵێ کە ئەوان فەرەنگییان خوش دەوێن و دژی موتتەقی و موتەشەرریع، واتە ووشکە مەلاکانن:

*هێنده بێگانه له ئیسلامن و ئەحبابی فەڕەنگ*
*موتتەفقی دێوه له لایان، موتەشەرریع شەوەیە*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٤٠)

هەر وەك وترا حاجی قادر مەجبوور نەبوو زمانێکی فەڕەنگی بزانێ و زۆر دوور بڕوا بۆ ئەوەی کەمێك له بیری نوێ و شۆڕشگێرانەتر بەهرە ببات. "شیخ بدرالدین" ("حروفیه، تاریخ، عقاید و آرا"، لاپەڕەی ٢٤٨) چوارسەد ساڵ پێش له لەدایکبوونی حاجیقادر به هۆی رابەریکردنی جووڵانەوەی دژی فیودالی له بازاری "سرز" له تورکیای ئەو کاتدا له دار درا. جووڵانەوەکانی "سەربەداران"، "پسخانیان"، "حرووفیەکان" و "مەرعەشی"یەکان، هەر له پاڵ دەستی حاجی قادر له ئارادابوون. شاعیرانی به ناوبانگ و ئینسانپەرستی وەك "حافظ"ی شیرازی و "عبید زاکانی" زیاتر له 3 سەدە پێش حاجی قادر دەژیان و له باری فیکری و ئینساندوستییەوە لانی کەم هەزار ساڵ له حاجی قادر له پێشتر بوون. حاجی پێویست نەبوو ببێته "هاینه"ی کوردستان، که له سەردەمی حاجیدا دەژیا، بەڵام تەبیعییه که چاوەروانی ئەوەی لێ بکەین که لانی کەم له شاعیرانی ٤٠٠ ـ ٣٠٠ سال پێش له خۆیەوە له باری نرخه ئینسانیەکان دواکەوتووتر نەبیت! تەنیا سەیریکی شیعرەکانی "حافظ" بکەن بۆ ئەوەی تەفاوەتی ئەم دوو شاعیرەتان بێته دەست. "حافظ" ئا بەم جۆره باسی تەفاوەتی ئاپینی مرۆڤەکان دەکات:

*همەکس طالب یار است، چه هۆشیار چه مست*
*همه جا خانه عشق است، چه مسجد چه کنشت*

واته هەموو کەس به شوێن خۆشەویستەکەیانەوەن، چ وریا و چ سەرخوش / هەموو شوێنێك ماڵی خوشەویستییه، چ مزگەوت بێت و چ کنیسەی مووساییەکان. جا وەره و ئەوه له گەڵ بۆچوونی حاجی قادر سەبارەت به مەسیحییەکان به گشتی و ئەرمەنییەکان به تایبەتی له کوردستان له شیعری "میری جزیر و بۆتان" دا بەرئاورد بکه! یان:

*یکیست ترکی و تازی درین معامله حافظ*
*حدیث عشق بیان کن بدان زبان که تو دانی*
("حافظ" غەزەلی ژماره ٤٦٩)

واته "لەم مەسەلەیەدا تورکی و عەرەبی هەر یەکە، کەوایە حافظ تو حدیثی خۆشەویستی بەهەر زمانێك کە دەزانی بڵێوە".
ئەگەر بۆ بەرئاوردکردنیش بوویێت سەیری بۆچوونی حاجی بکەین سەبارەت بە مەسەلەی زمان. حاجی قادر بە توندی هێرش دەباتە سەر ئەو شاعیر و نووسەرە کوردزمانانەی پێش خۆی کە بە زمانی فارسی یان عەرەبی شتیان نووسیوە:

*ئاخر ئەم عەقڵەیان هەبوو بۆیە*
*گەر سولەیمانییە وەیا کۆییە*
*بوونە ئوستادی فارسی و تازی*
*تا گەیشتن بە فەخرەکەی رازی*
*چونکە سەرمایە ماڵی خەڵقی بوو*
*وەقتێ مردن هەموو بە هیچ دەرچوو*
*وەك مریشکێ کە عەقڵی نەیهێنێ*
*بێت و هێلکەی مراوی هەڵبێنێ*
*وەك بگاتە کەناری جۆگەلەیەك*
*نایەتە شوێنی، بمرێ، جوجەلەیەك*
*جێی ئەمە ووشکە، جێی ئەوی ئاوە*
*تێدەگا قینگ‌دڕانی پێ ماوە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٣)

حاجی قادر هیچ ئەرزش و نرخێك بۆ نووسینی ئەو نووسەرانە دانانێ و راست و رەوان کارەکەیان بە "قنگدڕان" دادەنێ. بۆ حاجی هیچ گرینگ نیە کە ناوەرۆکی نووسینی ئەم شاعیر و نووسەرانە چی بووە. ئەسڵەن ئەوەی کە بەرهەمی نووسەرانی کوردزمان کە بە عەرەبی و فارسییان نووسیبێ، داخوا خزمەتیکی بە مرۆڤ بە گشتی کردبێ، بە لایەوە پووشێك ناهێنێ. موهیم بە کوردی نووسینە و خزمەت کردنە بە کورد. حاجی بە ئەندازەی تاڵە موویەکی "حافظ"ی شیرازی بۆنی ئینسانپەرستی و خوشەویستی مرۆڤ بە گشتی لە مێشکی نەداوە.
لێرەدا حەیفە باسی شاعیری پایەبەرز، شورشگیر و ئینساندوست "عمادالدین سید علی نسیمی" نەکەین کە لە سالی ٨٣٧ی زایینی بە وەحشیانەترین شێوە گیانیان لێ ئەستاند. ("حروفیە، تاریخ، عقاید و آرا"،

لاپەرەی ٢٧٠) "نسیمی"یان بە نێوی کافر و زندیق لە بەین برد. ئەو یەکێك لە هەڵسووڕاوانی جووڵانەوەی "حروفی" بوو کە "ئینسان" بە لایانەوە پیرۆزترین شت بوو، ئەوەندە پیرۆزکە هیچ شتێك ناتوانێ پاکانە بکات بۆ ئەزیەت و ئازار و سەرکوتکردنی. "نسیمی" مەحکوم بە مەرگ کرا. لە پێشدا بە زیندوویی پێستی هەڵدەکەنن، ئەمجار دەست و پێی یەك بەیەك دەبڕن تا گیانی لە دەست دەدا. دواییش ئاگر بەردەدەنە لەشی لەتلەتکراوی، بەڵام "نسیمی" تا کاتی گیاندانیشی ناڵەی لێوە نایەوە و لە بیر و باوەرە ئینسانییەکانی پاشگەز نابێتەوە! حاجی قادر هەر نەبێ لە خانەقاکاندا دەبێ ناوی ئەم ئینسانە گیانبەختکردووەی بیستبێت هەر وەك چۆن ناوی "حافظ" و "سعدی" و "فیردەوسی" بیستووە و شارەزای بەرهەمەکانیانە!

لەوانەیە بگوترێ کە حاجی قادر زۆر لایەنی پێشکەوتووشی هەبوون وەکوو دژایەتی زۆر توندی ئەو لە گەڵ شیخ و صوفی:

*ووشکە صوفی بڵێ بە شێخی تەرەس*
*با بە سەرما نەیێ میثالی هەرەس*
(هەمان سەرچاوە، ل ٦٦)

*خانەقا و شیخ و تەکیەکان یەکسەر*
*پێم بڵێن: نەفعیان چییە ئاخر،*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٨٥)

بە سەیرکردنێکی دیوانی شیعرەکەی حاجی قادر بۆمان دەردەکەوێ کە ئیددیعایەکی لەم چەشنە زۆر دەستکورتە. ئەم شیعرانەی خوارەوە نیشان دەدا کە دوژمنایەتی حاجی لە گەڵ شیخ و صوفی هەر لە چوارچێوەی بیری ئایینی دایە و شەڕەکە، شەڕی ناوخۆییە.
حاجی بۆیە شیخ و صوفی خۆش‌ناوێن چونکە پێی وایە ئەوان دژی دین و خوان، پێی وایە ئەوان موسولمانی تەواو نین و ترسی ئەوەی هەیە کە ئایین بە هۆی ئەوانەوە بێ قەدر و قیمەت بێت:

*حەزدەکەی تێ بگەی لە بێ دینی*
*ببە دەروێشی شیخەکان بە هەوەس*
(هەمان سەرچاوە، ل ٦٦)

لەم هەموو شیخ و موریدانەی ریا
فەردەکی ناچێتە مزگەوتی خوا
مەسجید و میحراب و مینبەر بێ کەسە
هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٢)

هەروەها دەبینین کە ئەم دوژمنایەتییە نەك لە گەڵ شێخەکان بە گشتی بەڵکوو لە گەڵ تاقمێکی تایبەتییە چونکە حاجی قادر لە شوێنیتردا مەدحی شیخ دەکات:

*ئەمن شێخم، سەرم شاخە، هەناسەم*
*نەسیمە، دیدەکانی، میزەرەم تەم*
(هەمان سەرچاوە، ل ٧٣)

*مەلا و شێخ و میر و پادشامان*
*هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٤٦)

*مەم و زین و دیوانی شێخی جزیر*
*گەلێ چاکن بە سەهلی بیننە گیر*
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٩)

*هەموو عالیم، هەموو شیخ و مییرن*
*زیرەك و ژییر و ئەهلی تەدبیرن*
(هەمان سەرچاوە، ل ٢١١)

*یەك بە یەك حافیظی شەریعەت بوون*
*سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون*
(هەمان سەرچاوە، ل ٢١٣)

## دواقسە

لە کۆمەڵگای ئەمرۆی کوردستاندا چەندەها جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی لە مەیداندان کە هەر کام بە شێوەی خۆیان خەریکی وەڵامدانەوەن بە کێشەی تا بەئەمرۆ چارەسەرنەکراوی نەتەوایەتی. ئەم جووڵانەوانە هەر کامەی بە پێی بەرەژەوەندی چینایەتییانەوە سەیری مەسەلەکە دەکەن و هەر لەو روانگەیەشەوە بۆی دەچن. هێزە ئیسلامیەکانی کوردستان بەشێکی جووڵانەوەی ناسیونالیستی ئەمرۆی کوردستانن. جیاوازی سەرەکی ئەمانە لە گەڵ هێزە ترادیسیونال- ناسیونالیستییەکانیتری کوردیدا، وەکوو حیزبی دیموکرات و یەکیەتی نیشتیمانی، لە پلەی یەکەمدا پشت بەستن بە ئایینەوەیە. یەکیەتی نیشتیمانی و حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ کات خوازیاری کورتکردنەوەی دەستی ئایین لە دەوڵەت و لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ نەبوون و بە هەزار شێوە پشتگیری هێزە ئایینی و سوننەتە کونەپەرستانە ئایینییەکانیان کردووە.
حاجی قادر، شاعیری ئەم جووڵانەوەیە، نەك بە هۆی ئەوەی کە لە

سەردەمی ژیانی ئەودا، بیر لەوە تیژتر نەچووبێ، بەڵکوو ئەو رێك و رەوان لایەن هەڵدەبژێرێ و دەچێتە بەرەی ناسیونال- فیودالەکانەوە. هەرچەند حاجی قادر ١٠٣ سال لەوە پێش ئێمەی بەجێهێشت بەلام بۆچوونە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی ئەو جیاوازییەکی لە گەڵ بۆچوونەکانی ئەو هێزە ناسیونالیستانەی سەدەیەك دوای ئەو لە مەیداندان، نیە.

لە راستیدا ئەوە زیاتر پێشاندەری دواکەوتوویی لە رادەبەدەری ناسیونالیزمی ئەمرۆیە. حاجی قادر تەبیعییە کە شاعیری ئەم جوولانەوەیە بێ و دیارە کە لە لای ئەوان و بە تایبەت لە لای جەماعەتی ئیسلامی، خۆشەویست و بەرێز بێ. بۆ کریکار و زەحمەتکێشی کورد و بۆ ئینسانی پێشرەوی ئەمرۆ، حاجی قادر هەر ئەو حیسابەی بۆ دەکرێ کە بۆ باقی قسەکەران و بیرەوانانی چینە داراکان دەکرێ: تێکدانی دونیای چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەست مرۆڤ و بنیادنانی دونیایەکی ئازاد و بەرابەر کە کەس لە کەس سەرتر نیە و هەموو مرۆڤێك وەکوو یەك بەرێزە.

دونیای ئارەزوی کرێکاری کورد لە گەڵ ئەو دنیایەی حاجی قادر و هاوچینەکانی ئەمرۆی ئەو دەیبینن عەرز و ئاسمان فەرقی هەیە. ئاسۆی ناسیونالیزمی ئەمرۆی کورد فراوانتر لە ئاسۆی جورج بووش، صدام حسین، ئاتاتورك یان مەلاکانی ئیران و ئەفغانستان نیە! ئەوەی کرێکاری کورد و ئینسانی ئەمرۆی کورد بە گشتی بۆی تێدەکۆشێ ئەو دنیایەیە کە "هاینە"ی ئالمانی و "ریبوار"ی شاعیری کومونیست لە کوردستان بۆی دەخوێنن.

* ئەم نووسینە یەکەم جار لە گۆڤاری "هانا" ژمارەی ١٧- ١٦ مانگی ١١ ساڵی ٢٠٠١ دا بڵاو کراوەتەوە.

# شیخ رەزا تاڵەبانی و ناسیۆنالیزمی کوردی

ناسیونالیزم وەکوو رەوتێکی کۆمەلایەتی، خولڤێنەری نەتەوەیە. کەرەسەی ساغکردنەوەی ئەم نەتەوەیە زۆر جار تێکەڵاوێکە لە جوغرافیایەکی دیاریکراو، ئایین، زمان و فەرهەنگ. رەوتی ناسیونالیستی، میژووی کۆنی قەومێك دەکا بە میژووی خۆی و سیمبۆلەکان و ئە ندامانی تیرە و تایفەی ئەو قەومە یا قەومانەش دەخاتە کاسەی لە بن نەهاتووی نەتەوەی تازە لە دایکبووی. ئەم درۆ مێژووییە تایبەتمەندی هەموو رەوتێکی ناسیونالیستییە بە پانتای دنیا. ناسیونالیزمی ئیرانی "رودکی"، "حافز" و"خیام" دەکا بە شاعیری خۆی گەرچی ئەم شاعیرانە تەنانەت یەك دێڕیشان نە بە باڵای ئیران و نە ئیرانچییەتیدا نووسیوە و نە دەشیان توانی بنووسن چون لە سەردەمی ژیانی ئەواندا شتێك بە ناوی نەتەوە نەبوو.

شیخ رەزا تاڵەبانی یەکێك لەو شاعیرانەیە کە ناسیونالیزمی کوردی بەرگی کوردایەتی کردووەتە بەر و وەك پیرێکی تەریقەتی خۆی حیسابی لە سەر دەکا. مەبەست لەم نووسینە بەرچاوخستنی ناراست بوونی ئـەم ئـیددیعایە و ناساندنی شیخ رەزا تاڵەبانی وەکو خۆیەتی بە دوور لە غەوغا و هەراوهوریای نەتەوەپەرستی.

شیخ رەزا سالی ١٨٣٨ لە ئـاوایی "قرخ" لە نزیکی کەرکووك لە

بنەماڵەیەكی دەوڵەمەند، لە شێخەكانی تاڵەبان، لە دایك دەبێ. هەر لەو ناوچەیە فێری خویندەواری دەبێ و لە تەمەنی ٢٥ سالیدا دەچێتە ئـەستەمبوول و دوای دوو سال دەگەڕیتەوە بۆ كەركووك. لە گەڕانەوەیدا لە گەل شیخ عەلی برای لە سەر میرات تووشی ناخۆشی دەبێ و دەچیت بو لای مامە غەفووری لە كۆیە. پاش ماوەیەك لە گەل مامیشی تووشی كێشە دەبێ و دەگەڕێتەوە بۆ كەركووك. دوای ئـەوە، بۆ جاری دووهەم دەچیتەوە بۆ ئـەستەمبوول و تا دەورووبەری سالی ١٨٧٠ لەوێ دەمێنێتەوە. سالی ١٩٠٠ بە یەكجاری كەركووك بە جێ دێلێ و دەچێ بۆ بەغدا و تا كۆچی دوایی لە سالی ١٩١٠ لەوێ دەمێنێتەوە. شیخ رەزا لە بەغدا لە گۆرستانی شیخ عەبدولقادر گەیلانی نێژراوە.

شیخ رەزا تاڵەبانی بە زمانی كوردی، فارسی و توركی شیعری هەیە و زیاترین شیعرەكانی بە زمانی فارسین و دواییش كوردی. لێرەدا تەنیا شیعرە كوردییەكان باسیان لێ دەكرێت. لەم نووسینەدا لە دیوانە كوردییەكەی شیخ رەزا ("دیوانی شیخ رەزا تالەبانی"، ئـامادەكردنی ناسر ئیبراهیمی، ستوكهولم ١٩٩٣) و نووسینەكەی دوكتور شوكریە رەسول ("گەشتیك بە جیهانی شیخ رەزای تالەبانی و روخسار و ناوەرۆكی شیعرەكانیدا"، گوڤاری كۆری زانیاری عیراق، دەستەی كورد، بەرگی یازدەهەم ١٩٨٤) كەڵك وەرگیراون. شیخ رەزا بە شێوەی غەزەل، قصیدە، چوارینە و تاك شیعری نووسیوە. دیوانەكەی شیخ رەزا، ئـامادەكراوی ناسر ئیبراهیمی، پێكهاتووە لە ٣ قصیدە، ٢٩غەزەل (لە حەوت تا دوازدە بەیت)، ٣٣ چوارینە و ١٠١ شیعری تاك. بێجگە لەوانە ٦ شیعری شەش بەیتی، ٦ شیعری پێنج بەیتی، ٣ شیعری چوار بەیتی و ١٣ شیعری سێ بەیتی و یەك پێنج خشتەكی تێدایە. هەڵبەت ئەو شیعرانەش كە كەمتر لە حەوت بەیتن هەر لە كێش و هەوای غەزەل دا نووسراون بەلام بە پێی دەستووری شیعری فارسی، غەزەل كەمتر لە حەوت بەیت و زیاتر لە دوازدە نابێ.

## ناوەرۆكی شیعرەكانی شیخ رەزا

*كەسی فەقیری بێچارە*
*هەر عەیبی هەبێ دیارە*

*دەوڵەمەندی خاوەن پارە*
*سەد عەیبی هەبێ مەستوورە*
*ئاگر ئەگەر لە ماڵی چێ*
*دەڵێن ئاگر نیە نوورە*
("دیوانی شیخ رەزا" ل ٣٥)

بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانین شیعرەکانی دیوانەکە بە سەر بکەینەوە، شیعرەکان بە سێ بەش دابەش دەکەین. بەشی یەکەم غەزەلەکان. لەم بەشەدا ٢٩ غەزەل، سێ قصیدە و باقی شیعرەکانیش کە لە غەزەل کورترن، واتە ئەو شیعرانەی لە سێ تا شەش بەیت پیکهاتوون، دادەنێین. بەشی دووهەم چوارینەکانن کە ٣٣ دانەن. بەشی سێهەم تاکەکان کە ١٠١ دانەن.

شیعرەکەی سەرەوە یەکێک لە شیعرە بە ناوبانگەکانی شیخ رەزایە. لە دیوانەکەی شیخ رەزا دا بە دەگمەن شیعری کۆمەڵایەتی لەم بابەتە وەبەرچاو دەکەوێ. لە سەرجەمی ئەو ٦١ شیعرە کە لە بەشی یەکەمدا هەیە تەنیا ئەم شیعرە دەبینینەوە کە مایەی قوولی کۆمەلایەتی هەبێ. باقی شیعرەکانی ئەم بەشە بریتین لە ٦ شیعری خۆشەویستی و رومانسی، ٢ شیعر کە بەسەرهاتی ژیانی خۆیەتی، ١ شیعر لە فەراقدا، ٩ شیعر مەدح و ستایشی ئاغاوات و دەسەلاتداران، ٤ شیعر مەدحی عەشیرەتەکان، ٨ شیعریش بە ناوەرۆکی تێکەڵ. باقی شیعرەکانی ئەم بەشە هەجو و جنێون. لە شیعرە هەجوەکاندا ٢٣ دانە جنێوفرۆشین و تەنیا ٥ دانەی هەجوی بێ جنێوی ئاشکران.

سەرو و نەی، چین کە لە گەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد
شەکەری خواردووە نەی، سەرو سەری داوە لە بەرد
گەر دەلیلی وەکوو نوقتەی دەهەنت نەبووایە
منیش ئینکارم ئەکرد وەك حوکەما جەوهەری فەرد
لێی دەپاڕێمەوە ئەی رۆحی رەوانم تو خوا
چییە دەرمانی دڵم، پێم دەڵێ لاچۆ، دڵە دەرد

شیخ رەزا لەم شیعرە و لە باقی شیعرە رومانسییەکانی تری دا، توانای زمانەوانی و دەسەلاتی خۆی بە سەر وشەدا پیشان دەدا. شیعری "لە فەراقی قادری وەستا خدر" (هەمان سەرچاوە، ل ٨) خەم و سۆزی

شاعیر وەك لافاوێك هەڵدەڕێژێتە سەر ڕۆحی خوێنەر. شیعرەکەی لە سەر "سەرگوزشتەی خۆی و هەجوی مامە غەفوور" (هەمان سەرچاوە، ل ١٢) ، دلشکاوی و خەمی قووڵی شاعیر لە بێوەفایی خزم و کەسەکانی پیشان دەدات و لە دڵ دەنیشێ.

بەلام شیخ ڕەزا نە بە بۆنەی شیعرە ڕومانسییەکانییەوە و نە بە هۆی توانایی لە خستنە رووی دەردە کومەلایەتییەکانەوە و نە لە بەر شیعری نەتەوایەتی ناسراوە. ناوبانگی شیخ ڕەزا بە شیعرە هەجوەکانی، یان لە راستیدا بە شیعرە جنێوەکانییەوە! هەروەك وترا لە ٦١ شیعری بەشی یەکەمی دیوانەکە ٢٣ دانەی جنێوی زۆر توند و دزێوی جنسین کە لە راستیدا گەورەترین تاقمی شیعری ئەو بەشەن. لە سەرجەم ٣٣ چوارینەی بەشی دووهەمدا ٢٤ دانەیان جنێوی رووت، ٤ دانە هەجوی بێ جنێو و تەنیا ٥ دانە شیعری ئاسایین. لە ١٠١ شیعری تاکی بەشی سێهەم ٦٧ دانە جنێوی رووت، ١٧ دانە هەجوی بێ جنێوی جنسی و تەنیا ١٣ دانە شیعری ئاسایین.

## شیعری هەجو، یان جنێو

لە نێو ئەدیبانی کورد و لە ریزی ناسیۆنالیزمی کوردی بە گشتیدا، لە شیخ ڕەزا وەکوو ئالاهەڵگری شیعری هەجوی کوردی ناو دەبردرێ. شوکریە ڕەسول لە نووسینەکەی خۆیدا شیخ ڕەزا وەکوو *"شاعیری تەڕزوبان و ماموستای یەکەمی شیعری هەجو"* ("گەشتیك بە جیهانی شیخ ڕەزای تالەبانی..." ل ٨٧ ) ناو دەبا. هەروەها شیعرە هەجوەکانی شیخ ڕەزا دابەش دەکا بە دوو جۆر: *"شیعری داشۆردن کە پێشتر لێی دواین و شیعری بێ ئابروو کە شیعری بێ پەردەی جنسییە. زۆرجاریش شیعری داشۆردنیشی لە شێوەی جنیودان و بێ ئابرووکردنی جنسیدا وتووە."* ("گەشتیك بە جیهانی شیخ ڕەزای تالەبانی..." ل ١٠٦)

شیعری هەجو مێژوویەکی کۆنی هەیە. هەجو تەنیا جنێودانی رووت و ئاشکرا نیە و ئەو شێوە نووسینە، کە ئەمرۆ "ساتیر"ی پێ دەگوترێ، لە خۆیەوە دەگرێ کە زیاتر رووی لە گاڵتە کردن بە کار و کردەوە و رووداو و بیر وبۆچوونە نەك کەسەکە خۆی.

تایبەتمەندی هەجوی شیخ ڕەزا لە پلەی یەکەمدا بێ ئابرووکردن و جنێودانە بەو کەسەی کە دەکەوێتە بەر پلاری تەعنەی. قوربانییەکانی بەر

تیغی زمانی شیخ رەزا سووکایەتی کامڵ و تەواویان پێ دەکرێ و وەك پەڕۆی پیس فڕێ دەدرێن.

*تۆش لە من بووگی بە شاعیر ئەی حەرامزادەی سنە*
*بۆچە شانێ ناخەفێنی مەسرەفی چەس ئەو تنە*
("دیوانی شیخ رەزا" ل ٥٠)

*شوکری لە داخی تۆ ئەمە ساڵێکە*
*کیرم نەخۆشە، حالی پەرێشان کەوتووە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٣٣)

*رەنگی کەر، دەنگی بەقەر، هەیئەتی سەگ، خووی چەقەڵ*
*چاوی کوێر، مەخزەنی کێر، مەقعەدی پڕ بادی هەیە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٣١)

تایبەتمەندی دووهەمی هەجوی شیخ رەزا هەروەك دەبینین بێحورمەتی پێکردنی جنسییە. هەروەك پێشتر باسی کرا هەجوی بێ جنێوی جنسی شیخ رەزا زۆر کەمە و لە هەموو بەشی یەکەمی دیوانەکەدا پێنج شیعر، لە بەشی دووهەم چوار شیعر و لە بەشی سیهەم دا واتە لە ١٠١ تاکە بەیتەکاندا تەنیا ١٧ دانەیان هەجوی بێ جنیوی جنسین! تایبەتمەندی سیهەم لەوەدایە کە شیخ رەزا بۆ داشۆردنی حەریفەکەی هەر بە بێحورمەتی کردن بە بەرامبەرەکەی ناوەستێ. ئەوە تەنیا کابرای قوربانی خۆی نیە کە دەکەوێتە بەر هێرش، بەلکوو هەرچی کەس و کار و منال و ژن و خوشکە، بەشی خۆیان لە سفرەی شیعری شیخ رەزا بەر دەکەوێ.

*پوورە شوکری بەسیە با نەتگێم و شەممەت لەق نەکەم*
*دایکە کیرخۆرت، هەواڵەی سووری سەر ئەبڵەق نەکەم*
*کۆنە حیزی شاری بەغدا، لێم حەرام بێ شاعیری*
*گەر کوزی خوشکت وەکوو ئەیوانی کەسرا شەق نەکەم*
(هەمان سەرچاوە، ل ٣١ )

*پدەری نێرە کەر و، مادەری وەك ماچە خەرە*
*کێ دەڵێ ئادەمە، کەربابە، وەکوو کەر دەزەڕێ*

(هەمان سەرچاوە، ل ٤٤)

*نەجابەت کەی لە تۆدایە لە دوو چاڵی چەتیوت بەم*
*حەمەی "تولینە" بەم توولە لە تۆلینەی هەتیوت بەم*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٥)

شیخ رەزا دەزانێ کە لە فەرهەنگی زاڵی دەربەگیدا، گەورەترین بێحورمەتی کردن بە کەسیك، بێحورمەتی کردنی جنسییە. بێحورمەتییەك کە ئەگەر کابرا دەستی بڕوا تەنیا بە کوشتنی ئیهانەکەر پاك دەبێتەوە! ژن هەر وەك لە شیعرەکانی شیخ دا دەبینین، بوونەوەرێکی هیچ و پووچ و پلە نزم و سووکە، هەر بۆیەشە کە حەریفەکەی "شوکری" کە پیاوە بە "پوورە شوکری" ناو دەبا تا بە قەولی خۆی بە ناوی "ژن"بوون، سووکایەتی پێ بکا. بێجگە لەوەش هەر وەك باسی لێکرا دایك و خوشکی بێچارە و بێخەبەر لە دەرد و مەرگی شاعیر و "شوکری"، مەجبوورن بکەونە بەر کیری شیخ رەزا و سەرشۆڕی بۆ خۆیان و بۆ "شوکری" کوڕ و برایان بسەلمێنن! لە شیعری ژێرەوە ئەم بە ژن چوواندنە جاریکیتر بە زەقی خۆی پیشانمان دەدا:

*پێم مەڵێن ئەم دوو ژنەت بۆ چییە ئەی شیخ رەزا*
*"شوکری" بۆ تەسك و تروسکی و "جەمیل" بۆ زگ و زا*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٣)

"جەمیل"یش هەر وەك شوکری حەریفیکی پیاوی شاعیرە. هەر دووکیان دەکرێن بە ژنی شاعیر چون لە ژن نزمتر لە فەرهەنگی دەرەبەگیدا بوونی نیە. ژنەکانیش دانەیەکیان بۆ عیشقبازی و ئەویتریان بو منداڵداری.

*کیر کە هەستا نە لە بێگانە دەپرسێ نە لە خوێش*
*گورزی خۆی هەر دەوەشێنێ چ لە پاش و چ لە پێش*
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٢)

"کیر" گورزی هەمیشە ئامادە و دایم لە ناو دەست حەشاردراوی شیخ رەزایە کە بەو پەری بیرەحمی و وەحشیگەرییەوە بە هەرچی کون و

قەڵشتی حەریف و کەس و کاریاندا دەکا. "گان" و ئەتك کردنی رەقیب بە بێحورمەتی جنسی و تەجاوز پێکردن، ناوەرۆکی داشوردنەکانی شیخ رەزایە. لێرەدا باس تەنیا لە سەر ئەتك کردنی جنسی نیە، بە زەوت کردنەکە کۆتایی نایە بەلکوو ئەتك کردنی گیان و لەشیشە بەجورێك کە ئاسەواری تا هەمیشە بە لەشەوە بمێنێتەوە. سەیری ئەم چەند بەیتە بکەن:

*یەهوودی بەچکەیێکم گرت و لێم برد و تیا خووسا*
*کە تێم نا چاوی نووسا، بانگی کرد یا حەزرەتی مووسا*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٢)

*با نەکەم هەجوی حماری رەگی جەرگی ببڕم*
*هەر وەکوو جاوی نەشۆراو کوزی دایکی بدڕم*
(هەمان سەرچاوە، ل ٤٨)

*ئاخ چە خۆشە بە چەقۆ گوێی لە بناخشت ببڕن*
*ریشی قوت کەن بە مەقەس بیکەنە مەیموونە قوتە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٣٧)

*کۆنە حیزی شاری بەغدا، لێم حەرام بێ شاعیری*
*گەر کوزی خوشکت، وەکوو ئەیوانی کەسرا شەق نەکەم*
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٥)

*ئیتر هەر دایکە پیرە و هەڵدەنیشێ*
*بە کەللەی کێرەوە وەك ورچی سەردار*
*ئیتر هەر ناوگەڵی خووبانی بیکرە*
*لە خوێندا سوور دەبێ وەك بەرگی گوڵنار*
(هەمان سەرچاوە، ل ٢٢)

## شیخ رەزا و بیری نەتەوایەتی

هەر شاعیریك تەنیا بە هۆی کوردبوون و بە کوردی نووسینی نابیتە شاعیری نەتەوایەتی و میللی. شاعیری نەتەوایەتی تەنیا ئەو شاعیرەیە کە

بیری نەتەوایەتی هەبێ و لە دەربیجەی نەتەوایەتییەوە سەیری دونیا و ڕووداوەکانی بکا. یەکێك لە پێناسەکانی ناسیۆناڵیزم و بیری نەتەوایەتی هەوڵ بۆ یەکگرتوویی و یەکپارچەکردنی خەلکی کوردزمانە و سەلماندن و داسەپانەندنی ناسناوی نەتەوایەتییە لە بەینی تیرە و تایفە و عەشیرە و هۆزەکاندا.

شیخ ڕەزا ئەم بیرەی نەبووە و لە گەڵ ئەم ڕەوتە نایەتەوە. کەچی سەرەرای ئەوەش شیخ ڕەزا دەخرێتە ریزی شاعیرانی نەتەوایەتی لە لایەن ناسیۆنالیستەکانەوە. شوکریە ڕەسول سەرەرای شارەزایی بە سەر ئەم ڕاستیەدا، هەوڵ دەدا بە شیوەی جۆراوجۆر پاکانە بۆ شیخ ڕەزا بکا و بیخاتە ریزی شاعیرانی نەتەوەپەرست ("گەشتیك بە جیهانی شیخ ڕەزا..." بروانە لاپەرەکانی٩٤ تا ٩٦) و شیعری "ستایشی ئەحمەد پاشای بابان" و "سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو" بە شاهید دەگرێ. شیعرەکانی شیخ ڕەزا خۆی لە هەموو شتێك باشتر بەرپەرچی ئەم ئیددیعایە دەدەنەوە.

*عەشرەت ئازاش بێ کە ناموسی نەبێ بێ فایدەیە*
*عەشرەتی بێ غیرەت ئەمرۆ عەشرەتی داوودەیە*
(دیوانی شیخ ڕەزا، ل ٥٨)

*مەکەن باوەر بە قەولی دایکی خۆگێکانی کەرکووکی*
*ئەگەر خەڵتێ بکەن وابزانە گا قۆڕانی، کەر کۆکی*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٩)

*هەر مەتاعێ کە تەڵەب کەی لە سولەیمانیدا*
*هەیە ئیللا کوزی بیکر و، کونی ناموستەعمەل*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٥)

*ئەلغەرەز سۆزانی و زانی لە کۆیی چاترە*
*موختەسەر چاکە قسە، کوونی ببە، کۆیی مەبە!*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٢)

*سوپەری ئەهلی سنە بۆ شەڕی بیگانە تنە*
*خۆ بە خۆ شەر دەکەن و ئەسلەحەیان هەر بە تنە*
*ئەهلی ئێمە کە چووە شاری سنە، حوکمە ئەگێ*

*به دوو شاهی و قەرە پوولێ، ژنی کامیان مەزنە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٣٩)

*بەدە ئاب و هەوای قەلعەدزە*
*کە سەگیشی لە عومری خۆی وەڕەزە*
*ملی ئەهلی لە بەر لەڕی و چرچی*
*وەکوو کیری پیری پشت لە کوزە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٤٩)

شیعرەکانی سەرەوە بێ پەردە روونی دەکەنەوە کە شیخ رەزا نموونەی زەق و تیپیکی نیزامی دەرەبەگایەتییە، نیزامیك کە بوون و نەبوونی ئەندامەکانی بە عەشیرەتەوە پەیوەستە. عەشیرە ئەو سیستەمە بوو کە ئینسان تێیدا لە دایك دەبوو و تێیدا دەمرد. هەر دەرەبەگێک حاکم و فەرمانرەوای عەشیرەکەی خۆی بوو و قانوون و رێ و رەسمی خۆی هەبوو. هاوزمان بوون و هاوئایین بوون هیچ نرخێکی نەبوو و ئەگەریش بەهایەکی پێ بدرابا تەنیا بە پێی مەسلەحەتی رۆژ بوو. هەر عەشیرەیەك لە راستیدا وەك مەملەکەتێك بوو و هەر ئیمپراتۆرێك مەجبوور بوو لە گەڵ یەکاویەکی ئەم عەشیرانە پەیوەندی بگرێ و بە زۆر بووبێ یان بە دڵ بەدەستهێنان، بیانکاتە هاوپەیمانی خۆی. ناسیۆناڵیزم و بیری نەتەوایەتی رەوتێك بوو لە دژی ئەم بە هەزار بەش بوونەی دەسەلات لە نێوان عەشیرە و تایفە و عێڵەکاندا و بو دروستکردن و ساغکردنەوەی نەتەوە پێویستی بە سڕینەوەی دژایەتی خێلەکی و بەرژەوەندی تەسکی درەبەگەکان و ئەمیرنشینە بچکۆلانەکانیان هەبوو. شاعیر و نووسەری رەوتی ناسیونالیستی، شاعیری میللی و نەتەوەیی، ئەوانەن کە لەم روانگەوە سەیری دنیایان کردبێ. شیخ رەزا هەرچی لە دەمی دێتە دەر ئیهانەیە بە خەڵکی ئێرە و ئەوێ و عەقڵییەتی بە دەگمەن لە عەقڵییەتی دەرەبەگایەتی بەرزتر دەبێتەوە.

شیخ رەزا تەنیا دوژمنی دانیشتوانی ئەم و ئەو شار نییە. بە هۆی بۆچوونی ئیسلامی و کۆنەپەرستانەوە هەر بەو شێوەیە زەممی خەلکانیتر دەکا و تەنیا بە هۆی ئایین یان رەسەنی جیاوازیانەوە دایاندەشۆرێ. تەنیا ئا لەم بەشەدایە کە شیخ رەزا و بیری نەتەوەیی یەك دەگرنەوە و ئینسان دەتوانێ لە یەك مەیداندا دان بە دیعایەی نەتەوەپەرستەکان بنێ لە سەر نەتەوەیی بوونی شیخ.

*ئەسل و نەسەبت دۆمە لە من بووی بە هەجیجی*
*بێ مروەت و ئینساف و حەرامزادە و بیجی*
(هەمان سەرچاوە، ل ١٢)

*گەر سەر و ریشی پیاوانەیە باوەر مەکە پێی*
*باتنی جوولەکەیە، زاهیری زوههادی هەیە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٣٢)

*خەزوورەی "شیخ حەمید" ئاغای رەبات و کۆنە قەڵتاغ شڕ*
*لە ئەسل و مەعدەنا ئەجدادی ئێوە دۆم و خەراتن*
(هەمان سەرچاوە، ل ٤٨)

*یەهوودی بەچکەیێکم گرت و لێم برد و تیا خووسا*
*کە تێم نا چاوی نووسا، بانگی کرد یا حەزرەتی مووسا*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٢)

*در جهان هر کە میشود بابی*
*مەترەقی کەر بە مەقعەدی بابی*
(هەمان سەرچاوە، ل ٦١ . لەم شیعرەدا لە برگەی یەکەمدا بە فارسی دەڵێ: "هەر کەسێ لەم جیهانەدا بچێتە سەر دینی "بابییەکان")

## ئازادی جنسی یان زەوتکردن

شیخ رەزا لانی کەم لە یەك رووەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا سنووربەزێنە ئەویش لە باسی جنسی و شەرحی پەیوەندی جنسی دایە. دیارە پێشتر لەویش شاعیری وەکوو "خانی" باس لە رابیتەی جنسی و وەسفی شەوی زەماوەند دەکەن بەڵام شێوەی دەربڕینی "خانی" شێوەیەکی ئەدەبی، پوخت و ئاراستە و جێی پەسندە و سنوورە دیاریکراوەکان ناشکێنێ. تەنانەت شیعرەکەی مەستوورەی "نالی"ش گەرچی بە مانایەك رچەشکێنە، بەڵام لە باری زمانەوە ناگاتە رووهەڵماڵراوی شیخ رەزاوە. شیخ رەزا پەردەی عار وەلاوە دەنێ و بێباکانە ئەوەی بە خەیاڵیدا رەد دەبێ دەیهێنێتە سەر کاغەز. لەم روانگەوە هیچ کام لە شاعیرە کلاسیکەکان یان شاعیرانی سەردەمی شیخ رەزا خۆی، تەنانەت زۆرێك لە شاعیرانی دوای خۆیشی، ناگەنە ئەو

و ناتوانن خۆی لە گەڵ هەڵبسەنگێنن!

شیخ رەزا بە راشکاوی باسی هاوجنسگەرایی خۆی دەکا و لە چەند شیعردا بە وردی پلان و چۆنیەتی نزیکایەتی جنسییەکەیمان بۆ باس دەکا. ئەو هەم بە دوای نێرەوەیە و هەم مێ. ئایا شیخ رەزا زۆر لە سەردەمی خۆی پێشڕەوتر نەبووە لە باری ئازادی پەیوەندی جنسییەوە؟ لە قسەو باسێکدا کە ماوەیەك لەمەوپیش لە گەڵ برادەرێك بووم ئیددیعای دەکرد کە "گەلی کورد لە ئەورووپییەکان پێشکەوتووتر بووە لە بارەی رابیتەی جنسی و مەسەلەی سیکسەوە". شاهیدی ئیددیعاکەشی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك و زۆر گۆرانی فۆلکلوری تر و شیعرەکانی شیخ رەزا بوو. حەسەن زیرەك بە قەولی ئەو برادەرە زۆر زووتر لە گورانیبێژەکانی "پاپ" و "راکنرۆل"ی رۆژئاوا لە "مەمك" و "ران" و "ماچ و مووچ" و بە گشتی مەیل و هەستی جنسی قسە دەکا و شیخ رەزا زۆر زووتر لەوان کیری لە سەر دەست دادەنێ!

ئەم ئیددیعایە هێندێ راستی تێدایە. گۆرانی کوردی و بە تایبەت گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لە "مەمك و ران و ماچ و مووچ"دا شتێکی وای لە بەشێکی زۆری گۆرانی ئەمرۆی رۆژئاوا کەم نەهێناوە. "سێکسیزم" بە هەمان ئەندازە دژی زاتی ئینسانە کە "ووشکە مەلاکان" و ئینکارکەرەکانی نیازی رەوا و بەرحەقی جنسی و ئازادی دەربڕینی ئەو مەیلە. موشکیلەکە لەوەدانیە کە گۆرانی کوردی باسی مەیلی جنسی و تابلۆی جنسی دەکا یان نا، یان شیخ رەزا باسی ئالەتی جنسی ژن و پیاو و عەمەلی جنسییەکە دەکا یان نا. نە شیخ رەزا لەم مەیدانەدا ئاڵاهەڵگری جیهانی بووە و نە فۆلکلۆری کوردیش رچەشکین. باس لە مەیلی جنسی و پەیوەندی جنسی شتێکە کە بە پانایی جیهان بەرین بووە و دەگەڕێتەوە سەر قوناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کومەڵگای ئینسانی. هیچ قەومێك و هیچ رەگەزێك ناتوانێ ئیددیعای ئەوە بکات کە رچەشکێنی شێوەیەك لە شێوەکانی پەیوەندی جنسی بووبێ. رابیتەی جنسی شتێکی سەرەتایی ئینسانییەو کۆمەلگا جۆراوجۆرەکان سەرەرای هەندێك جیاوازی بە گشتی تەجرووبەکانیان لە یەك نزیکە!

لە وەڵامی ئەو برادەرەدا دەبێ ئیشارە بەوەش بکرێ کە تەقریبەن سەرجەمی گۆرانی عاشقانەی کوردی و شیعری عاشقانەی کوردی، زمانی حاڵی "پیاو"ی کوردە! عەشقە بۆ پیاو، سۆز و ئاە و ناڵەی پیاوە، سووتانی پیاوە لە ئاگری بێرەحمی(!!) و دڵسەنگی ژن!! ئەم تەرازووە

لانی کەم لەم بارەوە ئەمرۆ لە گۆرانی رۆژئاوادا هێندەی لای ئێمە لاسەنگ نییە و ژنیش وەکوو ژن دەنگی دەبیسرێ و لە عەشقی خۆی و مەیلی جنسی خۆی بۆ پیاو دەدوێ.

بەڵام لە سەر شیخ رەزا باسەکە لایەنێکیتری هەیە. موشکیلەی شیخ رەزا تێکۆشان بۆ ئازادی دەربڕینی جنسی نەبووە تا بەم هۆیەوە لە لایەن نەوەی ئەمرۆوە میداڵێکی ئازادیخوازانەی پێشکەش بکرێت. سەرتاسەری شیعرەکانی شیخ رەزا بەڵگەن بۆ "ناموسی" بوون و "غیرەت"ی بوونی ئەو. ئەو دەقیقەن لە روانگەی کابرایەکی موسلمانی "متعصب"ەوە دایك و باوك و ژن و خوشکی خەڵك لە شیعرەکانیدا دەگێ، چون دەزانێ و خۆیشی ئەوەی گەورەترین ئەتك و بێحورمەتی پێکردنە. کەوابێ وەك رۆژ روون و ئاشکرایە کە شیخ رەزا ئەم ئازادی جنسییە، تەنیا بۆ خۆی قائیلە نەك بۆ "ژنان" و"کچانی" خزم و کەس و کاری خۆیشی.

لایەنی زۆر گرینگتری مەسەلەکە خودی رابیتە جنسییەکەیە. هیچ کام لە شیعرەکانی "جنسی" شیخ رەزا، باسی رابیتەی ئازاد و بەرابەری دوو لایەن بە یەکەوە نیە. شیخ رەزا یان باسی "گانی" خوشك و دایك و باوك و برای حەریفەکانی دەکا یان باسی زەوتکردنی بە ئاشکرا یان کڕینی خەڵك بە پارە دەکا. لە شیعری "لە ستایشی ئەحمەد پاشای بابان"دا بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکا کە چۆن کوڕێکی بێچارە و هەژاری "بولغار" بە قەراری پارە پێدان لە گەڵ خۆی دەباتەوە ماڵ. شیخ رەزا بە فەخرەوە باس دەکا کە چۆن لە شەوڕا تا بەیانی سواری کوڕی بولغار دەبێ و لە دواییشدا بە دەستی بەتاڵ و بە چاوی گریانەوە رەوانەی دەکا!

لە تەواوی شیعرەکاندا، چ جنیو و داشوردنە ئاشکراکان و چ ئەو شیعرانەیتر کە باسی نزیکایەتی جنسی تێدا دەکرێ، هەموو شتەکە لە کیری شیخ رەزاوە دەست پێدەکا و بە کیری ئەویشەوە دەبڕێتەوە. ئەوە لە راستیدا لە فەرهەنگی دەرەبەگییەوە سەرچاوە دەگرێ. دەرەربەگەکان خوا و مالیکی مڵك و ماڵ و حاڵی عەشیرەتەکە و دانیشتووەکانی ناوچەی ژێردەسەلاتی خۆیان بوون. بە قەولی کوردی "بە نان و بە گان" لە سەر شانی خەڵك بوون. شیخ رەزا لەم فەرهەنگەدا گەورە و پەروەردە بووە و بووەتە قسەکەری هونەری و ئەدەبی ئەم چینە.

شیخ رەزا شاعیری "تەڕزوبان" نیە، وەکوو شوکریە رەسول باسی دەکا. ئەوەی شیخ رەزا دەیڵێت و دەیکا تەنیا لە خانەی زۆروێژی و

بێحورمەتی جنسی و ئەتك و ئیهانەدا جێگەی دەبێتەوە. ئەوەی کە لە شیعری شیخ رەزادا تەڕە، زمانی نیە بەڵکوو کیریەتی. ئەم ئیددیعایە نە ئیهانەیە و نە شاردنەوەی سیمای شیعری شاعیر، بەلکوو راستییەکی تاڵە کە مەگەر بە ناسیۆناڵیزمی ملهوڕ، یان شاعیریکی سەرلێشواو دەنا بە هیچ سیحربازێکیش چارەی ناکرێ!

## "پێدۆفیلی"، بەچەبازی

*هەتیوی لووس و بێ مووم لە عومری خۆم گەلێ گاوە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٨)

*یەهوودی بەچکەیێکم گرت و لێم برد و تیا خووسا*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٢)

*سەد ترت دا بە کوودەکی لە گونم*
(هەمان سەرچاوە، ل ٦)

*نەجابەت کەی لە تۆ دایە، لە دوو چاڵی چەتیوت بەم*
*حەمەی "تولینە" بەم تووله لە تۆڵینەی هەتیوت بەم*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٥)

*هەتیوی خوبڕو و مەحبووبی سادە*
*کە دەستت کەوت سواری بەو پیادە*
(هەمان سەرچاوە، ل ٥٩)

شیخ رەزا لە باری مەیلی جنسییەوە کەسێکی "بیسێکسوئێل" بووە واتە هاوکات مەیلی بە نێر و مێ هەبووە. بە بڕوای من ئەوە لە خۆیدا نە ئیرادە و نە بۆ قسە لە سەرکردن دەبێ. ژیانی جنسی ئینسان، دەکەوێتە خانەی فەردییەوە و هیچ کەس بووی نییە دەخالەتی تێدا بکات. بەلام مەسەلەی شیخ رەزا لەوە قووڵترە. ئەوەی شیخ رەزا دەیکا، لە سەری دەدوێ و تەبلیغی بۆ دەکا نە ژیانێکی جنسی ئازاد و بەرابەر، لە نیوان دوو مرۆڤی بەرابەر دایە، بەڵکوو پەیوەندییەکی نابەرابەر و زاڵمانەیە. شیخ رەزا

"بکەرە" و لە روانگەی بکەر و "سوار"ەوە دەڕوانێتە ئەو مرۆڤانەی کە قەرارە لە خزمەتی دابن و بۆ ئەو لە کونێکی زەریف و سەرجێییکەرێکی لەتیف واتر نین. شیخ رەزا خەڵك زەوت دەکا، تەجاوزیان پێدەکا یان دەیانکڕێ. بۆ ئەو هیچ پەرچێکی ئەخلاقی وجوودی نیە و قوربانییەکەی هەتا لاوتر و بە تەمەن کاڵتر بێت، لەززەتی ئەو زیاتر دەبێت. شیخ رەزا بە ئاشکرا مناڵبازە، "پێدۆفیل"ە، شتێك کە ئەمرۆ لە زۆربەی وڵاتانی دنیا جورمە و سزای قورسی هەیە. هەتیوبازی شیخ رەزا، تەجاوزی جنسی، روحی و گیانییە بەو مرۆڤە وردانەی کە زیاتر لە هەموو شتێك پێویستیان بە متمانە و خوشەویستی و رێزلێگرتن لە لایەن گەورەسالانەوە هەیە. مناڵبازی نە جێگەی شانازی بەڵکوو مایەی نەنگ و سەرشۆڕییە. دزێوبوونی ئەم کردەوە شتێکی تازە نیە و زۆر لەمێژە لە زوربەی کۆمەڵگاکاندا دژایەتی لە گەڵ کراوە.

بەلام هەروەك هەموومان دەزانین دەسەلاتداران، دنیای خۆیان هەیە و شیخ رەزاش قسەکەری کولتوری چینی دەرەبەگ و فیودالی کومەلە کە دینیشیان لە پشتە لانی کەم لە سەر مناڵانی کچ کە بە پێی شەرعی ئیسلام لە نۆ ساڵییەوە دەکرێ بە شوو بدرێن، هەر وەکوو عایشە خێزانی پیغەمبەر.

## پاکانە بۆ دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی

شوکریە رەسول سەرەرای دان پێدانان بە جنێوفرۆشی و تەنانەت کۆنەپەرستی شیخ رەزا، بە چەند وشەی سیحراوی، لەناکاو هەرچی وتوویەتی لەبیرخۆی و خوێنەر دەباتەوە و سەر لە بەر دەکەوێتە پاکانە کردن بۆی. شوکریە رەسول دەڵێ:

*"ئێمە ناڵێین شیخ رەزا پەیوەندی دەرەبەگی و دژی دەرەبەگی زانیوە و لە بەر بیری کۆنەپەرستی لایەنی دەرەبەگی گرتووە. بەڵام ئەو کە لە کۆمەڵەی درەبەگیدا پەروەردە بوو و پێگەیشت و بە بیر و باوەرەکانی ئەو بیرە گۆش کرا و دژەکەشی نەناسی تا لایەنی بگرێ، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەبێ بە هەڵگرێکی بیری دەرەبەگی لە هەندێ رووەوە، بە تایبەتی هەڵوێستی لە گاڵتە کردن بە تاقمێکدا لە بەر جیاوازی و تایبەتێتی چینایەتی. ئەبینیت شیخ رەزا لەم جۆرە شیعرانەیدا کە*

*شانازی بە خێڵەکەی خۆیەوە ئەکات تیایاندا، هەزار ساڵ دەمانگێڕێتەوە دواوەو هەموو پەیوەندێك بە گیانی نەتەوەپەرستییەوە ئەبڕێ."*
("گەشتێك بە جیهانی شیخ رەزا..." بڕوانە لاپەڕەی ١٠١)

بە پێی ئەم بۆچوونە هەموو چینە چەوسێنەرەکانی دنیا لە گشت مێژوودا پاکانەیان بۆ دەکرێ. دەسەڵاتداران نابێ لۆمەیان لێ بگیرێ، چون ئەم بێچارانە خۆیان لەو چوارچێوەدا گەورە بوون و ئالترناتیوێکیتریان بۆ ژیان نەدیوەو لە ئاکامدا هەر ئەو رێگەیان گرتووە کە دایك و باوکیان پێیدا رۆیشتن و ناچاربوون وەکوو ئەوان ببنە دەسەڵاتدار و دەرەبەگ! ئێ، کەوابێ یەخەی کێ دەکرێ بگیرێ کاتێك کۆمەڵگا جەهەننەمێکە بۆ زوربەی کومەڵ واتە رەنجدەران لە ژێر سایەی دەسەلاتی دەسەلاتداراندا؟ ناکا خەتایەکە هەر هی رەنجدەران خۆیان بێت؟!
موشکیلەکە تەنیا لەوەدایە کە رەنجدەران تەنیا یەك ریگایان لە بەردایە ئەویش ئەوەی کە ئەو ژیانە قەبووڵ نەکەن! بەلام سەردانەنەواندن و قەبووڵ نەکردن مانای خۆ خستنە بەر تیغی جەللادەکانی دەسەلاتدارە، واتە مەرگ! ئایا هیچ ئەقڵێکی ئاسایی دەتوانێ بە هەژار بڵێ، هەژاریی تۆ خەتای خۆتە چونکە ئامادە نیت گیان بدەی بۆ ئەوەی ژیان بە دەست بێنیت و دەسەلاتدارانی بێچارەش لە کۆت و بەندی دەسەلات رزگار بکەی کە لە مەجبووری و ناشارەزاییەوە بە سەریدا کەوتوون و نەیانتوانیوە خۆ لە ناز و نیعمەت و داراییەکەی رزگار بکەن!!

ئەگەر خەلاتێکی زانستی کۆمەلایەتی هەبووایە، هەڵگری ئەم بۆچوونە بە یەقین بۆی هەبوو خۆی بخاتە ریزی کاندیداکانی ئەم خەڵاتە. شوکریە رەسول و بیرەوانانی ئەمرۆی بورژوازی سەرەڕای هەبوونی زانیاری زانستی کومەلایەتی لە دنیای هاوچەرخدا ناتوانن یان نایانهەوێ کۆمەڵگا، چینایەتی ببینن. بەرژەوندی چینایەتی ئەو هەودا سوورەیە کە ئەمان و شیخ رەزا بە یەکەوە گرێ دەدا. شوکریە رەسول بەم لێکدانەوە ئینکاری ئەوە دەکا کە لە سەردەمی شیخ رەزادا ئیمکانی ژیان و بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە دەرەبەگایەتی هەبووبێ. ئەم بۆچوونە نە تەنیا هیچ یارمەتی شیخ رەزا نادا بەلکوو تەنانەت بە بێئاگا و بێخەبەر لە دنیا و نەفامیشی دەچوێنێ. شیخ رەزا بنیادەمیکی خوێندەوار، گەڕیدە و شارەزا و وریا بووە و سەرەرای کوردی بە سەر سێ زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی شارەزایی تەواوی بووە و تەنانەت شیعری بەو زمانانە نووسیوە. شیخ رەزا لە ریزی

"ڕووناکبیران" و توێژی کولتورپەروەری سەردەمی خۆیدا بووە. شیخ ڕەزا چاوی ساغ بوون و توانیویەتی بە چاوی خۆی هەژاری و بێدەرەتانی وەرزێر و سەپان و ژن و پیاوی ژێر دەسەلاتی درەبەگەکان ببینێ، گوێی ساغ بوون و بە جوانی گوێی لە شین و گابۆڕ و ناڵەی مەرگی ژنانی هەژار و مناڵانی حورمەت لێبڕاوی کارەکەرەکان بووە. شیخ ڕەزا ئەگەر نە سەبارەت بە جووڵانەوەی هەژاران و فەلایان لە کوردستان، لانی کەم ئاگاداری جووڵانەوەکانی دژی دەرەبەگی لە تورکیە و ئیران، وەکوو جووڵانەوەی "حروفیە"، کە زۆر پیش لە سەردەمی ئەو لە ئارادابوون و بەو پەڕی وەحشیگەرییەوە لە لایەن ئیمپراتوری عوسمانی و دەسەلاتدارانی ئیرانی سەرکوت کران، بووە.

موشکیلەی شیخ ڕەزا نە بێ ئاگایی بووە و نە بێ ئاڵترناتیوی! ئەو ئینسانیکی وریا و ئاگا بە سەر بەرژەوەندی چینایەتی خۆی و چینەکەی خۆی بووە و لەو بارەشەوە شەرمی لە کەس نەکردووە و بە ڕاشەکاوییەوە ئاڵای کولتوریی چینی فیودال و دەرەبەگی بەرزکردووەتەوە. لە ڕاستیدا ئەوە شوکریە ڕەسول و ناسیونالیزمی کوردییە کە موشکیلەی هەیە و ناتوانێ شیخ ڕەزا بە تەواوی و بێ ژانەسەر بۆ خۆی ساغ بکاتەوە!

## دواقسە

نەتەوە دەسکردی جووڵانەوەی ناسیونالیستییە و دیارە بۆ ساغکردنەوەی پێداویستی بە کەلەپوور هەیە. کولتور و خوڵقینەرانی بەرهەمی کولتوری و هونەری لایەنێکی زۆر گرینگی ئەم بەشەن. شاعیرانی وەکوو "حاجی قادر کۆیی"، "پیرەمێرد" جێگەیەکی تایبەتیان هەیە لە مەیدانی ناسیۆناڵیزمی کوردیدا. ئەمانە شاعیرانێکن کە خۆیان بیروباوەری نەتەوەییان هەیە و هەوڵ دەدەن بو ڕێکخستنی هەموو کوردزمانەکان وەك کورد. بەلام هەر وەك لە سەرەتای نووسینەکەدا باسی کرا ، جووڵانەوەی ناسیونالیستی، مێژوویەك دەکا بە مێژووی خۆی کە هیچ فرێکی بە ئەوەوە نیە و بە هیچ سرێشێك بۆی ناچەسپێنرێتە سەر یەك، مەگەر بە پێوانەی کۆنەپەرستی! شیخ ڕەزا شاعیری نەتەوەیی نیە نە بە هۆی نێونەتەوەیی بوونی، بەلکوو بەم هۆ سادەیە کە ئەو دەرەبەگێکی ڕاشکاوی عەشیرەگەرە و هەرچی لە دەستی بێ و لە دەمی بێ دژ بە خێڵەکانیتر کوتایی ناکا.

شیخ رەزا لە هیچ مەیدانێكدا شاعیریكی پێشڕەو نیە، بەلكو تا بڵێی كۆنەپەرست و دواكەوتوو و خێڵەكییە. تاقە مەیدانێك كە شیخ رەزا تێیدا بە تەواوی لێهاتووە، شیعری سووكایەتی و ئیهانەكردنی جنسیی بێ نرخە. بە بڕوای من نابێ شیعرەكانی شیخ رەزا ناوی "شیعری هەجو"یان لێ بنرێ چون "شیعری هەجو" تەنیا جنێوی سووكی جنسیی و بێحورمەتی پێكردن بە گیان و رۆحی فەرد نیە. ئەوەی بە بارانی جنێو و حورمەتشكێنیی بێ سنوور و كێری دایم لە سەردەست ئامادەی شیخ رەزا بزەی دێتە سەر لێو، هاوبیری شیخ رەزایە بەڵام سەد ساڵ لە شیخ دواكەوتووترە! ئاخر بێچارە شیخ رەزا نزیكەی یەك سەدە لەمەوپێش كۆچی دوایی كرد و ناكرێ هەر بە هەمان چاو سەیری شاگردەكانی ئەمرۆی بكەین.

چەپڵەلێدانی جووڵانەوەی ناسیونالیستی بۆ شیخ رەزا، بەر لەوەی شتێكمان سەبارەت بە شیخ رەزا بۆ روون بكاتەوە، گەندەڵ بوون و كۆنەپەرستی ناسیۆناڵیزممان دەخاتە بەر چاو. ناسیۆناڵیزمی هاوچەرخ ئەوەندە كۆنەپەرستە كە بێ ئەوەی رەخنەیەكی ئەوتۆی لە جنێوفرۆشی، ئیهانە، بێحورمەتی پیكردن و زەوتكردنی ژن و مناڵ هەبێ، شیخ رەزا لە باوەش دەگرێ و تف دەكاتە ناوچاوانی مرۆڤایەتی بە گشتی و زوربەی هەرە زۆری مرۆڤی كورد.

* ئەم نووسینە یەكەم جار لە گۆڤاری ''هانا'' ژمارەی ١٩- ١٨ ساڵی ٢٠٠٣ دا بڵاو كراوەتەوە.

# ووشه و خواكانى

**سكۆلار**: هەندێك چەمكی ئەدەبی یان زیاتر سیاسی وفەرهەنگی كە بە كاردەهێنرێ وەك ئەدەبی مۆدێرن، بەڵام ئێمە هێشتا چەمكی شاری و شارستانیەت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدەبی كوردی بەدروستتر دەزانین هەر وەك لە هەندێك لە ژمارە سەرەتاییەكانی هاناش ئەو مەفهوومە بەكار هات، بەڵام ئەگەر مەودای ئەو چەمكە لە دونیابینی و ئاسۆكاندا لێكبدەینەوە، ئایا ناتوانین بڵێین ئەدەبی كوردی هێشتا بە رادەیەكی بەرچاو لە دونیابینی و لە روئیایی لادێ نشینیدا قەتیسە. نووسینی كوردی بەتایبەت كە گەشەیەكی لە بواری رۆمانیشدا بەخۆیەوە دیوە بەڵام لە جەرگەی كێشمەكێشی شاردا ناژیت وئینسانی شاری وئەو كێشانەی ئینسان لە سەردەمی ئەمڕۆدا بەرەوڕووی دەبێتەوە، زیاتر ئەدەبی ئینشاییە و بریتی نین لە ئەدەبی روئیا وئاسۆكان. ئێوە لەو بارەوە لێكدانەوەیەكی ترتان هەیە.

**سلیمان قاسمیانی:** مۆدێرن ووشەیەكە كە دەتوانرێ چەن مانای جۆراوجۆر بە خۆیەوە بگرێ. دەتوانێ بە مانای ئەمرۆیی بێت یان شتی نوێ. بەڵام دیارە هیچ شتێك تەنیا بە هۆی ئەوەی كە ئەمرۆییە نابێتە شتێكی نوێ. زۆر شتیش هەیە كە نوێیە بەڵام بۆ زوربەی خەڵك نیە. بە بڕوای من ناكرێ لە مۆدێرن یان نوێخوازی بدوێین و لایەنی چینایەتی مەسەلەكە لە بەرچاونەگرین. ئەوەی كە ئەمرۆ بە نێوی مۆدێرنیزم لە مەیدانی زانستە كۆمەڵآتییەكان و هونەردا پیشكەشمان دەكرێ نە شتێكی نوێ، نە نوێخوازی بەڵكوو كۆنخوازیی بورژواییە لە قالبێكی "نوێ"دا. بێجگە لەم لایەنە دەكرێ لە روانگەیەكی تریشەوە سەیری مۆدێرن یان "ئەمرۆیی" بكەین و ئەویش روانگەی میژوویی و بەرەوپێشچوونی ژیان بە گشتییە. ئەگەر لەم روانگەوە سەیری دنیا و كۆمەلگا بكەین دەبینین كە ژیان بە گشتی بەرەوپیش دەڕوا و مرۆڤایەتی بە گشتی لە زۆر مەیداندا هەنگاوی بەرزی هەڵێناوەتەوە. ژیانی ئەمرۆی ئینسان نە تەنیا لە گەڵ چاخە

کۆمەڵایەتیەکانی پێشوو بەڵکوو تەنانەت لە گەل ژیانی ئینسانی سەدەیەك لەوەپیش فەرقی زۆری کردووە. دیارە کە ئەوە بە مانای لەبەین چوونی زولم و زۆر و هەژاری نیە چونکە لە نیزامی کاپیتالیستیشدا بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی هەر لە سەر نایەکسانی و نابەرابەری مرۆڤەکان دانراوە و ئینسان دەچەوسێتەوە.

کاتیك کە ژیانی ماددی ئینسان ئاڵوگۆری بە سەر دادێت، ژیانی کولتوری و سیاسی و مەعنەویشی گۆڕانی بە سەردادێت. چەند و چۆنی و تەسك یان قووڵبوونی ئەم ئاڵوگۆڕە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە تەرازووی هێزی جووڵانەوە کومەڵایەتیەکانی ناو کۆمەلگادا. کۆمەلگا مێرگی سولح و سەفا و برایەتی و یەکسانی نیە بەلکوو مەیدانی کێشەی لەپسانەهاتووی چین و توێژەکانی جۆراوجۆرە کە هەر کام بۆ داسەپاندن و سەقامگیرکردنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی تێدەکۆشێ. ئەو چینەی کە دەست بە سەر داهات و داراییەکانی کۆمەڵگادا دەگرێ و خۆی پێ دەحاوێنێتەوە، مەجبوورە بۆ بەردەوامکانەوەی ئەم ژیانە نایەکسان و نامرۆڤانەیە لە لایەکەوە دەستەوەدامێنی زۆری چەکداری بێت و لە لایەکی تریشەوە ئەو شێوە ژیان و ئەو پەیوەندە کۆمەڵایەتییانە، رەوا و بەرحەق بنوێنێ. بەڕێوەبردنی ئەم دوو ئەرکە لە ئەرکەکەکانی دەسەڵاتی سیاسی حاکمە لە کۆمەڵگادا. ئەو جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەی کە هێزی بە سەر جووڵانەوەکانیتری ناو کۆمەڵگادا بشکێ، مۆری خۆی لە ژیان، دنیابینی، ئارەزۆ و خەونەکانی خەڵک دەدا. هونەر و ئەدەبیات تەبیعییە کە ناتوانن خۆیان لەم کاردانەوە دوور بگرن. ئەوەی ئەدەبیات و هونەر پێشکەشی خەڵکی دەکەن نە خەون و ئارەزۆی بێ لایەنە و نە تام و چێژ و جوانی و نرخی هەمەگیر! ئەدەبیات و هونەری بێ لایەن یان ئەدەبیاتێك کە بۆ خەڵک بە عام بێت، هەرگیز بوونی نەبووە و ئەوانەی ئیددیعایەکی لەم جۆرە دەکەن لە باشترین حاڵەتدا کڵاوی بورژوازی دەکەنە سەر خەڵک بە گشتی و چینی کریکار و بەشمەینەتانی کۆمەڵگا بە تایبەتی.

ووتم کە ئاڵوگۆڕی لە ژیانی ماددی کۆمەلگادا گۆڕانکاری بە سەر ژیانی مەعنەوی و نەفسانیشدا دێنێت. لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیدا شار ناوەندە و شارستانیەت نۆرم. ئەمە لە سەتحێکی عامدا دروستە بەڵام نابێ لە بیرمان بچێتەوە کە ئالوگۆری لە ژیانی ماددی دەسبەجێ و بە شێوەیەکی میکانیکی ئالوگۆری لە ژیانی مەعنەوی و لە لایەنە جۆرواجۆرەکانی کولتوردا لە گەل خۆی ناهێنێ. چۆنیەتی و چەندایەتی ئاڵوگۆری لە

سەرخانی کۆمەڵ، لە فەرهەنگدا، پەیوەندی زۆری هەیە بە سەنگی جووڵانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ناو گۆڕەپانی کۆمەڵدا. تەبیعیە کە زۆر شتیتر دەتوانن کاربکەنە سەر چۆنیەتی ئەم ڕەوتە بەڵام نەقشی بەئاگای ئینسان و ئەوەی کە سەنگی جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان بە باری کام یەك لەم جووڵانەوانەدا بشکێ، بە بڕوای من دەوری سەرەکی دەبینێ. تەبیعەتەن ئێمە لە ئەدەبیاتی کوردیدا جێ پێی کریکار و "ژیانی شار" دەبینین. بە بۆچوونی من باس لە سەر نەبوونی ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کوردیدا نیە بەڵکوو قسە لە سەر لاواز بوونیەتی، لە سەر هاوقەوارە نەبوونی ئەم ئەدەبەیە لە گەڵ چەندایەتی و لە گەڵ قورسایی واقیعی ئەو چینە و ئەو ژیانەی کە لە گەڕ دایە.

بۆ وەلامی ئەم پرسیارە من زەینی خوێنەران رادەکێشم بۆ سەر مەیدانی سیاسی لە ئاستی کوردستان لە سەدەی رابردوودا. ئەوەی ئیمە لەو سەدەیەدا دەیبینین تەنیا سەقامگیربوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی سەرمایەداری نیە بەڵکوو لە هەمان کاتدا زۆر و سەرکوتی میللی و هاتنە مەیدانی ناسیونالیزمی کوردیش بۆ گۆڕەپانی سیاسەتە. جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی تەنیا جووڵانەوەی سەر ساحەکە نەبوو بەڵکوو زۆر جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی تریش لە مەیدان دابوون. بەڵام جووڵانەوەی ناسیونالیستی خۆی بە سەر باقی جووڵانەوەکاندا سەپاند و بوو بە مەیداندار ی "خەبات بو سڕینەوەی زولم و زۆر" کە تەبیعەتەن لە باشترین حاڵەتدا لە ستەمی نەتەوایەتی واتر نەدەچوو. خەباتی چەکداری بڕبڕەی پشتی ئەم جووڵانەوە بوو کە ئەویش مەیدانەکەی نەك لە شار بەڵکوو لە لادێ بوو. لەم خەباتەدا لادێ سەرچاوەی ژیانە چون چەکدارەکان تەنیا لە شاخ، دەتوانن بحاوێنەوە. شار دەبێتە ناوەندی ستەم چون جەرگی هێزی ستەمکار لە شارە و بە شارەوە بەستراوەتەوە. شار دەبێتە دەسەڵات، ئەو دەسەڵاتەی کە هێزی "ئازادی"، واتە هێزی ناسیونالیزمی بندەست، لە گەڵی دەستەویەخە بووە. شار بۆ حاوانەوە نابێ و دەبێ لێی دەرباز بی. شار دەبێتە سیمبۆلی دوو روویی و بێوەفایی. ئەوەی کە بیهەوێ وەفا و ئەمەگ پیشان بدات دەبێ شار وێڵ بکات و خۆ بخاتە ئامێزی پاکی سروشتەوە، دەنگی زولآلی شاخەوە و وەفا و میهرەبانی بێدریغی لادێ کە پیشمەرگە لە خۆیەوە دەگرێ و ژیانی پێدەبەخشێ. لێرەدا تەبیعەتەن بێجگە لە مەسلەحەتی ئاشکرای جووڵانەوەی ناسیونالیستی لە لاواندنەوە و

بەپیرۆزکردنی لادێ، رۆمانتیزمێکی فیودالیستی و وردکە بورژواییش لەمەر دێهاتەوە دەوری هەیە. بەڵام بە بڕوای من ئەوەی بووەتە هۆی لاوازبوونی لایەنی "شارستانی" لە ئەدەبیات لە کوردستاندا لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتی جووڵاوەنەوەی کۆمەڵایەتی ناسیونالیستی و کارکردنی دنیابینی ئەم جووڵانەوەیە لە سەر هونەر و ئەدەب لە کوردستاندا. ئەوە قورسایی روانگەیی ناسیونالیستییە کە وا دەکا نووسەر و هونەرمەندی کورد نەتوانێ کێشە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە ببینێ و لە دەربیجەی تەنگی کێشە و گیروگرفتی نەتەوەیی ڕا سەیری دنیا و کۆمەڵگای کوردیش بکات. ئەو کات تەبیعییە کە شار و دانیشتوانی شار، تا ئەو جێگەیەی کە بتوانن بکەونە قالبی بزوتنەوە و خواست و ئارەزۆ و ئاسۆکانی نەتەوەییەوە دەبنە ئامرازی کار و بەرهەمی نووسەر و هونەرمەندیك کە خۆی لە قوللەی ئەو جووڵانەوە ناسیونالیستیە ڕا دەڕوانێتە دنیا.

ئەم ئەدەبە ناتوانێ "ئەدەبی شار" بە گشتی و ئەدەبی کرێکاری کورد بە تایبەت، بێت. ئاخر کریکار لە هێزی کاری بەولاوە هیچیتری نیە کە خۆی و منالەکانی پێ بژیێنێ. کرێکار و زەحمەتکیشان و هێزی کارفرۆشانیتری شار، نانی سبەینێیان لە گرەوەی کاری ئەمرۆیان دایە. نە پارەی وەلاوەنراویان هەیە لە بانکەکاندا و نە موڵك و ماڵی بەمیراتماویان هەیە کە منالەکانیانی پێ بژیێنن. ئەگەر بۆ شەڕی درێژخایەنی کوردایەتی شار بە جێ بهێڵن و روو بکەنە شاخ. ساحەبماڵ هەرچەندەش "کورد و کوردپەوەر" بێت لە کریێ مالەکە بە خاتری وەشاخکەوتنی کرێکارەکەی خۆش نابێت و بە شەق، ماڵ بە خێزان و مندالی کرێکاری وەشاخکەوتوو چووڵ دەکات. هەر بۆیەش دەبینین کە هێزی پێشمەرگەی جووڵانەوەی کوردایەتی بەشی هەرە زۆری لە منالآنی وردەبورژواکان و لەو مرۆڤانە پێك دێت کە بە چوونیان بۆ شاخ، نان لە دەمی کەس نابڕدرێ و خیزان و منالی بەجێماو لە شار یان ئەوەندە داراییان هەیە کە جێگەی بەتالی نانهێنەری ماڵ هەست پێنەکرێ یان نانهێنەر پشتی بە دارایی خزم و کەس و کار بستووە. بۆ ئەو ئینسانانە چوونە ریزی پیشمەرگایەتی قسە لە سەر مان و نەمان نییە چون دارایی ماددی پشتی هەڵوێستەکەیان دەگرێ و هەر کاتیش ئیتر نەیانکێشا یا بڕیان نەکرد، دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی پێشوویان! هەر وەك وتم بۆ کریکاران و زوربەی دانیشتوانی شار ئەم کارە هەرگیز لە کردن نایە. کرێنشین ماڵەکەی لە دەست دەدات، کرێکار و

کارمەند ئیشەکەی لە دەست دەدات و زوربەشیان ناتوانن پشت ببەستن بە دارایی دایك وباوكێك كە لە ئارادانیە. ئەدەبیاتێك كە ناسیونالیزم بڕبڕەی پشتی بێت و تا مۆخی ئێسقانی داگرتبێت دیارە كە ناتوانێ و نایەت لە دەرد و مەرگی "لە شار ماوەكان" قسە بكات و ئاوێنەی ژیانیان بێت یان ئاسۆی بەرزتریان پێشكەش بكات!

**سکۆلار:** پەیوەندی زمان بە نووسینەوە؟ پەیوەندی زمان بەناسیۆنالیزمەوە؟ پەیوەندی زمان بە سیستەمی چینایەتی یەوە؟ پەیوەندی زمان بەدروستکردنی روئیاو بەدامەزراندنی میکرۆسکۆبی تەحلیلەوە ؟پەیوەندی زمان بەتەقالیدی کۆمەڵایەتی یەوە؟ ئێمە ئەم پرسیارەمان بەدوو هۆکار لەبەرێزت دەکەین، یەك ئەوە کە ووتارێکی زیندووت لە سەر زمان وەك بوونەوەرێکی زیندووی کۆمەڵایەتی بوو کە ئەو زمانەی لەچەند ڕووەوە توێکاری کردبوو بۆ ئەوەی زمانێکی شایستەی فەرهەنگی ئینسانی بێت دەخوازێت چ ئاڵوگۆڕێکی هەمەلایەنەی بەسەر دا بێت لەباری خۆیەوە، لەنێو خۆیەوە، لەخۆیدا.دوو ئەوە کە ئەمڕۆ دەستەیەك لەنووسەرانی کوردی هەن، زمان دەکەنە پێناسەی نەتەوە یان هەر خودی نەتەوە، وە لەوێوە زمانی کوردی دەکەنە شتێکی پیرۆزو بەهای دەخەنە سەر خودی ئینسانەکانی کە بەو زمانە دەئاخفن، یان نووسەرانێك هەن کە بڕوایان وایە ئەگەر زمانی نووسینی زاڵ پەیڕەو نەکەی ئیدی فورسەتێك بۆ لێکدانەوەی ماناکان نامێنێت. ئەگەر چی بەڕێزتان کە دەستەڵاتی قەڵەمتان بەسەر سێ زمانی کوردی، فارسی، سویدی دا دەشکێت ئێوە بۆچوونتان چۆنە؟ تۆ بۆ خۆت چ ئەزموونیکی خۆت هەیە بۆ نووسین لەو بارەوە؟

**سلیمان قاسمیانی:** زمان ئامرازی پەیوەندی مرۆڤ بە یەکەوەیە، وەسیلەیەکە بو ئەوەی من و تۆ لە یەك حاڵی ببین و هەستمان، تێکگەیشتنمان لە یەك، سەبارەت بە یەك، سەبارەت بە دنیا و گەردوون بە گشتی بە یەکتر رابگەیێنین، تەجروبەکانمان لە ژیان و دەسکەوتەکان و زانستی تا بە ئەمرۆمان بە نەوەکانی داهاتوو بسپێرێن. بەڵام زمان ئامرازێکی پاسیو و منفعل نیە بەڵکوو خۆیشی لەو پرۆسە کۆمەڵایەتیەی کە تێیدا خوڵقاوە و تێیدا هەڵدەسووڕێ، دەور دەبینێ. زمان دەتوانێ سیمبۆلە کۆنەکان، رێ ورەسم و داب ونەریتە کۆنەکان بپارێزێ و ببێتە لەمپەرێك

بەرامبەر بە نرخ و دابی نوێ و شایانی ژیانی ئەمڕۆی ئینسان.

زمان بە بێ ئینسان و جیا لە ئینسان شتێکی بێ مانایە و مەگەر لە "کتێبی پیرۆز"دا جێگەی هەبێ. زمان هی ئینسانە و لە گەڵ ئینسان دارە دارەی کردووە و هەستاوەتە سەر پێ. زمان وەکوو ئینسان خۆی مۆری مێژوو و گۆڕانکارییەکانی مێژوویی کە بە سەر ئینسان و کۆمەڵگای ئینسانیدا هاتووە بە نێوچاوانییەوە. بەو مانایە زمانی ئینسانی ئەمڕۆ ناتوانێ هەر زمانەکەی دوێنێ بێت. زمان لە هەر سەردەمێکدا وەك ئاوێنەیەك ڕەنگی ژیانی ئەو سەردەمە و نرخە ئینسانی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمەمان پیشان دەدات. لە زمانی سەردەمی دەرەبەگایەتیدا ووشەی "کەمتوان" واتە کەسیك کە بە هۆی نەبوونی ئەندامێك یان موشکیلەی فیزیکی پێویستی بە جۆرێك لە یارمەتی بێت، بوونی نیە بەڵام تا بمانەوێ ووشەی وەکوو شەل، گێر، نوقوستان، ئیفلیج، کەڕ، کوێر، حۆل، گێل بۆ ئەو ئینسانانە هەیە. ئەو وشانە نوقوستانیەکە دەکەن بە ناو و سیمبۆل بۆ ئینسانەکە و بەو ناوانە دەیناسێننەوە. نوقسانەکە دەخرێتە ئەستۆی مرۆڤەکە و بارەکە بە ملی خۆی دادەرێتەوە.

مرۆڤی ئەمڕۆ دەڵێ چێ؟ ئایا ئێمەش قەرارە وەکوو "باوك و باپیرانمان" بدوێین و ئاخافتنمان هەر لەو هەوایە دابێ؟ ئایا ئینسانی ئەمڕۆ ئەگەر باوەڕی بە یەکسانی ژن و پیاو بێت، ڕەستەکەی سەرەوە بە بێ ڕەخنە دووپات دەکاتەوە یان لە جیاتان لەوانەیە بڵێ "دایك و باوکانمان" یان "پێشینیانمان" یان هەر ووشەیەکی تر کە پیاوسالارانە نەبێت.

لایەنێکی تری ئەم باسە چینایەتی بوونی زمانە. ئەم ئیددیعایە نابێ پێویستی بە لێدوانێکی ئەوتۆ هەبێت. ژیانی ماددی ئینسان سنوورەکانی کۆمەڵایەتی زمان دیاری دەکەن. زمانی کریکار وەکوو چینێك، ڕەنگی ژیانی واقیعی خۆی پێوەیە. شێوەی ژیان، ئیمکانەکانی ژیان و گوزەران، تاڵی و خۆشییەکانی ئەو ژیانە و کەمایەسیەکانی ژیان مەیدانی هەڵسووڕانی زمان دەنەخشێنێ. نرخە کۆمەڵایەتییەکان و ئایدیۆلۆژیای هەر چینێك خۆی لە زمان و لە چۆنیەتی مامەڵە کردنی لە گەڵ زمانیشدا دەبینێتەوە.

چینی دەسەڵاتدار زمانی خۆی هەیە و نرخەکانی خۆی. دەسەڵات هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کە زمان و دنیابینی خۆی بکا بە زمان و ڕوانگە و ئاسۆی گشت کۆمەڵگا. سیستەمی خوێندن و بارهێنان لە کۆمەڵگا لە هەر چاخێك دا، یەکێك لە کارگەکانی شێلانی هەویری زەینی گەورە و بچووکی

کۆمەڵ بووە لە راستای ئاسۆ و ئارەزۆکانی چینی دەسەڵاتداردا. حوکمی چینایەتی بوونی زمان لە خۆیدا بە مانای چاك یان خراپ بوونی زمانی چینێك بە گشتی نییە. چینە داراکانی کۆمەڵ بە هۆی پلە و شوێنگەیان لە کۆمەڵدا، بە هۆی توانایی ماددی ژیانیان، بە هۆی ئەو ئیمکان و فرسەتەی بۆیان رەخساوە مەیدانێکی زۆر فراوانترین دەدرێتێ بۆ پەرەپێدان و قووڵتر کردنەوەی زمان بە گشتی. خوێندەواری لە سەرەتادا تەنیا بەشی بێ ئەملاوئەولای داراکان و چینی خاوەن دەسەڵات بوو. ئەو چینەی کە بە هۆی شەرایەتی ژیانییەوە حەساوەیە و ئیمکانی بینین و لەزەتبردنی لە دنیا هەیە زمانێکیتر پەیدا دەکات، دەست بەسەر زانستدا دەگرێ، خۆی لێ بەهرەمەند دەکا، گەشە بە ژیانی دەدا و زمانەکەشی شان بە شانی ئەمانەوە گەشە پێدەدا. زمانی مجرد، زمانی قووڵبین، زمانی ناسك هیچکامیان لە کوێرەوەری و هەژاری و ماندوویی تا مەرگدا ناخولقێن. چینە چەوسێنراوەکان و بندەستەکانی کۆمەڵ ئەو مافە بنەڕەتییەیان لێ زەوتکراوە. ئەوە چینی چەوسینەر و دارای کۆمەڵن کە نە تەنیا لە نیعمەتە ماددیەکان سوود دەبەن بەڵکوو لە نیعمەتە رەوانییەکانیش تێر و تەسەل دەبن.

وونمان کە زمانیش رەنگی چینەکانی کۆمەڵی پێوەیە. نابێ لە بیرمان بچێ کە مەسەلەی زمانیش وەکوو هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی تر پەیوەندی هەیە بەو بەربەرەکانییە بەردەوامەی کە لە نێوان چینی دەسەڵاتدار و چینی بندەست لە ئارادایە. سەنگی تەرازووی هێز بە لای هەرکام لە جووڵانەوە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەوێت، هێزی ناوبراو پێشرەوی دەکات یان پاشەکشەی پێدەکرێت. ئەم مەسەلە زۆر بە ئاشکرا لە مەیدانی دەسکەوتە سیاسی و رامیارییەکاندا بەدی دەکرێت. دەبینین کە چون بە هۆی سەنگی تەرازووی هێزەکان دەسەڵاتداران مەجبوور دەبن مل بنێن بۆ ئەم و ئەو داوایە یان بە پێچەوانە کاتێك کە دەسەڵاتداران لە هەلومەرجی تایبەتدا دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکان پێشێل دەکەن و پاشەکشەیەکی دووبارە بە سەر چینی چەوساوەدا دەسەپێنن.

ئەم مەسەلە هەر بەم شێوەیە لە مەیدانی زمانیشدا خۆی پیشان دەدا. بە ئینسانی بوونی هەرچی زیاتری زمان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمرۆدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو ململانە بەردەوامەی جووڵانەوەی کریکاری و سوسیالیستی لەگەڵ کاپیتالیزم بە درێژایی سەدەو نیوێك لە ئاستی جیهانیدا بوویەتی. ئەگەر ئەمرۆ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا حورمەتی ئینسان

به گشتی لەسەرترە تا لە وولاتانی تر، نە بە هۆی مەرحەمەتی سەرمایەداری و دەسەلاتەکەی بەلکوو بە هۆی سەنگی جوولانەوەی کریکاری و سوسیالیستی لەم وولاتانە دایە.

بە هەرحال، بە لای منەوە زمان وەسیلەیەکە بۆ ئاخافتن و بەردەوام لە ئالوگۆڕ و گەشە کردندایە. زمانێك کە بەرگی تەنگی سنووری نەتەوایەتی بە سەرخۆی دا بکا، بەر لە هەموو کەسێك خۆی و خاوەنەکەی دەخنکێنێ. زمان خۆی لە خۆیدا ئەگەر سنوورێکی هەبێ جوگرافییە و بەس. باقی سنوورەکان دەسکردن و پەیوەندی راستەوخۆیان بە زمانەوە نیە! ئەگەر سیاسەتێکی تایبەتی سەبارەت بە زمان و ووشەی ئاخافتن لە گۆڕدا نەبێ، زمانەکان بێ هێچ موشکلیەیەك یەکتر پاراو دەکەن، لە یەکتر وەردەگرن، دەبن بە میوانی یەك و ریگا بۆ یەکتر خۆش دکەن. ئەگەر زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندی گرتنی مرۆڤ بە یەکەوە بێ نەك لە یەك داپچڕاندنی مرۆڤەکان لە یەك، ئەوسا زمان خۆی رێگەی خۆی دەدۆزێتەوە و بە سەر سنوورە دەسکردە نەتەوەییەکاندا باڵ دەکێشێ و پێویستییەك بە هەبوونی ئاکادیمیایەکی زمان نابینێ بۆ دۆزینەوە یان داهێنانی ووشەی نوێ. زمان خۆی ئەو وشانە دەبینێتەوە!

بەلام ناسیونالیزم لە زمان ئیستیفادەیەکی دیکە دەکا. زمان لە روانگەی ناسیونالیزمی ئەم سەدەیەدا ئامرازی ئاخافتن نیە، وەسیلەیەك نیە بۆ لەیەك حالی بوونی تاقمێك لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بەلکوو سیمبۆلێکە بۆ راگەیاندنی جیاوازی، بۆ هەلاواردنی "خۆیی" لە "بێگانە". ناسیونالیزم وەکوو جوولانەوەی بورژوایی بۆ خولقاندنی نەتەوە لە جەرگەی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا، بەم چاوەوە نەیدەڕوانییە زمان. زمان لە ئەسلدا بۆ بۆرژوازی ئەو کاتە پیرۆزیەکی ئەوتۆی نەبوو. مەسەلەی سەرەکی بۆرژوازی فەرانسی لە سەردەمی شۆرشی بۆرژواییدا نەك زمانی فەرانسی و پاراستنی ئەو زمانە لە بەرامبەر زمانەکانی تردا، بەلکوو سەقامگیرکردنی دەسەلاتێکی یەکسانی سیاسی و رامیاری و قانوونی بە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەرەبەگە جۆراوجۆرەکان لە ئیمپراتۆری فەرانسەدا بوو. گرینگی زمان بۆ بۆرژوازی ئەو کات لەوەدا بوو کە بە دەسەلاتی دەربەگایەتی و بەم پێیە جیاوازی زاراوەکان کە خۆی لە خۆیدا رێگر بوو لە سەر رێگەی حەرەکەی ئازاد و بێ گیروگرفتی سەرمایەدا، کۆتایی بێنێت. دوژمنی سەرەکی بورژوازی فەرانسی و ئیتالی لەو سەردەمەدا نەك "نەتەوە"ی تر بەلکوو سیستەمی دەرەبەگایەتی لە

چوارچێوەی سنووری وولات لەو سەردەمەدا بوو. لە سەردەمی شۆرشی بورژوایی فەرەنسیدا، بە ئاشکرا باس لە چەن زمانی جیاواز لە ناو سنوورەکانی فەرانسەدا دەکرێ و مەرجی فەرەنسی بوون نەك زمانی فەرانسی بەڵکوو "هاووولاتی بوون" دادەنرێت!

ناسیونالیزم لە سەدەی بیستەم بە دواوە ئیتر دوژمنی سەرەکییەکەی نەك سیستەمی دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی سەردەم، بەڵکوو "نەتەوە"یەکی ترە و هەر بەم هۆیەش لە گەڵ کۆنەپەرستترین هێزەکانی سەردەم چ لە چوارچێوەی سنوورەکانی وولاتی خۆی و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەست تێکەڵ دەکات، پشتیان پێدەبەستێ و یارمەتیان دەدات. ئەم ناسیونالیزمە، زمانیش دەکاتە کۆیلەی خۆی و بە نێوی زمانی رەسەن و زمانی پەتی دیوارەکانی نێوان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زیاتر و زیاتر هەڵدەکێشێ. زمانی "رەسەن" بە قەرای "رەگەزی رەسەن" فاشیستی و دژی ئینسانییە و دەبێ لەقاو بدرێ.

**سکۆلار:** تایبەت بەشیعروشاعیران، تۆ ئەم دوانە لێکهەڵدەوەشێنی، پەیوەندییان پێکرا چۆنە؟ ئایا پێت وایە شیعر کۆرپە و منالّی شاعیرە؟ ئەگەر پێشت وایە ئایا هەمان دەسەلاتی زالّمانەی باوك بەسەر کۆرپەکانیدا پێت وایە شاعیران دەتوانن جێبەجێی بکەن و ئایا ئەو گۆڕانەی دونیای نوێ لەپەیوەند بە نەوەو باوکەکانەوە پێویست نیە بچێتە نێو ئەم گرێیەوە؟ ڕوویەکی تری مەسەلەکە، یان دیوێکی تری لێکدانەوەکان ، ئایا ڕۆڵی شیعر لە بەخشینی پیرۆزی بە شاعیران چیە؟ بۆ نموونە لە حەزرەت وباوکی شیعرو شاعیری گەورەو مەزن ....ئایا لە پشت ئەم پیا هەڵدانانە دا شعورێکی گشتی هەیە یان بەرجەستەبوونێکی ئایدۆلۆژیگەری *تایبەت هەیە؟*

**سلیمان قاسمیانی:** "لە سەرەتادا تەنیا خوا هەبوو و ووشە لە لای"! ئەمە یەکەم دێڕی ئینجیل، کتێبی پیرۆزی عیسایییەکانە. موشکیلەکە ئەوەیە کە خوا کە نەبوو هیچ، تەنانەت ووشەش لە سەرەتادا نەبوو! لە پێشەوە گەردوون بوو، دوایی دنیا هاتە ئاراوە، ئەوسا ژیان لە سەر کوورەی زەوەی هاتە چرۆکردن و تەقریبەن لە دوای هەمووی ئەوانە ئینسان هاتە مەیدانی کایەی ژیانەوە! ئەویش تازە لە سەرەتادا نە ووشە بوو و نە زمان! کەڕ نەبوو بەلاّم زمان لە ئەندامە هەرە بەنرخەکانیشی نەبوو! ئەوەی کە ئینسانی کردە ئینسان نەك ووشە بوو و نە زمان، بەڵکوو دەستەکانی بوو و

"کار". زمان و ووشە زۆر دواتر، کاتێك کە دەسکەوتەکانی کار و هێزی پەنجەکانی ئینسان مێشکی شڵەقاند و خستییە تێفکرین و تێڕامان، وردە وردە بە خوار و خێچی کەوتە گەڕان! واتە "کار" بەرهەمی ئینسانە و خوڵقێنەری ئینسانە وەکوو ئینسان. واتە کار خوڵقێنەری ووشە و زمانیشە.

بە گشتی لە نێو شاعیراندا کەم نین ئەوانەی کە شیعر ئەوەندە بەرز دەکەنەوە تا دەگاتە ئاستی پیرۆزبوون، هەر وەکوو چۆن قورئان پیرۆزە بۆ موسولمانێك، یان تەورات بۆ مووساییەك و ئینجیل بۆ عیساییەك! بە لای منەوە شێعری پیرۆز هەبوونی نیە، لە دایك نەبووە و هیوادارم هەرگیزاوهەرگیزیش لە دایك نەبێ! ئەوانەی شیعر بە لایانەوە "دوایین کەلام" و "ووشەی ئاخرە" خەریکی کڕینی قەباڵە بۆ ماڵی کاولی خۆیانن! شیعر ناتوانێ ووشەی ئاخر بێت چون کۆمەڵگای ئینسانی، یەکسان نیە و شاعیر نە "حۆرییە" و نە "پەری" تا لە سەرووی هەموو جیاوازییە چینایەتییەکاندا بژی، باڵ بگرێ و بانگەوازی هاوبەشی و برایەتی بدا. ئەگەر بێت و شاعیرێکی ئاوەها پەیدابێت دڵنیا بن یان مەلایە یان سەری لێشێواوە!

بە پیرۆزکردنی شیعر و شاعیر بە بڕوای من ریشەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئایین و دەسەڵات. هەروەك چۆن ئینجیل دەڵێ "لە سەرەتادا تەنیا خوا هەبوو و ووشە لە لای " بە لای شاعیرانی چینی باڵادەستیشەوە "ووشە" بەر لە ئینسانە، لە سەرەوەی ئینسانە هەروەکوو خوا و ئایین. خوێندەواری لە سەرەتادا تەنیا بۆ پیاوانی ئایین بوو کە بەشێك لە دەسەڵات بوون و دەسەڵاتەکەیان ئاسمانی و خودایی بوو. دیارە ئەوەی کە ئیشەکەی "کەلامی پیرۆز" بێت خۆیشی دەکەوێتە بەر سێبەری ئەم پیرۆزییە. تا بەر لە هاتنە کایەی سەرمایەداری لە وولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خوێندەواری موڵکی دەربەستی مەلاکان بوو. لە کوردستانیش هەر بەو شێوەیە بوو. تەواوی شاعیرانی کلاسیکی کورد یان مەلان یان شێخ و خەلیفە، کەسانێك کە بە هۆی مەوقعییەتی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە رێزی تایبەتیان بۆ دادەنرێ. وەك دەبینین زۆریك لە شاعیرانی ئەمرۆش دەکەونە هەمان هەوا و وەکوو چینێکی تایبەتی سەیری خۆیان دەکەن. لێرەدا نابێ لە بیرمان بچێ کە ناسیونالیزمیش لە بەپیرۆزکردنی ئەو شاعیر و نووسەرانە کە لە چوارچێوەی ئاسۆکەی دا دەگونجێن دەستی هەیە.

وەك چۆن ئینسان مێژووی هەیە شیعر و شاعیرەکانیشی ناتوانن بە دەر لەو مێژووە بن. ئیددیعای شیعری رەسەن کە گوایە سنووری مێژوو

دەشکێنێ، هەر وەکوو دیعایە دەمێنێتەوە. هەندێك کەس وەکوو بەڵگە شیعرەکانی "هۆمێر"ی یۆنانی یان "حافز" و "مەولەوی"مان دەخەنەوە بیر. ئەوەی کە شیعرەکانی ئەم شاعیرانە بە لای خوێنەری سەدەی بیست و یەکەمیشەوە شیرن دەنوێنێ نەك "رەسەن" بوونی شیعري، بەڵکوو لێدوان لە ئازادی، خوشەویستی، رێز و حورمەتی ئینسان و بەرەنگارییە لە گەڵ زوڵم و زۆر بە گشتی. ئەو شیعرەی کە لەم مەیدانەدا بدوێ و هەڵوێست بگرێ دژی سەرکوتی ئینسان، حەتتا ئەگەر دوو هەزار سال لەوە پێشیش ووترابێت، هەستی ئینسانی ئەمرۆ بەرەو خۆی رادەکێشێت چونکە ئینسانێك کە لە خۆی بێگانە نەکرابێت هەست بە هاوبەشی دەکات لە گەڵ خەباتی ئینسان بۆ ئازادی و دژی ستەم لە هەر کوێی دنیا بووبێت و هەر کاتێك کە بووبێت. بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نیە کە هەرچی ئەو شاعیرانە نووسیویانە گوایە دڵگیر و جێگەی پەسندی ئینسانی ئەمرۆ بێ. تا ئەو جێگایەی کە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کۆن (جا چ چەن هەزار ساڵ لەمەوپێش بن یان سەد سال) گشتی بن، ئیمکانی پەسندبوونیان لە لای نەوەی ئەمرۆ زیاترە. بەڵام هەرچی کۆنکرێت تر و نزیکتر لە مەوزووع و ناوەرۆکی شیعرەکان بکۆڵینەوە زیاتر هەست بە دووری دەکەین لە گەڵ بیروبۆچوونی ئەو شیعرانە و لە ئاکامدا ئیتر ئەو تام و چێژەیان بۆ ئێمەی ئینسانی ئەمرۆ نامێنێت. لەوەدا نە شاعیرانی کلاسیکی چەن سەدە و چەن هەزار ساڵ لەوە پێش هەڵەیان کردووە و نە ئێمەی مرۆڤی ئەمرۆ کاتێك کە شیعرەکانی ئەو سەردەمە لە گەڵ نرخە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمرۆ نایەنەوە! حافز و مەولەوی، دوو شاعیری زۆر بە ناوبانگ و گەورەی کلاسیکن، دوو شاعیر کە ئەمرۆش دوای چەن سەد ساڵ بەشێك لە شیعرەکانیان جێگەی پەسندی مرۆڤی ئەمرۆش هەن. بەڵام حەتتا حافز و مەولەویش بە واتایەك سنوورپەڕێن نین! باس و دوانی حافز و مەولەوی بۆ وێنە لە خۆشەویستی، باسێکی رۆمانتیکي و سوننەتییە! خۆشەویستی نیە بەڵکوو خۆئازاردانە و ئەمرۆ عاشقێکی لەم چەشنە دەستبەجێ بە دوکتوری نەفسانی دەناسێنن. "لەیلی و مەجنوون" ئیتر سیمبۆلەکانی خۆشەویستی ئەمرۆ نین! ئەگەر لە خوشەویستی و سیمبۆلەکانی خۆشەویستی لە نێو شیعری شاعیرانی کلاسیکدا بکۆڵینەوە، ئیتر ئەو شیعرانە نە تامێك دەدەن بە ئینسانی ئەمرۆ و نە چێژێکیان بۆ ئەمرۆ دەمێنێ!

شاعیری بێ لایەن تا ئیستا لە دایك نەبووە! مەبەستم بێ لایەن بوونی سیاسی یان سەر بە حزبێکی سیاسی بوون نیە. کەم نین شاعیر و

نووسەری وا کە سەر بە هیچ حزبێکی سیاسی نەبن و لەوانەیە هێرشیش بکەنە سەر هەموو حزبەکان. حزبی بوون یان حزبی نەبوون ناتوانێ حاشا لەم راستییە بکات کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگا دا پەیوەستن بە یەکێك لە چینەکانی ناو کۆمەڵ و بیر و بۆچوون و دنیابینینیان لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی یەکێك لەو چینانە یەك دەگرێتەوە. گەلێك لە شاعیران هاوار دەکەن کە سیاسی نین بەڵام کاتێك کە لە شیعرەکانیان ورد دەبییەوە دەبینی کە پەیامێکی تایبەتییان هەیە. ئەو پەیامە مومکینە راستەخۆ نەکرێ بە حزبێکی سیاسییەوە گرێ بدرێ بەڵام ناکرێ شاعیر و نووسەر قسەیەك بکا و پەیامێك بدا کە تەنیا تایبەت بێت بە ئەو و لە گەڵ ئاسۆی هیچ جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگادا نەخوێنێتەوە! ئەم ئیددیعایە لە مێژوودا تەنیا بە "پێغەمبەرانەوە" دەناسرێتەوە! موشکیلەکە لەوەدایە کە ئیتر دەوری پێغەمبەران بە سەرچووە!

بێمەوە سەر پرسیارەکەت سەبارەت بە شیعر و شاعیر. شیعر بە واتایەك لە شاعیرەکەی جیا ناکرێتەوە. شیعر هەرگیز ناتوانێ لەو سنوورانەی کە شاعیر و خوڵقێنەرەکەی هەیەتی، واوەتر بڕوات. ئەوە شاعیرە کە باڵی شیعرەکەی هەڵدەبەستێ. بەڵام شیعر کە ووترا و چووە سەر کاغەز، ئیتر تەنیا موڵکی شاعیر نیە و هەر خوێنەرێك بە پێی ئەوەی کە سنوورەکانی شیعرەکە چەندە فراوان و ئاواڵە بن، دەتوانێ مانای خۆی بدا بە شیعرەکە و وێنەی تایبەتی خۆی لە شیعرەکەدا ببینێ.

لە کۆتایی باسەکەدا دەمەوێ کەمێك زیاتر لە سەر شیعر و زمان و سیمبۆلەکانی شیعریدا بدوێم. لەوە پێشتر ووتم کە شیعر ناتوانێ خۆی دوور بگرێ لە جووڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان. زمان و سیمبۆلەکانی شیعریش گیرۆدەی ئەم راستییەن! یەکێك لەم راستییانە دەوری زۆر گرینگی زمان و سیمبۆلی ئایینی لە شیعر و ئەدەبی کوردی دایە. تا ئەو جێگایەی کە باس لە سەر شاعیرە کلاسیکەکانی کوردی بێت، ئەم رواڵەتە شتێکی سەیر نیە. دیارە کە لەو سەردەمەدا خوێندەوارەکانی کورد بریتی بوون لە مەلا و فەقێ و شێخ و مناڵانی دەرەبەگەکان. تەبیعییە کە زمانی ئەو شاعیرانە و سیمبۆلەکانیان زمان و سیمبۆلی ئایینی بن! ئەوەی کە مەلایەك، هەم مەلا بێت و هەم دژی بۆچوونی ئایینی بێت شتێکی زۆر ئاسایی نیە! شیعری شاعیرانی کلاسیك پڕە لە سیمبۆلی کۆن و کۆنەپەرستانە کە نرخەکانیان تەواو ئایینی و دەرەبەگانەن.

ئەم سیمبۆلانە لە شیعری زۆرێك لە شاعیرانی ئەمرۆشدا درێژە بە ژیان دەدەن. شیعر و شاعیری ئەمرۆیی، شیعری ئازادیخواز و ئینسانی، ناتوانێ بە هیچ جۆر پاکانە بکا بۆ ئاسەواری ئایینی و جێ پێی کولتووری فیودالی بە سیمایەوە. خوا سیمبۆلی دەسەڵاتی موتڵەقە و شاعیری نوێخواز ناتوانێ خوا بکاتە سیمبۆلی "گەورەیی" یان هەر شتێکی پۆزەتیڤی تر و نوێخواز بمێنێتەوە. کەڵك وەرگرتن لەو سیمبۆلانە دەبێتە هۆی ژیان پێبەخشینی بەردەوام بە ئایین و ئەوەی کە شاعیر لەوانەیە لە راستیدا مەبەستی نەبێ. "مینبەر"، "میحراب"، "نوێژ"، "سوجدە"'، "بەخاچ کێشران"، "عیسا"، "رۆژی عەشر".... لە شیعری زۆر شاعیری غەیرە ئایینیدا دەبینین. لە لای شاعیری ئایینی، زمان و سیمبۆل و باوەر یەکدەگرن. بەڵام سەیر ئەوەیە کاتێك شاعیر ئاڵایەك هەڵدەکا کە دژی خۆی هەڵدەستێتەوە. تەبیعەتەن مەبەستی من ئەو شاعیرانەن کە بە ئاشکرا هەڵوێستیان هەیە بەرامبەر بە ئایین و کولتوور و نرخە کۆنەپەرستانە و دواکەوتووەکان، کەچی سیمای شیعرەکانیان بەم شێوەیە دەڕووشێنن! شاعیری ئەمرۆ دەبێ بە زمانی ئینسانی ئەمرۆ بدوێ. هەستی ئینسانی ئەمرۆ ووشەی تایبەتی خۆی دەوێ، وێنەی تر و سیمبۆلی تری دەوێ، چونکە هەم شعور و هەم جوانیناسی و هەم هەستی ئینسانی ئەمرۆ جیاوازە لە ئینسانی سەدەکانی پێش.

* ئەم نووسینە یەکەم جار لە گۆڤاری سێکۆلار- ژمارەی ٤، ساڵی ٢٠٠٤ دا بڵاو کراوەتەوە.

# خوا و لەشکری سیمبۆڵەکانی لە شیعردا

*هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لە سەر لێو*
*حەددی چییە "نالی" کە بڵێ ماچە کەفارەت*
(دیوانی نالی، ل ١٣)

*بێ سوننەتی تەقبیلی دەمت عاطلە رۆژم*
*بێ حضرەتی محرابی برۆت باطلە نوێژم*
(دیوانی نالی، ل ٢٧)

*دەری تۆ کەعبە بوو "حاجی" تەوافی کرد و نەیزانی*
*چ قەوما کەعبە کەج بوو، مەسجیدی ئەقصایە رووخاوە!*
(دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٣٥)

*غەم مەخۆ قوربان، لە بۆ قوربانی عیدی وەصلی تۆ*
*مووددەتێکە بەو ئومێدە "حاجی" خۆی دابەستووە*
(دیوانی حاجی قادری کۆیی، ڵ ١٣٢)

*له چاوانم نەما بۆ گریە، نۆبەی سوجدە بەر دەریە*
*سیاسالم نەبارە، نوێژی ئیستیقصا نەکەم چبکەم*
(دیوانی مەحوی، ل ٢٣١)

*بە دەستی خونچە، دەمی دەستی دا کە بەیعەت بۆم*
*چ ئارەزۆمە لە عیسا دەم، لە مووسا دەست*
(دیوانی مەحوی، ل ٧١)

نالی بۆ مەیلی ماچێک لە لێوی یار، دەم تاوانبار دەکا کە بارێک گوناهی خستووەتە سەر لێو، تا بۆ پاکبوونەوەی گوناهەکان ماچ بە کەفارەت دابنێ. گوناهی دەم و لێو، کەفارەتی گوناە بە ماچ و دامرکاندنی ئاگری گەیشتن بە یار. لێچواندنێکی سەرکەوتووانە لە چوارچێوەی ئاییندا. هەرچەند کە بە قەولی مەحوی "قضییەم مانع الجمعە" چۆنکە دین و ماچ و مووچ لە گەڵ یەک کۆناکرێنەوە.

حاجی قادر هەروەکوو سوننەتی ئەڤینداران لە سەدان ساڵدا بووە، ئامادەیە گیانی بخاتە سەر رێگای یار. ئەو تەنانەت لە کۆڕی عاشقان واوەتر دەڕوا و هەر لە سەرتاوە بە قەسدی خۆ بە قوربانکردنی یار، خۆی دابەستووە تا یار لە رۆژی قوربانی گرتنەکەیدا، قوربانییەکی بە پێزی دەست بکەوێ. خۆشەویستی حاجی ئەوندە بە هێزە کە دەرگای یاری لێ دەبێتە کەعبە و تەوافی دەکا. لێچواندنێکی کفراوی.

مەحوی هەرچی فرمێسکی هەیە دەیرێژێ بۆ یار، کە دەبێنێ چارەی دەرد نەکراوە ئەمجار لە بەر دەرگای یار دەکەوێتە سوجدە بردن. چ کەردن کاتێک بەخت رەشە و ئاو وەک لە چاو، لە ئاسمانیش براوە، بێجگە لەوەی نوێژ بکەی بۆ باران، بۆ لوتفی یار.

لەو شیعرانە دا هەر سێ شاعیر بە شێوەیەکی زۆر وەستایانە و لێهاتووانە عەشق و سۆز و دەردی دەروونیان بۆ خۆشەویست بە ئاوێنەی ئایین و لە چوارچێوەی ئاییندا، دەردەبڕن. دیارە کە شاعیر بە لێچواندنی دەستی یار بە دەستی مووسا و دەمی یار بە دەمی عیسا دەچێتە ئەوبەری سنووری ئایین. ئایا ئەوە سنوورپەڕێنییە؟ بە بڕوای من نا. شاعیر لەو شیعرەدا نە دەستی دەریا لەتکەر و کێوسووتێنەری مووسا دەباتە ژێر پرسیار و نە هەناسەی ژیانبەخشی عیسا، نە نوێژ کردن بە کەم دادەنێ و نە سوجدە بردن بۆ خوا دەزڕێنێ. بە باشترین خوێندنەوەش شاعیر هیچ کام

لەو دیاردە ئایینی و دینییانە ناشەمزێنێ بەڵکوو، مەعبوودێکی دیکە دەخوڵقێنێ. خوا هەر خوا دەمێنێتەوە و نوێژ کردن و قوربانیدان دیسانەوەش هەر لازمن، تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە عیسا و مووسا ئەوڕۆ دووبارە لە دایک بوونەوە و خەریکن بە موعجیزەکانیان دڵی شاعیر دەبەن و سەری لێدەشێوێنن.

ئەوەی کە لە شیعرەکانی سەرەوەی ئەم سێ شاعیرەدا دەیبینین، زمانی شیعری سەردەمی ئەو شاعیرانەیە و بە پێوانەی ئەو زمانە، شیعری جوان و سەرکەتوون. مۆری ئایین زۆر بە روونی بە تەوێڵی ئەو شیعرانەوە دیارە. نرخ و ئەرزشی ئایینی و دینی کە نرخی باڵادەست لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا بوون، سێبەری کێشاوە بە سەر شیعرەکاندا. ئەو سیمبۆلانەی کە شیعرەکانی پێ دەرازێتەوە، سیمبۆلی ئایینین.

مەسەلەیەکی گرینگتر کە دەبێ ئیشارەی پێبکرێ ژینگەی شاعیرەکانە. لە سەردەمی فیودالی و تا بەر لە بە گشتی بوونی خوێندەواری لە کوردستان، خوێندنەوە و نووسینەوە کاری پارێزەرانی ئایین و لە پلەی یەکەمدا مەلاکان بوو. زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی کورد تا بەر لە سەدەی بیست، یا مەلان یا بەگزادە. تەبیعییە کە زمانی شیعری لە ژێنگەیەکی ئایینیدا، ئایینی بێ. ئەوەی کە سیمبۆلەکانی ئایینی سەرتاپای شیعرەکانی مەحوی دادەگرێ نەک هەر سەیر نییە بەڵکوو پڕ بە پێستی سەردەمی ژیان و ژینگەی شاعیرە. لە سەردەمی ژیانی شاعیردا ئیستا ئاسۆی ژیان و زمانێکی تر، لە بەرانبەر ئاسۆی فیودالیدا بوونی نەبوو کە شاعیر بکەوێتە بەرانبەر دووڕێیانێک و مەجبوور بە هەڵوێستگرتن و هەڵبژاردن بێت.

حاجی قادر مرۆڤێکی دینداری خواپرستە. بۆ حاجی "قوربانی" دان بە راستی پیرۆزە و بە لایەوە قوربانیدانی ئیبراهیم بە ئەمری خوا، کە تا بەئەمرۆش موسوڵمان و عیسایی و مووسایی پێرەوی دەکەن، قسەی تێدا نییە و ئەوەندە جوانە کە شاعیر بۆ دەربڕینی هەستی بێ سنووری خۆشەویستی خۆی بۆ یارەکەی، دەست لە گیان شۆردنی خۆی بۆ چاوی یار بەو قوربانیدانە دەچوێنێ. بۆ حاجی و نالی و مەحوی نوێژ کردن و سەری پاڕانەوە دانەواندن بۆ خوا فەرزە و ئەمرێکی تەواو پیرۆز. هەربۆیەش کاتێک برۆی یار دەکەن بە میحراب و لە بەر پێی یار سەری سوجدە دادەنەوێنن لە پیرۆزی نوێژ و سوجدە بردن و پەرستنی

دەسەڵاتێکی بەرزتر لە مرۆڤ نە تەنیا کەم ناکەنەوە بەڵکوو ژیان دەخەنەوە بەری و دەیژیێننەوە. کەڵک وەرگرتن لە زمانی ئایینی و لە سیمبۆل و نرخەکانی مۆری رەوا و بەرحەقدانە لە ئایین و تەمەنی دین و ئایین درێژ دەکاتەوە.

مەیدانداری زمان و سیمبۆلی ئایینی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کورد بۆ لۆمە کردن نابێ چون ئەوان کەلەپوورێکی تریان لە زمان و سیمبۆل و نرخی کۆمەڵایەتی بە دەستەوە نەبوو. بۆیە قورسایی باسی ئەم نووسراوەیە دەخرێتە سەر سەردەمی نوێ و رەنگدانەوەی ئایین لە شیعری ئەمرۆدا.

ئەم نووسینە قسەیەکی لە سەر شاعیرانی دیندار و خواپەرستی ئەمرۆش نییە. هەروەکوو پێشتریش ووتم، ئاشکرایە کە شاعیرێکی دیندار بە زمانی ئایینی بدوێ، بیروبۆچوونی ئایینی هەبێ و لە روانگەی دینەوە سەیری جوانی و خۆشەویستی و هەموو هەڵسوکەوتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات.

ئەو کەسەی ئایین دەخاتە ژێر پرسیار، دیارە رەخنەکەی شیعری ئایینی و ئاسەواری ئایین لە شیعر و ئەدەبیشدا دەگرێتە بەر. رووی پێنووسەکەی من لەم ووتارەدا لە پلەی یەکەمدا شاعیرانی چەپ، سکۆلار و دوور لە ئایینن و لە پلەی دووهەمدا ئەو شاعیرانەن کە بڕوایەکی ئەوتۆیان بە نرخە ئایینییەکان نییە کەچی زمانی ئایین دەهێننە نێو بەرهەمەکانیان.

*ئیبلیسی سەرکەوتووی سەرخۆش*
*لە سفرەی شینی ئێمە شایی دەکا*
*دەبێ خودا لە کەلێن و پەستێوی ماڵ پەستێون*
*بیشارنەوە!*

(ئەحمەد شاملو، شیعری "تەنگانە"، کۆمەلە شیعری "تا شکۆفەی سووری کراسێک"، وەرگێرانی ناسر حیسامی، چاپی دووهەم، ئینتشاراتی کانوون، سالی ١٣٦٩، ل ٨٣)

دیارە کە زمان و سیمبۆلی ئایینی لە شیعری شاعیرانی هەرچوارگۆشەی دنیادا دەبینرێتەوە. شاملو شاعیری بەناوبانگی ئیرانی شاعیرێکی شورشگیر و بێ دین بوو و بە ئاشکرا دژی کۆنەپەرستی بە

گشتی و کۆنەپەرستی ئایینی بە تایبەتی تێدەکۆشا و دەینووسی. بەڵام شاملو لە زور شیعردا بە تایبەت شیعرەکانی دەورەی پاشایەتی لە ووشە و سیمبۆلی ئایینی کەڵک وەردەگرێ. شاملو شاعیری کورد نییە بەڵام بێ گومان لە سەر زۆر شاعیری کورد تەئسیری داناوە. پرسیار ئەوەیە بۆ دەبێ شاعیر، سەرکوتگەربە شەیتان بچوێنێ و خوا بە زولم لێکراوێک کە دەبێ لە بەر هەرەشەی شەیتان لە کەلێن و پەستێویماڵدا بشاردرێتەوە. شاملو بۆ خوا ناپارێتەوە بەڵکوو دەیهەوێ بڵێ کە دەسەڵاتدارانی ئایینی خۆیان لە شەیتان خراپترن و کاریکیان کردووە کە تەنانەت خواش دەبێ لە دەس ئەوان خۆی بشارێتەوە. لێرەدا خوا و شەیتان لە بەرانبەر یەکدا راوەستاون، خوا چاک و شەیتان خراپ، دوو بەرەی ناسراوی ئایینی. لەم شیعرەدا بەرەی خوا دڵنەوازی لێدەکرێ. خوا دەبێتە زۆلم لێکراو و ماف خوراو و شەیتان دەبێتە ئالای شەڕ و نەکبەت و زۆرداری. چاک و خراپ لێرەدا جیگەیان نەگوڕاوە و بە چاویلکەی ئایین و بە زمانی ئایینەوە کێشە کۆمەڵایەتیەکە بەرئاوەرد کراوە.

*لە میهرەبانی بێدریغی گیانی تۆ*
*مەسیح ی دایک، ئەی خۆرە تاو!*

(ئەحمەد شاملو، شیعری "غەزەلی نەتوانین"، هەمان سەرچاوە، لاپەرەی ٦٧)

*بە هەموو چاوەوە لە تۆ دەگەرێم*
*بە هەموو شەوقەوە تۆ دەخوازم*
*لە ژێر لێوەوە دووبارە دەڵێمەوە*
*دایم ناوت بە ئەسپایی*

*ئەی مەسیحا!*
*ئێستە!*
*مردووێک لە دلێ تابوتا دەجووڵێتەوە ئارام ئارام....*

(ئەحمەد شاملو، شیعری "شەوانە"، کۆمەلە شیعری "هەوای تازە"، انتشارات نگاه- انتشارات زمانە، چاپی هەشتوم، سالی ١٣٧٢، لاپەرەی ١٤٦)

عیسای پێغەمبەر، بە پێی بۆچوونی عیسایەکان کوڕی خوایە و خوا بە

فووی مبارەک، مریەمی پیرۆز، دایکی عیسا دوو زگ دەکا. عیسا هیزی تایبەتی هەیە، بە سەر ئاودا دەروا، مردوو زیندوو دەکاتەوە و بە تاقە نانێک هەزاران برسی تێر دەکا. شاملو لێرەدا خۆشەویستەکەی کە هەر وەکوو عیسا لە ژێر هەرەشەی زۆردار دایە و هەر بەم هۆیەوە دەبێ بە ئەسپایی ناوی بێنێ، دەکا بە عیسا. خۆشەویستەکەی شاعیر شۆڕشگێرە و دەیهەوێ گیان بخاتەوە بەر مردووەکان بۆ رزگاربوون لە دەست دەسەڵاتداری سەرکوتگەر. عیسا سیمبۆلی دووبارە ژیانەوەیە. بەڵام شاعیر بیر لەوە ناکاتەوە کە بە کەڵک وەرگرتن لەو سیمبۆلە، کۆمەک دەکا بە دووبارە ژیانەوەی سیمبۆلەکە و ژیان دەبەخشێ بە ئایین.

*هێمن نەچی بۆ هۆبە*
*دەنا دەشکێنی تۆبە*

(هێمن، شیعری "بەهاری کوردستان"، کۆمەڵە شیعری "تاریک و روون"، چاپی ١٣٥٣، ل ١١١ )

هێمن یەکێک لەو شاعیرانەیە کە زۆر بە کەمی ووشە و سیمبۆلی ئایینی لە شیعرەکانیدا خۆی دەنوێنێ. لە دیوانی "تاریک و روون" دا لە یەک دوو جێگادا نەبێ، جێ پێی ئایین هەست پێناکرێ. تۆبە شکاندن ووشەیەکی ئایینییە کە خۆی بە سەر زمانی ئەمرۆشدا سەپاندووە. بۆ شاعیر شکاندنی پەیمان و بەڵێنی دەکا بە تۆبە شکاندن؟ هیمن شاعیرێکی ئایینی نەبوو و دیارەهیچ بە خەمی ئەوەوە نەبووە کە نەکا لە دین دەرچووبێت و تۆبەی شکابێت. ئەو تەنیا مەبەستی شکاندنی قەول و پەیمانێکە کە بۆ شکاندن نابێ. ئەو دەزانێ کە جوانی کەنیشکەکانی نێو هۆبە ئەوەندە بە هێزە کە راگرتنی قەولەکە بە تەواوی دەخاتە مەترسییەوە و سنوورەکان دەشکێنێ. بۆیە داوا دەکا کە بۆ بەردەوام مانەوەی بەڵێنی و پەیمانەکەی باشتر وایە نەچێ بۆ هۆبە. نەشکاندنی تۆبە لێرەدا ئێشارەیە بە خۆشەویستی و پەیوەندی ژن و پیاو، کە نابێ تا دوای مارە کران و زەماوەند تەنانەت دەستیشیان وە دەستی یەک بکەوێ. دووپات کردنەوەی "تۆبە" و "تۆبە نەشکاندن" سەرەرای مەبەستی شاعیر، بەها دەدا بەو نرخە.

## بەندەیی و ئایین

*ئەوا ئێستەش ئەی سۆفیای رۆح شیرین*
*با پێش ئەوەی هەردوو دەستی دوعاخوازیم هەڵبڕم*
*روو بکەمە ئارامگەکەی دیمترۆف*
(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم، ستوکهولم ۱۹۹۰، ل ۱۰۹)

*لە کڵێسەی ئەڤینتا،*
*بەندییەکەم گوێڕایەڵ*
*بە دەم نوێژەوە دەگریم،*
*دەگریم، دەکروزێمەوە*
(حەمە سەعید حەسەن، کۆمەڵە شیعری"نووسین بە بێ ووشە"، چاپی ئاپێک سالی ۱۹۹۹، ل ۳۵)

*لە چی دەچیت؟*
*کاتێک جەستەت بەرماڵێکە*
*دەردەکانم دەنێژێت*
(رەفیق سابیر، کۆمەلە شیعری "ئاوینە و سێبەر"،سالی ۱۹۹٦، ل ٤٥)

*ڕێگایەکان نامبەنەوە بۆ میحرابی پەیکەرەکانی جوانی*
(رەفیق سابیر، کۆمەلە شیعری "ئاوینە و سێبەر"، سالی ۱۹۹٦، ل ۸٦)

لەم شیعرانەی سەرەوەدا هەر سێ شاعیر سەرەرای دووری و نزیکییان لە باری سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە، وەکوو یەک لە سیمبۆلی ئایینی کەڵک وەردەگرن. شاعیر دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوەو دەس دەکا بە دۆعا کردن و پاڕانەوە. دەس بەرزکردنەوە بەرەو ئاسمان نیشانەی بێ باوەری ئینسان بە هیزی خۆی و سەلماندنی هێزێکی باڵادەست واتە خوایە. کاتیك خۆشەویستی دەخرێتە خانەی ئایینەوە، بەو کارە ئایین بەرز دەکرێتەوە. خۆشەویستی بە هۆی سروشتی بوونی خۆیەوە زۆر لە ئایین ناسراوتر و بە هێزترە. ئایین لە تەواوەتی ژیانیدا دژی خۆشەویستی سروشتی ئینسان بووە و بە هەزار جۆر هەوڵی داوە سەرکوتی بکا و سنووری بۆ دابنێ. کلێسە، کەنیسە، مزگەوت و مەعبەدەکان لەم رووەوە

جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە گەڵ یەک نییە و بە یەک ئەندازە دژی ئەڤین بەینی دوو مرۆڤ بوون. ئەڤین و کلیسا بە هیچ سرێشێک بەیەکەوە ناچسپێن مەگەر ئەوەی کە خۆشەویستییەک کە باسی لێدەکرێ لە گەڵ ئایین جیاوازی نەبێ یان هەر لە چوارچێوەی ئاییندا بگونجی. سەرەتاییترین شەرتی ئەڤین یەکسانییە بەینی دوو ئەڤیندارەکە. عاشق و معشوق دوو کەسن هاوتا، لە یەکدا دەتوێنەوە و دەبنە یەک بێ ئەوەی ئەمیان سەری ئەویان بخوات. لە خۆشەویستی دا بەندەگی نییە، نە عەبد هەیە و نە مەعبوود.

کلیساماڵی خۆشەویستی نییە، ماڵی ئیتاعە و سەردانەواندنە بۆ خوا. ماڵی ترس و هەرەشە و خورافەیە. نوێژ، بەڵگەی خۆشەویستی نییە بەڵکوو نیشانەی سەردانەواندن و قەبوولی ژێردەستە بوون و دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولای خوایە. نوێژکەر هەموو رۆژێ دەبێ دەستەوئەژنۆ راوەستێ و لە خوا بپاڕێتەوە کە ژیانی رەش نەکا، تووشی دەردو بەڵای نەکا، نانی لێنەبڕێ، زەلیلی نەکا و نەیخاتە ئاگری جەهەندەمەوە. ئەم ترس و بەندەگییە چۆن دەکرێ لە خۆشەویستی بچوێندرێ و چۆن دەکرێ لەشی گەرمی یار لە بەرماڵ بچوێندرێ، بەرماڵێک کە بۆ ئیتاعەتە، مەگەر ئەوەی کە ئەڤینەکەش هەر وەکوو ئایینەکە فڕی بە ئازادی و یەکسانی ئەڤیندارەکانەوە نەبێ و خوازیاری چۆکدادان و سەردانەواندنی کوێرکوێرانە بێ. حەمە سەعید حەسەن بە جوانی وینەی کلێسە و ئایینمان دەخاتە بەرچاو. مرۆڤی دیندار، بەندەیەکی گوێڕایەڵە و لە شەووڕۆژدا لانی کەم پێنج جار دەچێتە سەر بەرماڵ و دەگری و دەکرووزێتەوە و دەپاڕێتەوە. دیارە کە بە لای دیندارەکانەوە پەیوەندی نیوان دیندار و خوا بەرزترین خۆشەویستییە. قسەی من لە سەر رەد کردنەوەی خۆشەویستی ئایینی بە گشتی نییە. ئەوە مافی دیندارەکانە کە هەست و سۆزی ئایینی خۆیان بە خۆشەویستی بزانن. باسەکەی من لە سەر ئەوەیە کە خۆشەویستی ئایینی شتێکە و خۆشەویستی ئینسانی شتێکیتر.

*بە شیعرێکی تووڕەی درێژ*
*دەیانکەم بە پەڕۆی بێ نوێژ*

(حەمە سەعید حەسەن، "بۆ بازرگانانی رێگەی سوور"، چاپی ئاپێک ساڵی ١٩٩٨، ل ٢٥)

### *لە رووی لێشاوی مێگەلی چەواشەدا*

*سنووری نێوان شتەکان بەرماڵێکی بێ نوێژە*
(ڕەفیق سابیر، کۆمەڵە شیعری " ئاوێنە و سێبەر"، سالی ١٩٩٦، ل ٨٣)

لە شیعری سەرەوەدا، نوێژ پیرۆزە و شکاندنی ئەم پیروزییە بە پیسکرانی بەرماڵەکە دێتە کایەوە.کاتێک بەرماڵ بێ نوێژبێ، واتە پیس بێ، نوێژ دەچێ و قەبووڵ ناکرێ. بەڵام شاعیر لێرەدا بە سیمبۆلی نوێژ و بەرماڵ ڕازی نەبووە و بە چاویلکەی ئایین سەیری ژن دەکا. بۆچی چەواشەی بەر هێرشی شاعیر دەبێتە مێگەل؟ چەواشە لە لای مرۆڤی ڕاستی پارێز، دزێوە. مێ و مێگەل لە فەرهەنگی ئایینی و فیودالیدا بێ نرخن. ژن ژێردەستەیە، بە بێ عەقل و نەفام و گێل ناو دەبرێ و پلەی کۆمەلایەتیەکەی نزمە. لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا گەورەترین بێ حورمەتی کردن بە پیاو، بە ژن چواندنیەتی. "ژن" لە کوردیدا و لە هەموو فەرهەنگەکانی فیودالیدا جنێوە. بە پیاویك بڵێی "ژن"، خوێن بەپا دەبێ ئەگەر پیاوەکە "پیاو" بێ! شاعیریش لێرەدا بۆ هەرچی زیاتر بێ نرخ کردن و نزمتر کردنی "چەواشەکە"، دەیکا بە لێشاوی مێگەلی چەواشە. بەرماڵ بێ نوێژ دەبێ ئەگەر پیسایی وێبکەوێ. ژنیش وەک بەرماڵی بێ نوێژ، لە مانگدا لانی کەم یەک حەوتوو بێ نوێژدەبێ، واتە پیسە! ئایا کەڵک وەرگرتن لەو سیمبۆلە کۆن و پیس و دژ بە ژنە، نیشانەی دواکەوتوویی کۆنخوازی نییە؟

*ئەی عەشق*
*ئەی کەنیسەکانی شێتیم لەم جەنگەڵە فیرعەونیەدا*
*ئەی بەردەنوێژی بەجێماو لە جەنگاوەرە شکستەکان*
*ئەوەی لە ناو تۆدا دەمرێت منم*
(بەختیار عەلی، شیعری "عەشق"، وەرگیراو لە ماڵپەڕی نووسەر)

*لە سەر خوانی مەی و بە دەم مەستی عارەقەوە*
*بە ڕووتی سوژدەمان برد و هاوارمانکرد:*
*وای گوناه چ تەلیسمێکی گەورە و چ یاخیبوونێکی جوانە*
(بەختیار عەلی، شیعری "گوناه"، وەرگیراو لە ماڵپەڕی نووسەر)

عەشق لێرەدا دووبارە ڕێگای کەنیسەی پیشان دەدرێ و سەری پێدادەنوێندرێتە سەر بەردەنوێژ. ئەو عەشقەی کە وەک نوێژکەر دەبێ بە

چاوی بەستراوەوە سەرلە بەردەنوێژ بسوێ، عەشق نییە، ئایینە و دژی کەرامەت و حورمەتی ئینسانە وەکوو گیان لەبەرێکی وریا و وشیار.

## خوا و پێغەمبەر

*ئەی دۆزەخی خۆشەویستیم*
*واز لەم ئازارە مەهێنە*
*ئەو وەرزەی تۆی تیا نەبینم*
*خواش نابینم*
(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم، ل ١٦٩)

*پەیامبەرێ بووی*
*سکاڵای گەرم و هەناسە ساردی زۆرلێکراوانت*
*دەگەیاندە خوا.*
(حەمە سەعید حەسەن، کۆمەڵە شیعری"نووسین بە بێ ووشە"، چاپی ئاپێک ساڵی ١٩٩٩، ل ٦٥)

*سەرمان بە غەیب دەسپارد و لە بەر نووری خوداوەندا*
*گوناهەکانمان هەڵدەخست*
(رەفیق سابیر، کۆمەلە شیعری "ئاوێنە و سێبەر"، ساڵی ١٩٩٦، ل ٨١)

لە روانگەی مرۆڤی ئایینیەوە خوا دنیای خوڵقاندووە و ئاگای لە عالەم و ئادەمە. خوا ئەو هێزەیە کە دەسەڵاتی بە هەموو شتێک دەشکێ و نەبوو دەکا بە بوون و دەتوانێ هەرچی بوونە لە چاوترووکانێکدا تەفر و توونا کا. خوا نوور و رووناکییەو هەرچەن تاریکاییش هەر دەسکردی خۆیەتی. خوا دادپارێزە و بەدکاران سزا دەدا. خوا دەسەڵاتی موتڵەقە و لە سەرووی مرۆڤ و خواست و ویست و ئارەزۆکانی مرۆڤەوە وەستاوە. شاعیر کاتێک خوا وەکوو سیمبۆلی پاکی و دادپەروەری و رووناکی و خۆشەویستی لە شیعرەکەیدا دەناسینێ، وەکوو مامۆستایەکی ئایینی خوا دەکاتە میوانی بیر و زەین و هەستی خوینەرەکەی و بە ئاگا و نابەئاگا ژیانی دووبارەی پێدەبەخشێ. کاتێ شاعیر، مرۆڤێکی شۆرشگیر لە

پەیامبەرێک دەچوێنێ کە ناله و هاواری زۆرلێکراوەکان بە خوا دەگەیێنێ، بیر لەوە ناکاتەوە کە پەیامبەر، نوینەرێکی بێ ئیختیاری خوایە، خۆی قسەیەکی نیە و ئەگەر قسەیەکیشی هەبێ نەک بە هۆی ئەو قسانەوە، بەڵکوو تەنیا بە هۆی راگەیاندنی قسەکانی خوا بە مرۆڤایەتییە کە خەڵک رووی تێدەکا. کەوابێ چۆن دەکرێ شۆرشگێرێک کە دەیهەوێ دنیا بگۆرێ و خۆی بیرەوانێکە و گیانی خۆی لە سەر دەست داناوە بۆ رزگاری و ئازادی مرۆڤ، بکرێ بە پەیامبەر و خوا بکرێ بە ئاڵای رۆژی رووناکیەکەی؟

*کڵاشەکەم دەخەمە ژێر سەرم و دەنووم*
*دەنووم تا پێغەمبەرەکان زیندوودەبنەوە و کتێبی نوێمان بۆ دێنن*
(بەختیار عەلی، شیعری "ئەی نیشتمان"، وەرگیراو لە ماڵپەری نووسەر)

*ئیشی ئێمە فڕینە بۆ بەرزییەکی هێندە دوور*
*باڵ سوودی نەمێنێت*
*لەوێ بە پەنجە خوداکان دەژمێرین*
*لە ئاورنگی مەلەکوت دەدەین*
*لە ئاوی قیامەت دەخۆینەوە*
(بەختیار عەلی، شیعری "هێرشی کرێکارانی رووناکی"، وەرگیراو لە ماڵپەڕی نووسەر)

ئایا پێغەمبەرەکان دەتوانن کتێبێکی نوێ بۆ مرۆڤایەتی بهێنن؟ کتێبی پێغەمبەرەکان، هەمیشە کەلامی پیرۆزبووە واتە قسەی خوا. قسەی خواش وەک دەزانین بۆ قسە لێکردن نابێ. هەر کەلامێک کە بە پیروز بکرێ، لە سەرسەری مرۆڤ دادەنیشێ و دەست دەخاتە قوڕگی بۆ سەرپێدانەواندنی. جا ئەو کەلامە چ قسەی کەسایەتییەکی ئایینی بێ، چ کەلامی ئایدۆلۆژیکی گرووپێکی غەیرە ئایینی بێ و چ پرۆگرامی حزبێکی سیاسی بێت، لە گەڵ بە پیرۆزکردنیدا ئیتر مرۆڤ پارێزی و ئینسانخوازی خۆی لە دەس دەدات و دەمی ئازادی رەخنە و پرسیار و لێکولینەوە دەبەستێ.

لەم شیعرەی سەرەوە دا دلنیام کە مەبەستی شاعیر ئەوە نیە کە ئەو کتێبەی کە قەرارە بێت، کتێبێکی دواکەوتوانە و دژ بە مرۆڤ بێت. بەڵام مۆشکیلەکە لەوەدایە کە هیچ پێغەمبەرێک ناتوانێ کتێبێک بێنێ کە بە سەر خەڵکدا نەبێتە ملۆزم و نەبێتە زنجیرێک لە لاقیاندا. پێغەمبەربوون یەعنی

ڕاگەیاندنی فەرمانی دەسەڵاتێکی بەرزتر لە مرۆڤ بە خەڵک. پەیامێکی ئاوەها هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە، پەیامی خالقە بە مەخلووق. لێچواندنێکی ئاوا ئەگەر زۆر خاتریشی بگیرێ، لێچواندنێکی سەقەتە.

کاتێک مەلی خەیاڵی شاعیر باڵ دەگرێ و تا نیهایەتی باڵگرتن باڵ لێدەدا، دیسان دەگاتەوە بە خوا (و خواکان) و بە ئاوی قیامەت تینوایەتی دەشکێنێ. جا ئەوەو کە خواکان بە پەنجەی دەست لە ژماردن بێن جیاوازییەکی ئەوتۆ لە مەسەلە سەرکییەکە دا بەدی ناهێنێ. خوا هەر خوایە، چ تاق و بێ هاوتا بێت و چ چەن دانە شەریکی بۆ دابنرێت. چۆنە کە شاعیر ئاوەها لە سیمبۆلەکانی ئایینیدا گیر دەکا و ئاسۆیەکی بەری لە دەسەلاتی موتلەق و قیامەت، بەری لە فەرماندەر و فەرمانبەر نابینێ؟ بۆ دەبێ مرۆڤ هەمیشە ئاغایەکی بە سەرەوە بێ؟ ئەوە چ تێڕوانینێکە کە مرۆڤ دەخاتە ژێر ڕکێفی ئاغا و خوا و پەیامبەرەکانی دەسەڵات؟

## بانگ

*وەرنە سەر منارەی دەنگم و*
*"قەڵای دم دم" ێکی تازە*
*بخوێننەوە*
(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم، ل ٢٠٣)

*دیواری ترس و بێدەنگی درزێکی گەورەی تێ بووە*
*نەک کوولەکە، ئێستە بانگ لە کێودا ئەدرێ.*
(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم، ل ٢٦١)

*کەم کەس زانی*
*هەر هەمان شەو*
*بانگی شێوان...*
(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم ، ل ٢٦٩)

لە شیعری "من و هۆنراوە" (هەمان سەرچاوە، ل ٦٩) شاعیر ڕوو دەکاتە "بیلال و بانگی" وەکوو سیمبۆلێک لە شیعرەکەیدا. "بانگ"ی

ئیسلامی، بانگەوازی خەڵکە بۆراوەستان لە خزمەت خوادا، بۆ بەڵێنیدانی دووبارە کە غەیر ئەز "ئەڵلا" خوایەکی دیکە ناپەرستن، بۆ پارانەوە و داوای لێبوردنی سەدبارە، بۆ وەبیرخۆخستنەوەی دەسەڵاتی ترسناکی خوا و هیزی بێ پایان و تەفروتوناکەری.

ئەم "بانگە" بانگی ئازادی نیە، بانگی هەرەشە و زۆرداری و دەسەڵاتە. ئەوەی کە ئەم "بانگە" لە سەردەمی بەر لە بە دەسەلات گەیشتنی ئیسلامدا لە کوولەکەدا لێدەدرا، هیچ جیاوازییەک لە پەیامی "بانگە"کە دا بەدی ناهێنێ. بانگەکە چ ئێستا و چ ئەو کات لە ئینسان دەخوازێ کە سەری بۆ دەسەڵاتیکی بان لە خۆی شۆڕکاتەوە! ئایا پەیامی سەردانەوندن شایەنی بەپیرۆزکردنە؟ سێمبۆلی سەردانەواندن چۆن دەکرێ بە سیمبۆلی شۆڕشگێری دابنرێ؟ لێرەدا رووی باسەکە لە مرۆڤی ئایینی نییە کە مافی خۆیەتی ئایینەکەی بە پێروز بزانێ و بە پێی رێ و رەسمی دیاریکراوی ئایینەکەی ژیانی رۆژانەی بەڕێوە ببا. لێرەدا قسە لە سەر سیمبۆلەکانە نەک بۆ ئایینییەکان بەڵکوو بۆ تەواوی کۆمەڵگا کە قەرار نییە ئایینی بێ و لە سەر بناغەی ئایین دابنرێ. حکوومەتی ئیسلامی، مەسیحی، یهوودی، بوودایی... سیمبۆلەکانیان بە ئاشکرا لە ئایینەکەیانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو هونەرمەندەی کە نە باوەری ئایینی هەیە و نە خوازیاری دەسەلاتی ئایینی بە سەر ژیانی هاوبەشی کۆمەلایەتیدایە بۆ دەبێ لەو سیمبۆلانە کەڵک وەرگرێ؟

## حەیوان

*پیاوانی پووت*
*کەڵەشێرە بەزیوەکان*
(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم ، ل ٢٥٩)

*لە "دارۆغا"*
*پێشمەرگەکان وەک رەوەیەک*
*بەوری چاوتیژ...*
*ئەوسا هەر بۆ*
*پەند و عیبرەت*
*کلکی چەند جاشێکیان بڕی.*

(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم ، ل ٢٨٦)

*سەرانی کوردستان*
*بەرامبەر یەکتری، ڕەشمارن، دووپشکن*
*بەرامبەر داگیرکەر*
*قالۆنچەن، سیسرکن {.....}*
*دەنگ دلێر دەخوێنن*
*کەوئاسا بە لوتکەی چیاوە {.....}*
*بەرامبەر یەکتری پڵنگی جەنگەڵن،*
*بەرامبەر داگیرکەر، مەیموونی ناوباخی ئاژەڵن*
*سەرانی کوردستان*
*شێری ماڵ، ڕێوی دەر*
*تاژیلەی شکاری داگیرکەر*

(حەمە سەعید حەسەن، "دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم"، چاپی ئاپێک ساڵی ١٩٩٨ ، ل ١٦)

سەرانی حزبەکانی دەسەڵاتداری کوردستانی عیراق بەرلە ساغبوونەوەیان لەر سەر چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات و داراییەکانی کوردستان، دوژمنی ئاشکرای یەکتر بوون و هەزاران لاوی کورد لە شەڕی بەردەوامی ئەم دوو هێزە دژی یەک گیانیان لە دەس دا. هەزارن دایکی کورد کۆستیان کەوت و هەرڕۆژێک سێبەری مەرگ بە سەر دڵی هەزاران کیژ و کوڕدا ترسی دەناشت. لە گەندەڵ بوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم دوو حزبە هەرچی بگوترێ هەر کەمە. ئەو دەرد و بێزاری و نەفرەتەی کە شاعیر لە شیعرەکەی سەرەوەدا دەیدرکێنێ بە تەواوی بەرحەق و ڕەوایە. ئەو کارەساتانەی کە ڕابەرانی ئەم دوو حزبە تەنانەت بەر لە رووخانی سەددامیش خوڵقاندیان ئەوەندە دڵتەزێنن کە بە گەردوونێک لە رق و نەفرەتیش دانامرکێنەوە.

بەڵام حەشەرە و حەیوان چ گوناحێکیان کردووە کە بە ئاگری بەدکاری و مرۆڤکوژی ئەم دوو حزبە بسووتێن؟ بۆچی دەبێ ڕەشمار کە تا ئەوکاتەی ئێمەی مرۆڤ نەچینە سەرریگەی و گیانی خۆی لە خەتەردا نەبینێ هێرش ناکا، تاوانی ئەم دوو حزبە بدا؟ دووپشک کەی بە کەسەوە دەدا تا بە زۆرخۆت بە سەر ماڵیدا نەکێشابێ؟ شێر کەی لە ماڵی خۆیدا لە گەڵ منال و کەس و کاری خۆی ئەو مامەڵەیە دەکا کە هەندێک مرۆڤ

تەنانەت لە گەڵ کەس و کاری خۆیان دەیکەن؟ مەیموونی ناو باخی ئاژەڵ چ بەدکارییەک دەکا کە بتوانی بە مرۆڤکوژی و خۆفرۆشی ئەم حزبانەوە بیچوێنێ؟ مەیموون چی لە سیاسەت و بیر وبۆچوون و پلانی ئەم حزبانە دەچێ کە شاعیر ئاوا بەدناوی دەکا؟ ڕێوی مەگەر دەتوانێ بە جۆرێکی تر لەوەی کە هەیە، رەفتار بکا کە وا سووک دەکرێ؟ بەردی خۆڕانەگری و خۆدۆڕاندنی ئەم دوو حزبە لە مەیدانی خەباتدا بۆچی دەبێ بە ڕێوی بێچارە دابدرێ کە لە رووی ئەقڵێکی زاتییەوە خۆی لە دوژمنێک نادا کە هێزی پێ نەشکێ؟ کەو چ بکا کە لە قەفەسیان کردووە و بە تەنیا بە خاتری کەوبوونی واتە خوێندنی ئاسایی خۆی گیانی هاوڕەگەزەکانی پێ رەش دەکرێ؟ بۆ نەفرەتی راوچی ناکرێ کە کەوەکەی کردووەتە قەفەس؟ تازە کەوی بێچارەی ناو قەفەس زیندوو مانەوەی خۆی لە گرەوەی خوێندنی دایە. ئەو رۆژەی کە ئیتر لە قاسپە قاسپ بکەوێ هیچ زەمانەتێك بۆ گیانی خۆێشی نییە.

ئەگەر قالۆنچە نەبووایەن گوو تەواوی دنیای دادەگرت. قالۆنچە وەک ئاوڕوونکەرەوە، بەشێکن لەو گیانلەبەرانەی کە پیسی و پۆخڵەی ناو سروشت دەهاڕن و پاکی دێننە جێگای. بە بڕوای من ئەوە گوناهێکی گەورەیە کە قالۆنجە بەوجۆرە بشەمزێنرێ و سیسرک بە دەنگی تاریکەسەلات دڕی لە داری تاوانی مرۆڤکوژان بدرێ!

## زۆل و بیژوو

*تۆ باوەڕێکی راڕایت*
*زێوانی مێژوویەکی بیژوویت*
(رەفیق سابیر، کۆمەلە شیعری "ئاوێنە و سێبەر"، ل ٤٨)

*بارزانی وەجاخی کوێرە*
*تا ئەو مابوو پێ میم نموونەی باڵا بوو*
*ئێستا جیاوازی نێوانی پێ میم و جاش*
*وەک جیاوازی نێوان شمشاڵ و بلوێرە*
*بارزانی وەجاخی کوێرە!*

(حەمە سەعید حەسەن، "شمشاڵ و بلوێر"، کۆمەڵە شیعری "دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم"، چاپی ئاپێک ساڵی ١٩٩٨)

بۆ دۆزینەوەی مۆری ئایین و کاردانەوەی بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا، باشترین شوێن بێ مافی ژن و بێحورمەت کردنی ژن لە کۆمەڵگادایە. ژن ئاشکراترین بەڵگەی نائینسانی بوونی کۆمەڵگای پیاوسالاڕە. ئایین و پیاوسالاری وەها تێکەڵاون کە لە یەک جیاناکرێنەوە. دیارە ئایین بەر لە بە دەسەلات گەیشتنی پیاوسالاری وەکوو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیش هەر هەبوو. بەلام ئایین لە سەردەمی بەر لە پیاوسالاری لە گەڵ ئایین دوای سەقامگیربوونی پیاوسالاری جیاوازی گرینگیان هەیە. ئایین لە سەردەمی پیاوسالاریدا وردە وردە لە سروشت و خواکانی سروشتی دووردەکەوێتەوە و روو لە خوای تاک دەکات. خواکان دەبن بە خوایەکی تاک و بێ شەریک و نوێنەرەکەشیان لە سەر زەوی دەبێتە پیاو. پیاویش هەر بێ شەریک دەکرێ و دەبێتە ئاغای ماڵ و حاڵ. ئەوە دەسەڵاتی پیاوسالارییە کە ژن لە ماڵ دەپەستێوێ و وەکوو باقی داراییەکانی پیاو مامەڵەی لە گەڵ دەکات. مەسەلەی میرات و راگرتنی دارایی بنەماڵە لە چوارچێوەی "بنەماڵە" دا، ژن دەکاتە بوونەوەرێکی جێگەی مەترسی کە بۆ متمانە پێکردن نابێ. خوای ماڵ بە هەموو هێز و دەسەڵاتییەوە ناتوانێ لەوە دڵنیابێ کە ئەو باوکی منالەکانە. ئەوە تەنیا دایکە کە لە دایکبوونیدا هیچ شکێک نیە و تەنیا هەر ئەوە کە بە دلنیایی دەزانێ کێ باوکی منالەکانە. تەنیا رێگا بۆ دڵنیایی پیاوسالاری لە بەرە و نەوەی پیاوەکان، بەندکردن و یەخسیرکردنی ژنان، هەم لە چوارچێوەی ماڵ و هەم لە چوارچێوەی جنسیدایە.

ئایین دەبێتە پاسەوانی ئەم زیندانە بە هەرەشەی مەرگ و ئازار لە هەردوو دنیادا، ئەگەر بێت و ژن بە هەڵە بچێت و گوێ بداتە دڵی خۆی و خواستی سروشتی جنسی خۆی. ئایین پارێزەری مافی پیاوە بە سەرژندا، بە سەر سێکسی ژندا، بە سەر ئەدەب و مندالدان و سک و رووح و رەوانی ژندا. تەنیا ئەو منالانە مافی ژیانیان هەیە کە ئاغای ماڵ لە مندالدانی ژندا چاندوونی! ئایین زۆر بە ئاشکرا چوارچێوەی سیکس بۆ ژن و پیاو دیاری دەکا. پیاو بۆی هەیە هاوکات تا چوار ژنیشی هەبێ. لە بیرمان بێ  کە پیاو "ژن دەهێنێ" واتە خاوەنی ژنەکەیە. بەپێچەوانەکەی دروست نیە و ناکرێ. ژن بە شوو دەدرێ بەلام پیاو بە ژن نادرێ. ژن دارایی پیاوە، "ماڵ"ی پیاوە و دیارە کە تەنیا و تەنیا بۆی هەیە بەری

شووەکەی بێنێتە دنیا. هەر بەرێکی تر، بە نابەر حیساب دەکرێ و دەبێ لە بار ببردرێ دەنا ژن خۆی سەری تێدا دەچێ.
منداڵێک کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئایین و باوکسالاری بێتە دنیا، پێی دەگوترێ "زۆڵ"، "بێژوو"، "حەرامزادە". ئەم ناوانە مۆری مەرگی هەمە رۆژەن بۆ ئەو منداڵەی کە هیچ دەسەڵاتێکی نە بە سەر هاتنە دنیای خۆی دا هەیە و نە مافێکی بە سەر چوارچێوە ئایینی و باوکسالارانەکەوە هەیە. منداڵەکە سەرکوت دەکرێ بۆ شتێك کە مافی بە ئەوەوە نیە و لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوە دایە.
کاتێک شاعیر لە "بیژوو" وەکوو سیمبۆل بۆ نیشاندانی بەرهەمێکی نارەسەن کەڵک وەردەگرێ، بیهەوێ و نەیهەوێ تەف دەکاتە چاوی مناڵانی بە ناو "نارەسەن"، مناڵانێک کە مافی ژیانیان لێ دەستێندرێتەوە چونکە "حەرامزادەن"، چوونکە بە مەیلی خاوەنی ژنەکە نەبوون، چوونکە هەست و ویست و مەیلی ژن مافی هەبوونی نیە. بەکارهێنانی "زۆڵ" و "بیژوو" لە راستیدا تف کردنە لە کەرامەتی ژن وەکوو مرۆڤێکی سەربەخۆ و ئازاد. "بیژوو" یەعنی ژێرپێنانی هەست و خۆشەویستی ژن و سەلماندن و قەبووڵکردنی ئاغایەتی و دەسەڵاتی پیاو بە سەر ژن، بە سەر "خۆشەویستی"، بە سەر سیکس و بە سەر ژیان و ژیاندن دا.
دیارە مێژوو دەتوانێ ساختە و ناراست بێت و شاعیریش بە دلنیاییەوە هەر ئەمەی مەبەستە. بەڵام بە "بیژوو" کردنی مێژوو، بەردێکیش بە جەستەی شەتاڵی خوێنی مناڵانی خۆشەویستی نەدیتووی زادەی خۆشەویستی دادرێ! بەردێکیش دەخرێتە سەر دیواری سەر بە ئاسمان کێشاوی ژنکوژی و رەنجەرۆیی ژن.

لە سیستەمی پیاوسالارانە و باوکسالاریدا، تەنیا کوڕە کە دڵخوازە. ئەوە تەنیا کوڕە کە دەتوانێ بەر لە کوژانەوەی مەشخەڵی نەوەی باوک بگرێ. ئەوە کوڕە کە ئاڵای باوکسالاری لە باوکەوە بە میرات پێدەگات. ماڵی بێ کوڕ، ماڵی بێ ئاڵا و بێ مەشخەڵە. ماڵێکی تاریکە و لە سەرەولێژی مەرگدایە. ماڵ و خانەدانی بێ کوڕ، بێ وەجاخە، بێ ئاگرە! لە خۆڕانییە کە خەڵک بە خێرخوازییەوە بە ژنی مێردکردوو دەڵێن:"بە دایکی کوڕان بی" یان بە پیاو دەڵێن: "بە باوکی کوڕان بی". لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا، لە هیچ شوێنێکی دنیادا، نابیستی بڵێن: "بە دایکی

کچان بی"، یان بڵێن: "خوا کچت لێ نەستێنێ"! ژن وکچ لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا نە نرخیان هەیە و نە شایانی ئەوەن جەرگیان بۆ بسووتێنی. ئەگەر بێت و خوا بیانباتەوە، زەرەدێکی گەورە نییە! ئەوەی جێگەی پڕناکرێتەوە، کوڕە. کوڕ ئاگری بنەماڵەیە. کوڕ تەنیا زامنی بەردەوامبوونی نەوەی پیاوە! هەربۆیەش دەڵێن بنەماڵەی بێ کوڕ "وەجاخی کوێرە"، واتە ئاگردانەکەی کوژاوەیە!

هەر کەسێک مافی خۆیەتی هەزار رەخنەی لە بارزانی، تاڵەبانی، بووش، و هەر مرۆڤێکی باش و نەباش، هەبێ. بەڵام ئەو رەخنەیەی کە بە نێوی "وەجاخ کوێرییەوە" دەخرێتە پاڵ بارزانی، بەردەکەی بەر لە بارزانی و کورەکانی بارزانی، ژن دەئەنگێوێ. "بارزانی وەجاخی کوێرە" یەعنی کوڕەکانی بارزانی، کوڕ نین! واتە ژنن! وەجاخی کوێر و ئاگردانی کوژاوە لە کۆتاییدا دەبێ بە ژن. بارزانی بە ووتەی شاعیر کوڕەکانی ژنن. ژنیش لە فەرهەنگی پیاوسالارانەدا وەکوو دەزانین هیچ و پووچ و بێ قیمەت و بێحورمەتە. مەبەستی شاعیر لە شیعرەکەیدا جنێودانی راستەوخۆ بە ژن نیە بەڵکوو بەدناوکردنی کوڕەکانی بارزانییە. موشکیلەکە لەوەدایە کە "ژن" خودی جنێوەکەیە و تف لە ژن دەکرێ!

## زەوتکردن

*وڵات منداڵێکی برسییە*
*لە پێکەنین و گڕو گاڵ کەوتووە...*
*بێوە ژنێکە*
*پیاوێک و شاعیرێکی دەربار پێکەوە زەوتی دەکەن*
(رەفیق سابیر، کۆمەڵە شیعری ئاوینە و سێبەر، ل ٦٨)

لە روانگەی پیاوسالارییەوە ژنی بەرێز و بە حورمەت ئەو ژنەیە کە خاوەنی هەیە. ژنی بێ شوو قەدر و قیمەتی دەشکێ و نرخی کۆمەلایەتی دەسبەجێ دادەبەزێ. "بێوەژن" لەو فەرهەنگەدا مڵکی بێ ساحەبە، زەوی بێ پەرژینە و هەرکەسێ بیهەوێ دەتوانێ خۆی بە سەردا بکێشێ و لەززەتی لێ ببات. لەو فەرهەنگەدا ئەوە تەنیا ماڵ و مڵک و داراییە کە زەوت دەکرێ. لە روانگەیەکی ئینسانییەوە زەوت کردن هەر زەوت کردنە

سەرەڕای جنسیەتی خاوەنەکەی. بەڵام لە کولتوری پیاوساڵاریدا زەوتکردنی پیاو هەبوونی نییە. نەک بەهۆی ئەوەی کە هیچ پیاوێک لە مێژووی ئەو فەرهەنگەدا زەوت نەکرابێ بەڵکوو بە هۆی ئەوەی کە پیاو بۆ زەوتکردن نابێ! پیاو سیمبۆڵی دەسەڵات و هێزە. دەسەڵات نابێ لە زەوتکردن بێ دەنا ئیتر دەسەڵات نییە. هەربۆیەش گەورەترین بێ حورمەتی لەو فەرهەنگەدا زەوتکردنی "ژن"ی کەسێکە. بێ حورمەتییەکەش کەمتر دەگەڕێتەوە سەر سووکایەتی بە گیان و لەش و رووحی "ژنە"کە خۆی، بەڵکوو دەست درێژی کردنە بۆ "مال"ی پیاوێک. دەستدرێژی کردنەکە بە مانای هیچ و پووچ بوونی پیاوەکەیە کە نەیتوانیوە، "ماڵەکەی" بپارێزێ!

ئەو شاعیرەی کە وڵات دەکا بە بێوەژن و بە پیاوێکی دەربار بە زەوتکردنی دەدات، خۆی چرای سەوزی زەوتکردن و بێ قیمەت کردنی ژن دادەگیرسێنێ. "ژن" لەو شیعرەدا، مرۆڤێکی پلە نزمە، چون بە پێوانەی پیاوسالاری هەڵدەسەنگیندرێ. ژنی بێوە، ژنی بێ ساحەب، واتە ژنی لە ژن کەمتر! هەر وەک لە پیشتردا وترا، لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا "ژن" خۆی جنێوە، چونکە نرخی کۆمەلایەتییەکەی لە نزمترین ئاست دایە. کاتێک شیعرەکەی سەروە بە زمانی سیمبۆلەکانی پیاوسالاری و ئایینەوە دێتە قسە کردن، کەمترین کارێك کە دەیکات گیانبەخشینی دووبارەیە بە فەرهەنگی دژ بە ژن.

هەروەک ووترا، فەرهەنگی پیاوسالار و ئایینی، زمان و سیمبۆلی تایبەت بە خۆی هەیە. بەکارهێنانی سێمبۆلەکانی فەرهەنگی دژ بە ئینسان بە گشتی و دژ بە ژن بە تایبەتی، شیاوی ئینسانی ئەمرۆ نییە. کەڵک وەرگرتن لەو سیمبۆلانە بیحورمەتی کردنە بە مرۆڤ و دەبێتە هۆی درێژەپێدان بە تەمەنی ئەو سیمبۆلانە و نرخە نامرۆڤانەکان. پاڵاوتنی زمان لە ووشە و سیمبۆلی کونەپەرستانە یەکێک لە ئەرکەکانی نووسەران و هونەرمەندانی پێشرەوە. دیارە ئەو ئەرکە لە پلەی یەکەمدا دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام ئەوە لە بەرپرسبوونی پێشرەوانی کۆمەلگا بە گشتی و شاعیر و نووسەر و هونەرمەند بە تایبەتی کەم ناکاتەوە.

## بەرهەمەکانی نووسەر:

١- شۆڕشی سوور (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ١٩٧٩ ئێران
٢- یەک دەققە بێدەنگی (کۆمەڵە شیعر - فارسی)، ١٩٨٦سوید
٣- نا نەتناسیوم داگیرکەر (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ١٩٨٨سوید
٤- مام حەمە بۆتە کۆمۆنیست (شانۆ شیعر - کوردی)، ئینتشاراتی پویا ١٩٨٩، کوردستانی عیراق
٥- مناڵی ناو خوێن و ئاگر (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٠، سوید
٦- تۆفان (کۆمەڵە شیعر- کوردی )، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٣، سوید
٧- جهان نمای مضحک (کۆمەڵە شیعر - فارسی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٣، سوید
٨- ئاهەنگی ئازادی و ئەڤین (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٥، سوید
٩- ئاو و هەتاو (کۆمەڵە شیعر بۆ مناڵان - کوردی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٥، سوید
١٠- پووره من من (چیرۆکی مناڵان - کوردی)، ئینتشاراتی کانوونی هونەر و ئەدەبیات ١٩٩٦، سوید
١١- کۆمەڵگای فرەکولتووری و ئاپارتایدی دیموکراتیك (رەخنەی کۆمەڵایەتی - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٧، سوید
١٢- بیشارەوە! (کۆمەڵە شیعر - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٧، سوید
١٣- بۆ دوارۆژێکی روون (کۆمەڵە شیعر - فارسی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٧، سوید
١٤- لە رەگەوە (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ئینتشاراتی هانا ١٩٩٧، سوید
١٥- کۆترەکانی لە خوا یاغی (کۆمەڵە شیعر - کوردی)، ئینتشاراتی هانا

١٩٩٧، سويد
١٦- بۆ ژیان و بۆ ئازادی (لێدووانێک لە سەر بەرهەمەکانی چوار کاریکاتریست)، ئینتشاراتی هانا ٢٠٠٤، سوید
١٧- خوا و خەتەنە، ئایین چی بە سەر منالانەوەیە؟ (رەخنەی کۆمەلایەتی - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠٠٤، سوید
١٨- چارشێو، یەکسانی یان سەرکوتی ژن؟ (رەخنەی کۆمەلایەتی - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠٠٥، سوید
١٩- ئایا ئەوانیش مرۆڤن؟ (رەخنەی کۆمەلایەتی - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠٠٦، سوید
٢٠- کاتێ ووشەت پێ نامێنێ (کۆمەڵە شیعر - سویدی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠٠٧، سوید
٢١- شعری برای تو (کۆمەڵە شیعر - فارسی)، ئینتشاراتی هانا ٢٠١١، سوید

بۆ ئاگاداری سەبارەت بە چۆنیەتی وەدەست هێنانی ئەم کتێبانە دەتوانن سەیری ماڵپەڕی هانا بکەن یان راستەوخۆ بە ئادرەسی هانا نامە بنێرن:

Hanaförlaget
Box 62
42422 Angered / Sweden

Tel. (+ 46)0704441578
(لە دەرەوەی سوید سیفری یەکەمی بەر لە حەوتەکە نابێ بگیرێ)
www.hana.se
info@hana.se